**جەنگ وەک ئامرازێک بۆ سیاسەت و ئابوری**

پرۆفیسۆر د. سالار باسیرە لا28

**چارەسەرکردنی قەیرانەکانی باشووری کوردستان و رۆڵی پێشەنگایەتی**

دیار غەریب لا22

**دەستهەلات بویە هەرەشە ل سەر دەستکەڤتێن خەلکێ باشور.**

سەید ئەکرم لا53

# ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە


٧

ساڵی یەکەم

ژمارەی حەوتەم

6-7-2016

پوشپەڕ

٢٧١٦




**عەلی حەمەسالح**

**ناعەدالەتی تاسەریش نابێت**



## ساڵح موسلیم؛

## بەرخۆدانی رۆژئاوا بەرخۆدانی هەموو کوردە

# ناوەڕۆک

## هەرنوسینێک گوزارە لە رای نووسەر خۆیەنی



تازەگەریی دیموکراتیی وەک ئەڵتەرناتیڤی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی رەخنەیەک لە هزری: ئۆجەلان

سیڤان سەعید ٣٦



پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان

رێکەوت ئیسماعیل ٤٩



داهاتی زۆر؛
گەلی هەژار و سەرۆکی دەوڵەمەند

دیاری خالید ١٤




روانینێک لەسەر رەوشی ئە مرۆی ئابووری کوردستان

د.محمد گەناوی ١٨

شەڕی ئەهریمەن و ئاهورامەزدا، فریاد رەسی ئاشتی و پێکەوە ژیان سەردەکەوێت ؟!



کوردۆ شوانی لا48




خاوەن ئیمتیاز:

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)

سەرنووسەر:

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

دەستەی نووسەران:

د.سالار باسیرە — سەردار ستار

بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی

کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

ڕاوێژکاری یاسایی:

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان. سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge

تیراژ (١٠٠٠) دانە

نرخ (١٥٠٠) دینارە

## لە سەرنووسەرەوە

# سیاسەتی بەر لەخێڵ و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان

باشووری کوردستان لەبارودۆخێک ئەگوزەرێ پێناسە کردنی سەختە، چونکە سیستەمێک نیە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بگوترێ حزبگەرایی هەیە، ئەوا راست نابێ، چونکە لەهەرێمی کوردستان حزب نیە، بەتایبەت دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەچوارچێوە بەر لەخێڵ بەڕێوەدەچێت، واتا سیستەمی بنەماڵەگەریە لەخوار خێڵە هێشتا نەگەیشتوونە خێڵ، چونکە خێڵ قۆناخێکی لەپێشترەو دەتوانرێ لە رێگای خێڵەوە هەندێک سیاسەتی فروانتر بکرێ.

بێگومان کاتێک باسی خێڵ و عەشیرەت ئەکرێ لە کوردستان وەک دیاردەیەکی نامۆ بەکۆمەڵگە باسی ناکەین، بەهەمان شێوە بنەماڵەگەریەنیش لە کوردستان شوێنگەی خۆی هەیە، بەڵام هەمووماان ئەوە دەزانین ئاستی پێگەیشتووی ئەمڕۆی کۆمەڵگە ناتوانرێ لە رێگای بنەماڵە و خێڵەوە بەڕێوەبچێ، پێچەوانە پێویستە مۆدێل و سیستەمی بەڕێوەچوون بگۆڕدرێت. قەیران و ئاڵۆزیەکانی هەرێمی کوردستان کە سێ ساڵی پڕکردەوە رۆژدوای رۆژ قوڵتردەبنەوە، ئاسۆی چارەسەریش بۆ کێشەکان دیارنیە، بەتایبەت مووچە و قووتی خەڵک، واتا قەیرانەکان نەک تەنها سیاسیە، بەڵکو ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووریین، دەتوانین بڵێین لەبنەڕتدا قەیران قەیرانی سیستەمە، واتا هەمە لایەنیە. دەبێ بپرسین ئەو دەسەڵات و سیاسەتەی کە بەڕێوەدەچێت دەتوانێ ئەو قەیرانانە چارەسەر بکات، بێگومان سەختەو ناتوانێ، چونکە قەیرانی ئەگوزەرێت قەیرانی سیستەمە، سیستەمیش سیستەمی بەر لە خێڵە، بۆیە ناتوانێ شوێنی هەموو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی تێدا ببێتەوە، جا ئەگەر تەنها خێڵ سەرۆکایەتی بکردبوایە ئەویش تا شوێنێک ئاسایی بوو، چونکە خێڵ هەندێک نرخی هاوبەش و بەرژەوەندی و ویژدان و ئاکاری جوانی هەیە، بەڵام دەسەڵات و بەڕێوەبردن و ئیدارەی هەرێم کەوتۆتە ژێر رکێفی هێزە هەرێمیەکان بەتایبەت تورکیا و ئێران، ئەوانیش بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵی ئەسوڕێنن، زۆرباسی ئەوە دەکرێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن نارەوایە، چونکە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بە تانک و تۆپی بەعس گەڕاوەتەوە سەر کورسی دەسەڵاتی هەولێر، بەڵام ئەو پێناسەیە کەمە لەبنەڕەتدا ئەو دەسەڵاتە لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێک یەکەمین بڕیاری لەدژی هێزێکی شۆرشگێڕی لەکوردستان دەرخست، لەوێ رەوایەتی خۆی لەدەستداوە، چونکە هیچ پاساوێکی رەوای نەبوون، بۆیە دواتر ڕەوایەتی پێدراو لە ساڵانی دواتر بەجۆرەها شێوە شەڕبکرێ لەدژی بەرژەوەندی باڵای کوردستانی. ئەمڕۆکەش کاتێک دەسەڵات رەخنە دەکرێ پێویستە بە هەناسەیەکی حزبی و خێڵەکی و لەپێناو بەرژەوەندی کەس و لایەن نەبێ. ئەمەش گۆڕانکاری و وەرچەرخان دەکاتە ئەرک لەم هەرێمە، لەسەر بنەمایی دیموکراتی و سەردەمیانە.

دەبێ بگوترێ گۆڕانی دیموکراتیانە چۆن دەتوانێ نان و مووچە و ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هاوڵاتیان و خەڵکی کوردستان دابین بکات؟؟ بێگومان ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێت سیستەمی سیاسی و ئیداریە، ئەگەر گۆڕانکاری لەمەدا کرا بێگومان قوت و مووچە و ژیانی خەڵک دابین دەکات. ئەوکات لایەنێک بەتەنها ناتوانێ رێکەوتنی پەنجا ساڵە لەگەڵ دەوڵەتی تورک واژۆ بکات و ئەمەش ببێتە هۆکار تاکو بەغدا ئابلۆقەی ئابووری بخاتە سەر هەرێم و مووچە پێشمەرگە و فەرمانبەر نەنێرێت. لەلایەکیتر تورکیا ١١ مانگە سنوری هەرێمی کوردستان تۆپباران و بۆمباران دەکات، بەڵام حکومەت هیچ کاردانەوەیەکی نیە، ئەو کاردانەوەی کە نیشانیشیدا داوای دەرخستنی پەکەکەی دەکرد لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان!! بەڵام کاتێک ئێران تۆپبارانی هەرێم دەکات بەتوندترین شێوە بەیانامەی لەدژ دەردەکرێت، هەموو کەسیش قسە لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو هێرشانەی حدکا بۆسەر ئێران لەئەنجامی رێکەوتنێکی نێوان سعودیە و پارتیە، تاکو فشار بخەنە سەرئێران و سنورێکی بۆ دابنێن.

بۆیە لەئێستادا دەسەڵات و ئەحزاب و شێوازی بەڕێوەبردن لە هەرێم بارگرانین لەسەر خەڵک و سەرەڕای ئەوەی دروستکەری قەیرانن، هەمانکات لەناو بێ چارەیشدا ئەخولێنەوە، بۆ ئەمەش باسی ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردی ئەکەن کە دەیانەوێ بێ چارەی قوڵتربکەنەوە. لەناو ئەو بێ سیستەم و قەیرانە جۆربەجۆرانە بێگومان گۆڕانکاری و وەرچەرخان و دانانی سیستەمێکی دیموکراتی و ئازاد و یەکسان و کە پێکەوە ژیانی دیموکراتیانە بکرێنە ئەمانج سەنگی مەحەک.

# ساڵح موسلیم: پێشمەرگە و یەپەگە دەتوانن پێکەوە هاوکاری یەکبن



ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکرات پەیەدە

ئا- ئازادی کۆمەڵگە

**ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی پەیەدە لە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە سەبارەت بە پشتگیرییەکانی باشوور بۆ رۆژئاوا دەڵێت: ئارامی باشوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ناشڵێین باهەموو وەک یەک بیربکەنەوە مادام پارتی سیاسین ئەوانیش مافی خۆیانە چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام بۆ ئەو تیکۆشانەی ئەمڕۆ لە کوردستان بەڕێوەدەچێت پێویستە هەموو پێکەوەبین. هەروەها پێشی وایە ئەو نزیک بوونەوەی گۆڕان و یەکێتی ببێتە دەست پێشخەرییەک بۆ دروست بوونی گۆنگرەی نەتەوەی کوردستان.**

- **ئازادی کۆمەڵگە: بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان و سوریا چۆن هەڵەسەنگێنن؟**

ساڵح مسلم: وەک دەزانن لە سوریا ئادێت شەڕ بەرفراوان دەبێت، بێگومان بەشێکی لەوانە مەسەلەی کوردە، ئائێستاش کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا شەڕیش بەردەوامە لەلایەکی ترەوە ئێمە برینی خۆمان ئیماردەکەین، جێی وەک کۆبانێ، سەریکانی.....هتد، هەڵوەشاوەنەوە، ئائێستاش وەک دەزانن لە مەنبج شەڕە و شەڕی ئەویش بۆ ئازادکردنی ئەو هەرێمەیە کە دەکەوێنە نێوان کۆبانێ و عەفرین کە شەڕێکی دژوار لەو ناوچەیە بەڕێوەدەچێت، لەلایەکی ترەوە هەموو رۆژێک شەهیدمان هەیە،لە کانتۆنی جەزیرە، کۆبانێ و عەفرین، لەلایەکی تریشەوە ئاوەدان کردنەوە و بەتەواوی ئەمانە بەردەوامی ئەمانە هەیە وەنا دێنیش رەوش باشتردەبێت و ئادێت قورسییەکی کورد هەیە ئەمەش شتێکی باشە لەم کاتە مێژوویەدا، کەتا ئێستا کوردەکان پێشتر بەو شێوەیە نەکەوتبووە بەرچاوی جیهانەوە، لەلایەکی ترەوە لەلایەن هێزی نێونەتەوەییەوە ئێکەڵاویان لەگەڵ کوردەکان دەکەن لە ئاستی شەڕدا هێزە نێونەتەوەییەکان شەڕی دژبە داعش دەکەن، لەلایەکی ترەوە نێوانی ئەوان و هێزەکانی سوریای دیموکرات زۆر باشە ئەمەش بۆ کورد شتێکی نوێیە و بەم شێوەشە بەردەوامە، قورسای کوردان و پرۆژەی کوردان ئادێت لەلایەن هێزە نێونەتەوەییەکان قبوڵدەکرێن ئەوەش باشە لەلایەن ئەوانەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: دەوڵەتە ئیقلیمەیەکان بەتایبەت تورکیا پاشانیش سعودی و قەتەر چیان لەسوریا دەوێت، ئەم دەوڵەتانە چیان لە کورد دەوێت؟**

ساڵح مسلم: ئائێستا هیچ هێزێک و لایەنێک لەسەرەتادا نەیانوتوە کە چیان دەوێت. ئێمە دەمانەوێت وەک تورکیا بێت یان وەک قەتەر و سعودییەبێت، کەسێک ناڵێت ئێمە سورییایەکی چۆنمان دەوێت؟. بەڵام شتێک و ترابێت نەنیا با رژێم بڕوات نموونەش نەک تەنها رژێم هەڵوەشاندنەوەی سوریا بەم شێوەیە و بە هەزاران کەس کوژران و بەملیۆنان کەس نووشی کۆچبەری بوو، ئەگەر سوریا هەڵوەشێت و هەڵنەوەشێت چ سوودێکی بۆ وڵاتانی قەتەر، تورکیا، سعودییە هەیە؟ بۆیە کێشە نەک تەنها گۆڕینی رژێمە و هەریەکەشیان بۆ خۆیان پرۆژەیەکیان هەیە نمونە پرۆژەکەی تورکەکان بۆ لەناوبردنی کوردان بوو، پرۆژەی سعودییە و قەتەر رەنگە بۆ نەوت و غاز بوو بێت، لەوێوە دەربازی سنورەکانی ئەوروپای بکەن، دەیانویست سوریا

لەسەر پرۆژەی خۆیان نوێبکەنەوە، دوای نەڕۆشتنی رژێم، کە ئەوان وابیریان دەکردەوە کە دوای شەش مانگ یان ساڵێک رژێم بڕوات بەتایبەتیش تورکیا کە لەسەرەتادا پشتگیری خۆی بۆ سەلەفییەکان و دامەزراندنی داعش تەنیا ئامانجی نەهێشتنی کوردەکان بوو وەک دەشزانین لە شەنگالەوە دەستی پێکرد لەموسڵ و هێرش کردن بۆسەر رۆژئاوا، واتە نەڕۆشتنی رژێم و بەرخۆدانی کوردان تەواوی پرۆژەکەی ئەوانی تێکدا تائێستاش سعودییەو قەتەر هەر بەنیازی ئەوەن رژێم بڕوات، لەلایەکی ترەوە تورکیا ویستی کوردەکان لەناوببات، بەڵام ئەویش نەبوو، بەڵکو رۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتندان، هەربۆیە هەمووان ئەمەیان لەبەرچاوە و بەشوێن چارەسەرییەوەن، لەم نێوەندەشدا حسابی نێونەتەوەیی هەبوو لەسەر سوریا کەچۆن سوریا بخەنە بەرژەوەندی خۆیانەوە ئەوانیش حیسابیان لەبەرچاوە و تائێستاش بەڕوونی دیارنییە چ ئامانجێکی تریان هەیە، لەسەرەتادا روسیا دووراو دوور هاوکاری رژێمی دەکرد، بەڵام ئێستا روسیا بۆخۆشی کەوتۆتە ناو سوریاوە، هەربۆیە حسابی ئەوانیش تێکەڵاو بووە، بۆیە بەشوێن چارەسەرییەوەن کەچۆن چارەی بکەن و ناشتوانن تائێستا چارەی بۆ بدۆزنەوە، هەربۆیەش لەناو هەموو هێزەکاندا تەنانەت هێزە ناوخۆی و دەرەکییەکان لە ناو ئەوانەدا کە پرۆژەیەکی باشیان بۆ سوریا هەبێت، تەنها پرۆژەی ئێمە هەیە پرۆژەی کوردانە بۆ داهاتوو، بۆیە ئێستا هەمووان بێدەنگن تاکوێش دەڕوات بەڕاستی ئێمەش نازانین.

- **ئازادی کۆمەڵگە: دوای کردنەوەی نوێنەرایەتی خۆبەڕێوەبەرایەتی دیموکراتی رۆژئاوا لە وڵاتانی ئەوروپا، ئێستاش ئامادەکاری کردنەوەی نوێنەرایەتی ئەمریکا ئەکەن، کاریگەریان چیەبێ لەسەر چارەنوسی رۆژئاوا؟**

سالح مسلم: بەڵێ ئەوەی لە رۆژئاوا رویدا سەرەتا پاراستنی رۆژئاوابوو تا رژێمان دەرخست، دوای ئەوە بینیمان گەل بەڕێک خستن نابێت بۆیە دەبێت سیستەمێک هەبێت بۆ ئەوەی گەل بتوانێت خۆی بەڕێوەببات، بۆ ئەمەش خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دروست بوو لە سێ کانتۆندا. بۆ ئەوەی بیناسێنین بە لایەنی ناوخۆی و نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرایەتییەکامان دامەزراند، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانیشەوە باش بیدەین بەناسین، بۆ ئەمەش نوسینگەیەک لە مۆسکۆ و بەرلین و پاریس کراوەتەوە و ئێستاش ئامادەکاری ئەوەدەکرێت لە شارەکانی تریش بکرێنەوە بۆ ئەوەی زیاتر کورد و پرۆژەی کوردان بناسن، هەندێکیش وابیردەکەنەوە کەئەمە پارچەبوونێک دەبینن، بۆیە ئەمە هیچ پارچەبوونێک نییە، بەردەوامیش دەبین لە زۆرترین شوێن نوسینگە بکەینەوە و رەنگە لە داهاتوشدا لە ئەمەریکاش نوسینگەیەک بکەینەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: سێیەمین کۆبوونەوەی جنێفیش تێپەڕی، بەڵام کورد بەشداری پێناکرێ، ئایا ئەمە سیاسەتی دووڕووی دەوڵەتان نیشان نادات لەبەرامبەر رۆژئاوای کوردستان؟**



سالح مسلم: لە دووڕووی زیاتر شتی ترهەیە، کاتێک ئاڵۆزییەکانی سوریا دەستی پێکرد «کورد هەیە نییە کەس حسابی بۆ نەدەکردن» لە خەیاڵی نێودەوڵەتیشدا هیچ حسابێکیان بۆ کورد نەدەکرد، ئێستا دەوڵەتێکی هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی هەتا تورکیا و سعودییە و قەتەریش ئامانجیان لەناوبردنی کورد بوو، بۆیە هیچ حسابێکیان بۆ کورد نەکردبوو، دوای ئەو بەرخۆدانەش وەک وتم پێشکەوتنی کوردان و نەڕۆشتنی رژێم و بەرخۆدانی گەلی رۆژئاوا شتێکی نوێ هاتە ئاراوە. بۆیە ئەوانیش بەو ئاسانییە پێشوازی لێناکەن، بۆیە تێکۆشانێکی پێویستە و ئێمەش ئێستا تێدەکۆشین ئەمڕۆش گەیشتۆتە ئاستێک ئەتوانین بڵێین دوای ئەو بەرخۆدانەی کەبە هەزارەها شەهیدمان هەیە لەبەرانبەر سەلەفییەکان و داعشدا، کورد بەتەواوی رووبەڕووی بویەوە، چونکە خۆیان بەڕێکخستن کردبوو یانی ئەو رێکخستن

بوونەی کوردان کەتوانیان بەرگری و بەرخۆدان ئەنجام بدەن. بانگ نەهێشتنیشیان بۆ جنیڤ، دەتوانین بڵێین کێن ئەوانەی نایانەوێت بەشداری جنێڤ نەبین، کەسانێک کەئەیانەوێت

## ئیدی سوریا ناگەڕێتەوە سەردەمی دیکتاتۆری و رژێمی دەسپۆتی بەعس

کورد نەمینێت یان لەپرۆژەی ئەواندا بۆ رۆژهەڵاتی کە کورد بەشداری جنێف نەکات، تورکیا بوو هیچ جارێک تورکیا حیسابی بۆ کورد نەکردوە، هەروەها تێکەڵاوی نێودەوڵەتیش هەیە لەبەر ئەوە قبوڵکردنی کورد کەمێک زەحمەتە، یانی ئامادەبوونی کورد لە جنێف داو لەژێر چەتری نێودەوڵەتیدا ئەوە ناساندنێکی سیاسیە لەبەر ئەوە هەندێک حیزب ئەوە قبوڵناکات یەکێکیش لەوانە تورکیایە، بۆ ئەوەش ئاستەنگی دەردەخەن و نایەڵن بەشداربین لە بەهارەوە ئێستاش لە هەموو لایەک ئاشکرایە کە هیچ چارەسەریێک بێ کورد لە سوریادا نابێت، ئێستاش بیردەکەنەوە چۆن کورد بەشداربکەن و ئێستاش گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە چۆن بەشداریمان لەم پیواژۆیەدا بکەن.

- **ئازادی کۆمەڵگە: سیستەمی فیدراڵی باکوری سوریا چۆن لەلایەن وڵاتانی دەرەوە پشتگیری لێدەکرێت؟**

سالح مسلم: پرۆژەی ئێمە پرۆژەیەکی بەهێزە و پرۆژەیەکی دیموکراسیەو داهاتووی سوریاشی تێدا دەبینین، بەڕای ئێمە ئیدی سوریا ناگەڕێتەوە سەردەمی دیکتاتۆری و رژێمی دەسپۆتی بەعس، کەواتە سوریایەکی چۆن دەبێت؟ سوریایەک بێت هەموو نەتەوە، ئاین و ئاینزا و باوەڕە جیاجیاکان بەئازادی و دیموکراسی پێکەوە بژین. بۆ ئەمەش پرۆژەیەکی ترنیە تەنیا پرۆژەی ئێمە هەیە، کاتێک دەڵێین پرۆژەی ئێمە فیدراڵیە کەس ناتوانێت بڵێت خراپە، چونکە سیستەمی فیدراڵی لەو شوێنانەیی هاتۆتە دامەزراندن ئێستا ئارامترین شوێنن. دوو هێزیش هەیە کە سەرقاڵن بە چارەسەری سوریاوە یەک ئەمەریکایە و ئەویتریش روسیایە، ئەوانیش هەردووکیان فیدراڵین بۆ ئەوەش کەسیان ناتوانن شتێک بڵێن، بەڵام ئەو فیدراڵییە چۆنبێت فراوان بێت یان تەنگ بێت و مەرجەکانی چیبێت لە نێو سوریا خۆمان دەتوانین دەستنیشانی بکەین. پرۆژەکەشمان پرۆژەیەکی باشە بۆ سوریا و گەلانی سوریا، هەروەها کەسیتریش نییە تا پرۆژەی تر پێشنیار بکات. بۆیە دوربێت یان نزیک هەموو هێزە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەم پرۆژەیە کۆک دەبن و سوریایەکی فیدراڵی دادەمەزرێت.

- **ئازادی کۆمەڵگە: هەبوونی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە رۆژئاوا لەچوارچێوەی پرۆژەی سیاسی ئێوەیە؟**

سالح مسلم: ئەمڕۆ شەڕێک لەبەرانبەر داعش هەیە، داعشیش بۆخۆی هێزێکی چەتەی نێودەوڵەتیە هەموو کەسیش دەتوانێت بەرانبەری شەڕ بکات داعشیش تەنیا لەسوریا نییە، بەڵکو لەچەند شوێنی تریش هەیە، ئەوەش ئاشکرایە ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر خاکی رۆژئاوا شەڕ دەکەن کوردن، سوریای دیموکراتیکە کەکوردیشی تێدایە. هەندێک هێزیش هەیە دەیانەوێت هاریکاری بکەن و شەڕی دژی داعش بکەن ئەمەش شتێکی رەوایە. بەڵام مانەوەشیان گرێدراوە بە رەوشەکەوە رەنگە دوای تەواوبوونی داعشیش داعشێکی تر دەرکەوێت و پێویست بێت شەڕ بەرانبەری بکرێت بۆیە مانەوەی هێزە نێودەوڵەتیەکان بڕیاریکی نێودەوڵەتی دەوێت بۆ مانەوەیان.

- **ئازادی کۆمەڵگە: پرۆژەی فیدراڵی باکوری سوریا و سوریایی دیموکرات، هەروەها خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی چۆن یەکتری تەواو دەکەن؟**

سالح مسلم: وەک وتم پرۆژەی ئێمە پرۆژەیەکی تەنیایە یانی پرۆژەیەکی ترنیە ئەگەر دیموکراتیان بوێت لەم دیموکراتیە باشتر نییە، ئێمە ئائێستا سنورمان بۆ رۆژئاوا دانەناوە بەنیازی ئەوەش نین، چونکە ئێمە بانگەوازی سوریای دیموکراتی دەکەین، پرۆژەکەمان پرۆژەیەکی گەلانە، بۆیە دەتوانین هەمووان پێکەوە سوریایەکی دیموکراس و فیدراڵ دروست بکەین، پرۆژەش بەو شێوەیە نەک تەنها بۆ ئێمەیە، بەڵکو بۆ تەواوی سوریایە، جا ئەمەش چەند بەردەوامبێت و چەند درێژبێتەوە ئەوە لە سەر هێزەکانی تر ماوەتەوە، ئێستا ئێمە هێزی سوریای دیموکراتی زۆر شوێنی ئازاد کردوە لەباکوری سوریا



کە هەندێکیان لەدەوروبەری ڕۆژئاوادان لەوانەش مەنبج. بۆیە هەمووان پێکەوەن بۆ ئەو پرۆژەیەی کەئێستا هەیە، چونکە پێکهاتەکان هەموویان خۆیان تێدا دەبیننەوە لە تەواوی سوریا کە هەموو پێکهاتەکانی تێدابێت، چونکە وەک وتم ئەم پرۆژەیە بۆ تەواوی سوریایە نەک تەنها ڕۆژئاوا.

- **ئازادی کۆمەڵگە: خەڵکی باشووری کوردستان بەگشتی پشتیوانیەکانی بۆ ڕۆژئاوا نیشانداوە، نزیکەی ٣٠ گەنجی باشووریش لە ڕۆژئاوا شەهید بووە، پەیوەندیتان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی باشوور چۆنە؟**

ساڵح مسلم: بۆ ئێمە سەربەرزییە کە جەوانانی ئێمە لە هەر چوار بەشی وڵات و هەموو دونیا هاتن بەرەو ئەو بەرخۆدانە، ئەمە سەربەرزی بوو بۆ ئێمە، ئەمەوێت ئەوەش بڵێم تێکۆشانی ڕۆژئاوا نەک تەنها بۆ ڕۆژئاوایە، بەڵکو بۆ تەواوی کوردستانە، ئەو سەرکەوتنانەی لەکۆبانێش بوو بە سەدان جەوانی ئێمە لەناویاندا هەبوو ئەمەش یەکێتییەکی کوردانی دروست کرد، گەنجی ئێمەی باکور لە ڕۆژئاوا شەهیدبووە، بەهەمان شێوەش لە گەنجی ڕۆژئاوا لە باکوور و ڕۆژهەڵات شەهید بوون، کەواتە کورد بنەوێت و نەنەوێت گرێدراوی یەکن، گەنجی باشوور بگرە لە ٣٠یش زیاترە لە ڕۆژئاوا شەهید کەوتن، هەموو ئەمانەش یەکێتیەکی کوردان نیشان دەدات، لەوانەشە نمونەی شەهید باکوور جیلۆ لە باشوور لە دایک بووە لە شێخ مەقسود شەهیدکەوت، بۆ پاراستنی کوردانە بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی شەهیدبووە. ئەمەش هۆشیارییەکی کوردان، لەبەرانبەر ئەوەشدا هەندێک ئەرک دەکەوێتە سەرشانی گەلی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵگەش بۆیە کەسێک لەوانەی بەشداری بەرخۆدانی ڕۆژئاوابوون هیچیان لە ناو حیزبەکان رایان نەکردوە و هاتبێتن تەنیا لەوێ شەڕێک هەبووە بەرخۆدانیەک هەبووە لە بەرانبەر داعش و ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە و باوەڕیش ناکەم کەسێک هاتبێت و ئیزنی لە حیزبێک وەرگرتبێت، ئێمەش دەمانەوێت پەیوەندیمان وەک پارتی سیاسی لەگەڵ حیزبەکانی باشوور پەیوەندیەکی باش بێت، چونکە یەکێتی گەلان لەسەر ئەم خاکە بەڕێوەدەچێت ئەوەش پێویستە شایستەی ئەوان بێت، ئێمەش دەمانەوێت لەوبەرپرسیاریەتیە خاوەن دەرکەوین، ئەو بەرخۆدانەش کە بەڕێوەدەچێت داوای یەکێتی گەلی کورد دەکات و ئێمەش لەبەرانبەر ئەو بەرخودانیە چی پێویست بووبێت درێغیمان نەکردوە لەبەرامبەر خەڵکی باشوور و لایەنە سیاسیەکان جا ئەمە یەکێتی نیشتمانی بێت یان لایەنە ئیسلامیەکان بێت پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەیە، دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئارامی باشوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ناشڵێین باهەموو وەک یەک بیربکەنەوە مادام پارتی سیاسین ئەوانیش مافی خۆیانە چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام بۆ ئەو تێکۆشانەی ئەمڕۆ لە کوردستان بەڕێوەدەچێت پێویستە هەموو پێکەوەبین.

- **ئازادی کۆمەڵگە: ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ساڵح مسلم: بێگومان نەخۆشی گەورەی ئێمەی پارچەبوونی کوردستانە، هەم

لەناو خۆماندا و هەمیش دوژمن هەبووە کاریگەری هەبووە، بەڵام ئەو پارچە بوونە نەخۆشی گەورەیە، بەهەزاران ساڵە ئێمەی کورد لە ناو خۆماندا شەڕی یەکترمان کردوە، لەبەر ئەوەیە هەر یەکگرتنێک لەناو دوو لایەنی کوردی هەبێ یان

**گرتنی سنور و داخستنی سێمڵکا، تورکیا سنور دادەخات ئەو دوژمنە، بەڵام تۆ بۆچی داییدەخەیت؟!**

دوو پارچەی کوردستان بڕیارێکی دڵخۆشکەرە، وەکو ئێوەش ئەزانن پێش چەن ساڵێک پێویست بوو گۆنگرەی نەتەوەیی بە بەسترابووایە و بەشێکی زۆری لایەنەکانیش تێدا بەشداربوون، بەداخەوە ئەوەش سەری نەگرت، ئێمە هیواداریـن ئەو نزیک بوونەوەی گۆڕان و یەکێتی دروست بووە، بێگومان لەنێوان ئەوانیشدا هەنێک شتی ناکۆک هەیە پێویستە چارەسەری بکەن، پێشتر کە ناکۆکی لەنێوانیان هەبووە هاوپەیمانی کەدروست بووە زۆر باشە، ئێمە هیواداریـن پارتەکانی تریش بەشداری ئەو هاوپەیمانیە بن، بەڵکو ئەوە هاوکاریی بۆ دروست بوونی گۆنگرەی نەتەوەی کوردستان، بەڵکو پارتەکانی تریش بەشدار بن و شتێکی پیرۆزە، بەڵکو لەو چوارچێوە پارتەکانی تریش بەشدار بن و بەرفراوان ببێت، ئێمە دڵخۆشین و پشتگیری خۆمامان ڕاگەیاندوە بۆ ئەو هاوپەیمانیە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و ئەنەکەسە خۆیان ئەرکدار کردوە بۆ دژایەتی شۆڕشی ڕۆژئاوا، نمونەش داخستنی سنوور، دروستکردنی چەکداری جیاواز بۆ ڕۆژئاوا؟**

سالح مسلم: بێگومان پەیامی جیاواز هەیە پەیامی ئەوان جیاوازە و ئێمەیش پەیامی جیاوازمان هەبوو ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەتا پارتی تریش هەبوە، پەیامی جیاواز هەبوە لە ڕۆژئاوا و سوریایش ئەوانیش ئازادن، بەڵام بۆ ئەرکی نەتەوەی ئێمە ئەبێ یەک دەنگبین، بەداخەوە ئەوەی کە بووە هەنێک بەرژەوەندی بووە، بەتایبەت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق و تورکیا، لە ٢٠٠٢ بەدواوە لە تورکیا ئاکەپە حکوم دەکات، ئەردۆغان حکوم دەکات، هەنێک بەرژەوەندی هەبووە وەک بازرگانی و نەوت و پارە، ئیتر وەهایە بەرژەوەندی بۆ شەخسێک یان بنەماڵەیەک و پارتێک بووە بۆ نەتەوەیەک نەبووە، بەداخەوە وەها بووە، هەتا ئێستا بڕیاری ڕۆژئاوا گەلی ڕۆژئاوا ئەیدات، کاتێک دەنگێک دەرئەکەوێ لە دژی ئێمە شتێکی باش نیە، تۆیش باست کرد بۆ نمونە گرتنی سنور و داخستنی سێمڵکا، تورکیا سنور دادەخات ئەو دوژمنە، بەڵام تۆ بۆچی داییدەخەیت، بۆچی دایدەخەیت بۆ ئەوەی پێداویستیە سەرەتاییەکان نەگاتە ڕۆژئاوا ئەوانە باش نیە، ئێمە شەڕ دەکەین لە شەڕدا شەهیدمان هەیە ئەوانە زۆر خراپ نین، بەڵام لەبەر نەبوونی پێداویستی پزیشکی شەرڤانێک شەهیدبێ ئەوە خراپە، جاری واهەبووە بەمانگ نەیان هێشتوە پێداویستی پزیشکی لە سەر سنور تێبپەڕێت، ڕاستە دەوڵەتی تورک ئەوەی کردوە، بەڵام ئەو دوژمنە، بەڵام ئەگەر برای ئێمە ڕێگری بکەن ئەوە زۆر خراپە، ئێمە هیواداریـن ئەو شتە نەبێ، دوای ئەوە بۆ «ئەنەکەسە» ئەمەوێ بڵێم بنەوێ و نەتەوێ ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا سیستەمێک دروست بووە، لەو سیستەمەدا بڕیاردان هەیە با بڵێن ئەگەر ئێمەیش نەبین هەر

**داخستنی سنور کە ئێستا کراوەتەوە ئێمە بەمە زۆر دڵخۆشین و ئومێدەوارین هەندێ شتیتریش بەدوادابێت و بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.**

دەبێ سیستەمێک هەبێ لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، بۆیە دەبێت هەمووان بەگشتی لەگەڵ ئەو سیستەمەدا بین، بۆ بەرژەوەندی سوریایەکی نوێ، تەواوی ئەوشتانەی ئێستا لەو سیستەمەدا هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەوان ئەو سیستەمەیان

قبوڵ نییە، چونکە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوا قانونێکی حیزبیان هەیە ئێمە وەک پەیەدە کە پارتی شەهیدانە، ئێمەش مۆڵەتمان وەرگرتووە، بەڵام ئائێستا ئەوان قبوڵیانییە، یانی بۆچی ئەو سیستەمە قبوڵناکەن، بۆچی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە قبوڵ ناکەن، لەکاتێکدا ئێمە ڕێکەوتنی هەولێرمان دروستکرد لە دیسان لە دهۆک فەرموومان لێکردن بۆ بەشداری کردن لەو ڕێکەوتنە، بەڵام ئەوان خۆیان دایە لایەک بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە سەرنەکەوێت، باسی قسەیەک دەکەن کە ئەو قسەیە تورکیا دەیڵێت بۆیە ئەوەش باشنییە، بەساڵان بەیاننامە و بڵاوکراوە دەردەخەن لە دژمان، یانی دوژمنمان هەیە، دوژمن لە بەردەمانایە، گەنجانی ئێمە دەکوژن، ئەمانە نابینن، تەنیا ئەوە دەبینن یەکێک ئاسایشە دزێکی گرتووە بۆچی ئاسایش دز دەگرن!!! بەڵام سیستەمێک هەیە بەڕێوەبەرایەتییەک

**ئەنەکەسەو پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا ئەوانە نەک هەر ئێمە، بەڵکو سیستەمیش قبوڵناکەن**

هەیە ئەوانە هەموویان بەئەرکی خۆیان هەڵدەستن، بێگومان ئەمانەش شتێکی خراپن، ئەنەکەسەش پشتگیری خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق بەستۆتەوە ئەمەش شتێکی باشنییە، بۆیە هیواداریـن ئەمانە باشبن و ڕاست بێنەوە لەنزیکترین کاتدا بۆ ئەوەی شتێک بۆ گەلی خۆمان بکەین، بەڵام بەم شێوەی ئێستا باشنیە، بەتایبەت داخستنی سنور کە ئێستا کراوەتەوە ئێمە بەمە زۆر دڵخۆشین و ئومێدەوارین هەندێ شتیتریش بەدوادابێت و بکەوێنە بواری جێبەجێ کردنەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: چەند لایەنی سیاسی بەشدارن لە ئیدارەی ڕۆژئاوا، هێزە پاشکۆکانی پ د ک/عێراق بۆ بەشدارنابن؟**

ساڵح مسلم: پارت و لایەنی سیاسی هەیە، سەرەکیەکانیان ئەوانەن لەناو تەڤدەمدان لەدەرەوەی ئەوەش چەند پارتێکی تر هەیە لەناو بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام هەندێک پارتی تریش هەیە کە سیستەم قبوڵی کردوە کەخۆیان وەک ئۆپۆزسیۆن دەبینن، ئەوانیش کاری خۆیان دەکەن، بەڵام سیستەمیان قبوڵکردوە، ئەمە سیستەمێکەو نەمانوتووە دەبێت هەمووی وەک یەکبن، ئێستا نزیکەی حەوت پارت هەیە کە وەک ئۆپۆزسیۆنن،

**پێشمەرگە و یەپەگە دەتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن، بەڵام هێزێک لەسەر دەستی زێرەڤانی دروستبووە هەرچی دوژمنی ڕۆژئاواهەن لەخۆیان کۆکردۆتەوە**

بەڵام سیستەمیان قبوڵە، ئەمەش کارێکی پیرۆزە، بەڵام ئەنەکەسەو پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا ئەوانە نەک هەر ئێمە، بەڵکو سیستەمیش قبوڵناکەن، ئائێستاش نەئەوەتا بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوە نەئەوەشن وەک ئۆپۆزسیۆنێکی باش ڕۆڵیان هەبێت، تەنیا شتێک دەیڵێن ئەوەیە با سیستەم نەمێنێ نازانم باچی نەمێنێ .......هتد، لەگەڵ ئەوەش هێزی خۆیان زۆر بەکەمی هەیە ئەوەشی هەیە لە ئەستەنبوڵ مووچە خۆیان وەردەگرن و دانشتون هەرخەریکی قسەکردنن، بۆیە کاتێکیش قسەدەکەن باش قسە ناکەن، چونکە کەسانێک هەن کە قسەکانی ئەوان بەکاردەهێنن، ئەمەش جگە لەزیان گەیاندن هیچی ترنیە، چونکە ئەوان بیرناکەنەوە لەوەی ئەمڕۆ تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکان شتەکانی ئەوان بەدرۆدەخەنەوە، یانیش ئەوان تەنیا وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێن و هەڵیان دەخەڵەتێنن.

- **ئازادی کۆمەڵگە: هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە و هەسەدە، هێزی پاراستنی ڕۆژئاواو باکوری سوریان و سەرکەوتووبوونە لە بەرگری کردن، پارتی و ئەنەکەسە بۆچ مەرامێک دەیانەوێت چەکدارەکانیان بنێرن بۆ ڕۆژئاوا؟**

ساڵح مسلم: بێگومان کاتێک یەپەژە و یەپەگە دامەزراو دواتر بەرفراوان بوو، ئەمانە بۆخۆیان فەرماندارییەکیان هەیە، ئێستاش گوایە پێشمەرگەی ڕۆژئاوا هەیە، ئەوانە نەپێشمەرگەن نەهی ڕۆژئاواشن، چونکە نەبوون ئەمانە لەلایەن هێزی ترەوە دروستکراون و مەشقیان پێکراوە، ئەوانەشی مەشقیان پێکراوە پێشمەرگەنین، وەک ئاشکراشە لای هەمووان وەزارەتی پێشمەرگە چەند جار ڕایگەیاند ئەوانە سەر بەئێمەنین! پێشمەرگە و یەپەگە دەتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن، بەڵام هێزێک لەسەر

دەستی زێرەڤانی دروستبووە هەرچی دوژمنی ڕۆژئاواهەن لەخۆیان کۆکردۆتەوە بە دوژمنکانی تورکیشەوە بێگومان ئەمەش ئامانجێکی شاراوەی هەیە، ئێمەش دەڵێین کێشەنیە ئەو گەنجانەی لەناویاندا هەیە دەتوانن بەشداری ئاسایش بن دەتوانن بەشداری یەپەگە بن و ئەو فەرماندارییە قبوڵبکەن بێگومان کەسێکیش نییە قسەیەکی نەشیاو بەوان بڵێت، بەڵام هێزێک بەم دوژمنایەتیە هاتبێتە دامەزراندن کە دەکەس بێت یان بیست کەسبێت، بەڵام بەم شێوەیە بۆنی شەڕی براکوژی لێدێت، ئێمەش لەباشوور تەجروبەمان زۆر هەیەو نامانەوێت دوو هێز بوونیان هەبێت، لە کایەی سیاسیشدا یەک بچوک و یەک گەورە فەرقینیە هەمووی ڕۆڵەی ئێمەن، بۆیە شەڕێکی براکوژی جێگەی قبوڵنییە، مافی خۆشیانەو پێمان وتون ئێوە دەبێت بەرگری لە خاک و ماڵی خۆت بکەن و فەرمووومان لێکردون، بەڵام بەم ڕەنگەی ئێستانا، چونکە بەمشێوەیەیی ئێستا جگە لەبۆنی شەڕێکی براکوژی هیچیترنییە، بۆیە نامانەوێت دەرگا لەسەریان بکەینەوە.

- **ئازادی کۆمەڵگە: هێلی سێیەم لەسیاسەت لە ڕۆژئاوا ئەنجامی گرتووە، لەمەو بەدوا ئەو هێڵە سیاسیە چۆن بەردەوامی پێدەدەن؟**

سالح مسلم: لە سوریادا دووبەرە هەبوو بەرەیەکیان ڕژێم ئەویتریان ئەو ئیسلامیانەی ئیمارات و سعودییە پاڵپشتیان دەکردن واتا ئێمە لەو نێوەندەدا بووین، بۆیە ئێمە وتمان نەئێوەمان قبوڵە نە ئێوەش ئێمە هێڵی سێیەمینین، هێڵی سێیەمین نەک ئەوەی سەربەخۆبێت بەم شێوەیە نییە، چونکە دوو ڕێگە هەبوو هیچیان بوونی ئێمەیان پێ قبوڵ نییە، بۆیە ئێمەش بڕیاری ڕێگەی ژیانمان دا ڕێگای پێکەوە ژیانی گەلانمان هەڵبژارد، هێڵی سێیەمین ئەمەبوو، ئەمڕۆ جیهان لەبەرانبەر توندڕەوەکانی وەک داعش دەجەنگن خۆ ئێمەش ناتوانین بڵێین ئێمە سەربەخۆین، ئێمەش لەگەڵ ئەوانین بۆ جەنگ لەدژی تیرۆر و ئەمڕۆش سەرکەوتن دەبینین لەمەڕ ئەو سیاسەتەی هەڵمانبژارد و بەردەوامیشین لە دیموکراسی و پێکەوەژیانی گەلان و ئومێدەواریشین شتی باشتر بەدی بهێنین بۆ گەلەکەمان.



# عەلی حەمەساڵح بۆ حکومەتی هەرێم «ناعەدالەتی تاسەریش نابێت»

ئا- ئازادی کۆمەڵگە

عەلی حەمەساڵح پەرلەمانتاری گۆڕان لە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە، سەبارەت بەم قەیرانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دەڵێت حیزبی سیاسی لەسەر حیسابی حیزب بژی، کادرەکانیان خانەنشین بکەن، دوو موچەو سێ مووچە ببڕێنەوە بۆیان، ئەمانە وای کرد کە ئەم فەسادە کەڵەکەبێت، هەروەها ئاماژەش بەوەدەدات ئەگەر هەموو ڕێگەکان بخەینە یەک کەرتەوە ئەویش نەوتی تورکیابێ، بێگومان ئەمەکارێکی سەرکەوت و نابێت.



عەلی حەمەساڵح پەرلەمانتاری هەرێمی باشووری کوردستان-گۆڕان

**• ئەوقەیرانە ئابوورییەی هەیە هۆکاری چییە؟**

هۆکارە قەیراناوییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان چەند هۆکارێکی هەیە؛ یەکەم: گەندەڵییەکی ڕێکخراوی بەدەرەجەی یەکەم نەوت، دواتر بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن، ئەمەش وای کردوە کە نەکەوتە خزمەتکردنەوە بەتایبەتیش داهاتی نەوت کە تائێستا ناکەوێتە بانقی حکومییەوە، نە لێکۆڵینەوەی لەبارایەوە دەکرێت نە وردبینی لەسەر دەکرێت، چۆن خەرج دەکرێت و چیلێدێت هەمووی دەچێتە بانقە ئەهلیەکانەوە، ئەمە بەشی سەرەکی فەسادە لە کوردستاندا، بۆیە هۆکاری ئەم قەیرانە واتە لە کوردستاندا ئیدارەدانی حکومەت زۆر خراپە، فەسادێکی گەورە هەیە، دەوڵەمەنترین کەسەکانی ئەم شارە بەرپرسەکانن، ئەمەش لەسەر حسابی خەڵکی و ماڵی خەڵکییە، ئەمە دیوێکی دیوێکی تری وایکرد کە حیزبی سیاسی لەسەر حیسابی حیزب بژی، کادرەکانیان خانەنشین بکەن، دوو موچەو سێ مووچە ببڕێنەوە بۆیان، ئەمانە وای کرد کە ئەم فەسادە کەڵەکەبێت تا بگاتە ئەم کاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥ ملیار قەرزارە، پارە لە بانقەکاندا نەماوە بەڵێندەرەکان پارەیان پێنەماوە، هەروەها وەبەرهێنەرەکان پارەیان پێنەماوە پارەکەش لای حیزبە گەورەکان و بەرپرسەکانە و ئەوانیش ئامادەنین بیخەنە خزمەتی خەڵکەوە.

**• ڕێککەوتنی نەوت چۆنن لەگەڵ کێن؟**

دیارە ئێمە کێشەمان زۆر لەگەڵ ڕێکەوتنەکاندانیە، هەرێمی کوردستان لە ٥٣ کێڵگەی نەوتی پێکدێت کۆمپانیا ئەمریکیەکان و کۆمپانیا روسی و تورکی و کەنەدییەکانە لەسەرەتاوە کۆمپانیاکان دێن بیرەکان هەڵدەکەنن، لێرە کۆمەڵێک کۆمپانیا خەدەمی ئەمنی حیزبەکان هەیە پارە وەردەگرێت، دوای نەوتەکە بەرهەم دێت کەسیش نازانێت چۆن دەفرۆشرێت دوای کەپارەکە دێنەوە وەک ئاماژەم پێدا دەخرێنە بانقێکی ئەهلیەوە و سەرف ناکرێت ئەمە کێشە گەورەکەیە، ئەگەرچی کێشە لە کاخەزەکاندا نییە کەلەگەڵ کۆمپانیاکە کراوە، بەڵام کەدواتر دێنە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوکاتە کێشە دەست پێدەکانەوە.

**• ڕێککەوتنی نەوت لەگەڵ تورکیا چ زیانیکی بۆداهاتی سەربەخۆی ئابووری هەیە؟**

ڕێکەوتنی نەوتی پەنجا ساڵە لەگەڵ تورکیا ئێمە نەمان بینیوە تاکو لێکۆڵینەوەی بۆ بکەین بزانین چۆنە، من بۆچوونێکی ترم هەیە، سەرەتا ئابووری نابێت تەنها لە نەوتا ببینینەوە، نابێت تەنها تۆ پشت بە نەوت ببەستیت، لەناو نەوتیشدا نابێت تەنها پشت بە یەک وڵات ببەستیت، لەناو یەک وڵاتیش نابێ تەنها

پشت بەیەک بۆری ببەستێت، گریمان ئەم بۆرییە سبەینێ نەقییەوە ئابووری ئەم وڵاتە فەرموو چیلێدێت، بۆیە ئەمە مشکیلەیە بۆیە دەبێت ئابووریەکی هاوسەنگ هەبێت.

**لە نەوتیدا نابێت تەنها پشت بەدەروازەی تورکیا ببەسترێت**

**ئازادی کۆمەڵگە: مەبەستت لە ئابووری هاوسەنگ چییە؟**

نمونە لەکەرتە جیاوازەکان بەشێکی نەوتە، بەشێکی غازە، کشتوکاڵییە، پیشەسازی و گەشتیارییە. لە نەوتیدا نابێت تەنها پشت بەدەروازەی تورکیا ببەسترێت، لە ئێرانەوە لە رێگای ترەوە لە ئایندەدا لە گەڵ عێراق رێبکەوین، دەبێت ئەم ئابوورییە هاوسەنگییەت هەبێت، واتە ئەگەر یەکێک لە کەرتەکانت سوتا دەبێت کەرتەکانی تر هەبێت، بەڵام ئەگەر تۆ هەموو رێگەکان بخەیتە یەک کەرتەوە ئەویش نەوتی تورکیابێ، بێگومان ئەمەکارێکی سەرکەوت و نابێت.

- **داهاتەکانی ناوخۆ بۆناتوانێ مووچەی فەرمان بەران و پێشمەرگە دابین بکات؟**

ئەم داهاتە نەوتیانە زۆر بەخراپ کۆدەکرێتەوە، نمونە؛ ئەو کۆمپانیا گەورانەی کە حیزب لەپشتییەوەیەتی باج و زەریبە نادەن، ئەمەش لە یاسای ١٩٨٣ی عێراقدا ئەوەی پەیوەندی بە زەریبەوە هەیە، بەڵام نایدەن. بەشێکی ئەمانەش بەرپرسە باڵاکانی لەپشتەوەیە لەپڕ لەماوەیەکی کەمدا دەبێتە خاوەن ملیارەها دۆلار و فرۆشتنی چەندین زەوی و نەدانی باج و زەریبە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا ببنە خاوەن ملیارەها دۆلار، داهاتەکانی تریش بەباشی کۆناکرێنەوە، هەمانکات خاوەن ئیرادەیەکی جدی نین، نمونەی وڵاتێکی وەک ئوردن بەباشی کۆدەکرێتەوە، بۆچی ئێمە ناتوانین بەباشی کۆی بکەینەوە؟ ئێستا وای لێهاتوە بە دوو جۆر داهاتمان هەیە، داهاتی بۆری نەوت بۆ مووچە بەکاردەهێنرێت و داهاتەکانیتر بۆ مەسروفاتی وەزارەتەکان بەکاردەهێنرێت ئەمیش نیشانەی ئەو فەسادییەیە کەئەمڕۆ دەبینرێت.



- **هۆکارەکانی ئاڵۆزی نێوان بەغداد و هەریم دەستوریە، سیاسییە یا ئابووریە؟**

کێشەکان زۆرن، نمونەش کێشەی سنورمان هەیە، ئەگەرچی ئێستا بەئەمری واقیع خەریکە چارەسەردەبن، کێشەیەکی تریان کێشەی سیاسیە، هەرێمی کوردستان جۆرێک سیاسەتی هەیە، عێراقیش جۆرێکیتر بیرکردنەوەی هەیە، کێشەی پێشمەرگە ئایا بەشێکە لە بەرگری عێراق یان نا؟ ئەمە بەشێکە لەو کێشانەو چەندینی تر و منیش لام وانییە بگەنە چارەسەری، واتە بەشێکی سیاسیە، بەشێکی نەتەوەییە، بەشێکی ئابوورییە و بەشێکی بەرژەوەندییە.

**دەستی بەرپرسەکانی حیزب لەم قۆرخکارییە دوور بکرێتەوە لە هەموو گرنگتریش سەروەری یاسایە کە لەهەرێمی کوردستاندا نییە**

- **چی بکرێت بۆدەربازبوونی قەیرانی ئاڵۆزی؟**

من لام وایە بەوسیاسەتەی ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکەن ناتوانن چونکە زۆری ئەمانە تێوەگلاون خاوەنی بەرژەوەندی گەورەن و ناتوانن بگەنە دەسەڵات، چونکە کۆمپانیا گەورەکان هی خۆیانە، یەکەم دەبێت پرسی نەوت بکرێتە دامەزراوەیەکی نەوتی کە بۆ دۆزینەوە و بەرهەم هێنانی نەوت و گرێبەستی نەوتییەکان و فرۆشتنی ئەمانە دامەزراوەن و لەژێر چاودێری پەرلەماندابن

و مانگانە بزانرێت چەند نەوت رۆشتوە بەچەند فرۆشراوە پارەکەی چۆن بەکاردەهێنرێت و داهاتی نەوت لە ناوخۆدا چەندە هاوشانی ئەمە بوژاندنەوە بەسێکتەرەکانی تری ئابووری بەتایبەت بوژاندنەوەی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار کە تاکو ئێستا زەمینەیەکی نییە، خاڵی سێهەم دەستی بەرپرسەکانی حیزب لەم قۆرخکارییە دوور بکرێتەوە لە هەموو گرنگتریش سەروەری یاسایە کە لەهەرێمی کوردستاندا نییە. ئەگەر یاسا سەروەربێت ئەو هەموو غەدرەی لەم میللەتە دەکرێت زۆر بەئاسانی چەند کەسێک بدرێنە دادگا ئەوکاتە ئەوانی تریش جورئەت ناکەن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ کام لەمانە ناکرێت.

- **وەک کەس زۆرترین داتا و ئامار ئاشکرادەکەن، وادیارە دەسەڵاتیش زۆرترین داوالەبەرانبەردتان دەکاتەوە، ئەمەچۆن لێک دەدەنەوە؟**

ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت بێدەنگبێت لەبەرانبەر بە فەسادەکانیدا بێدەنگبێت و بترسێنێت بە دادگا، هەروەک چۆن ئەوەی ئێستا لە تورکیا دەگوزەرێت، دەیەوێت پەرلەمانتارەکان بە دادگا و گرتن .....هتد، بترسێنێت. لەبەرانبەر ئەمەدا ئێمەش سکاڵا تۆمار دەکەین و سکاڵاکانیشمان ئەنجامی نییە، لەبەر ئەوەی دادگاکان سەر بەخۆیانن یان دادگاکان لەژێر هەژموونی خۆیاندان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بەردەوامبین لەوەدا وەبتوانین هۆشیاری دروستبکەین و هەندێک دەموچاوەهەن بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەین کە ئەمانە چۆنن، بۆیە لام وایە قۆناغ بەقۆناغ چارەسەری ئەمانە بکەین و لەم کاتەشدا رەنگە نەتوانین و بگیرێن و نەنانەت بشکوژرێین، بەڵام چی ناعەدالەتی ئاسەریش نابێت.



# داهاتی زۆر؛ گەلی هەژار و سەرۆکی دەوڵەمەند



دیاری خالید

ژان دۆڤاڵیە سەرۆکی پێشوی وڵاتی هاینی، لە ساڵی ١٩٨٦، بەبیانوی قەیرانی دارایی و نەمانی پارە لە وڵاتەکەی، داوای کۆمەک و هاوکاری لە بانکی نێودەوڵەتی کرد، زۆرێک لەو رێکخراوە خێرخوازیانەی کە خۆی دروستی کردبوون ناچاریکردن پارە بۆ حکومەت کۆبکەنەوە، هەوڵی ئەدا عانیفەی خەڵکی رابکێشێت تاکو وڵات لە رووخان بپارێزن، بەڵام دواتر دەرکەوت هەر لەو ساڵەدا ١٠٠ هەزار دۆلار پارەی وڵاتەکەی بردوەتە بانکەکانی دەرەوە و سەرۆک پارەیەکی خەیاڵی هەیە، لەبەر ئەمە لەساڵی ١٩٨٨ لە وڵات دەریان کرد.

چیرۆکی فێڵ و نەڵەکە بازیەکانی سەرۆکی پێشوی هاینی بۆ زۆرێک لە دیکتاتۆر و سنەمکارەکانی دواتریش راستە، کە بەردەوام ترسێک لەسەر میللەت دروستدەکەن بۆ ئەوەی بێدەنگ بن، کەچی خۆیان دەست دەگرن بەسەر پارەی وڵات و لەژیانێکی شاهانە دەژین، لەبەرانبەردا هەموو خولیا و ئاوانەکانی هاوڵاتیانیش کەمدەبێتەوە بۆ ئەوەی کە مافە سەرەتاییەکانیان فەراهەم بێت. وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە کە پارەی میللەت لای چەند کەسێکی کەمی هەردوو بنەماڵەی دەسەڵاتدار و بەتایبەت بنەماڵەی بارزانی کۆبوەتەوە.

## پارەی وڵاتی بۆ کۆشک و تەلار و گەشتەکانی خەرج کرد

بۆ تێگەیشتنی زیاتر و ئاگاداربوون لە جۆری دەسنگرتن بەسەر پارەی خەڵکی و چۆنێتی شاردنەوە و نەختسان و پەخشانکردنی لەلایەن دیکتاتۆر وسنەمکارەکان لێرەدا نمونەی چەند وڵاتێک وەردەگرین و دەرئەنجامی دەسەڵاتەکانیان دەخەینەڕوو. کە دەکرێت دۆخی ئێستای کوردستان بە هەندێکیان بەراورد بکەین.




یەکێک لەو دیکتاتۆرە دڕەقانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی تووشی رووبەڕووی ژیانی نارەحەت کردبووەوە، سەدام حوسێن سەرۆکی پێشوی عێراقە. کە پارە و سەروەتێکی خەیاڵی بۆ خۆی دروست کردبوو، ساڵانێکی زۆر حەز و زەوقە دڕندەکانی پێ ئێردەکرد،

بەجۆرێک بەشێکی زۆر لە پارەی وڵاتی بۆ کۆشک و تەلار و گەشتەکانی خەرج کرد، بەشێکی دیکەی کوڕ و کەس و هاوکارانی لەناوە و دەرەوەی وڵات سامانی خەڵکیان بە فیڕۆ ئەدا.

چارلیس فۆریست، بەرپرسی کەمپینی کۆکردنەوەی پارەی ئاوانبارانی شەڕی عێراق، لەدوای پرۆسەی رووخانی رژێمی بەعس لەعێراق ئاشکرای دەکات پارەکانی سەدام حوسێن نزیکی ٤٠ بلیۆن دۆلارە، بەڵام نازانرێت چەندە بووە و لای کێ بوە، بەوپێیەی لای هەندێک کۆمپانیای بیانی بووە یان کۆمپانیای وەهمیان کردوەتەوە و لەو رێگاوە پارەکانیان پاراستوە، بەڵام ئەوەی ئارادەیەک روونە زۆرێک لە پارەکانی سەدام حوسێن،لای ٢٠ کەسی بنەماڵەکەی و هاورێ و باوەڕپێکراوە نزیکەکانی دەپارێزرا و بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی پێوەبکەن و نەناسرێنەوە. لەهەمانکات زۆرینەیان ئاگاداری یەکتر نەبوون کە پارەی سەدامیان لایە.

گۆڤاری فۆربیس، ئاشکرای دەکات پارەکانی سەدام لەساڵی ٢٠٠٠،

لـە ٧ بلیۆنـەوە بـۆ دوو بلیـۆن کەمیکـردوە، ئەمـەش پەیوەنـدی بـە کردنـەوەی ئـەو ٥٠ کۆشـکەوەیە کـە سـەدام حوسـێن لـەدوای شـەڕی (فـاو) دروسـتی کـردوە. هەروەهـا بەشـێکی زۆر لـە پـارەی گەلـی بـۆ کڕینـی چـەک و تەقەمەنـی خەرجکـردوە.

ئـەوەی دەتوانرێـت بەشـێک لـە سـەروەتی سـەدام و هاوشـێوەکانی ئاشـکرابکات، لـە چەنـد رێگایەکەوەیـە، وەک لەرێـگای ئـەو وەسـڵ و بلیناـەی لـە وڵاتانـی دەرەوە هەیـە، یـان دەسـنگرتن بەسـەر پـارەی وڵاتەکانیـان پاشـو دوای رووخانـی دەسـەڵاتەکانیان. وەک ئـەوەی بلیۆنێـک و ٧٠٠ ملیـۆن دۆلار لـە سـاڵانی ١٩٩٠ لـە ئەمریـکا دەسـتی بەسـەردا گیـرا و لـەدوای پرۆسـەی رووخانـی رژێمـی بەعـس، لـە بانکەکانـی بەریتانیـا دەسـت بەسـەر ٤٥٠ ملیـۆن دۆلاردا گیـرا.

لەبـارەی بـڕی پـارە و جـۆری خەرجکردنـی، لـەدەرەوە، نوسـینگەی وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـا، بڵاویدەکاتـەوە و ئاشـکرای کـردوە؛ تەنیـا لـە سـاڵی ٢٠٠٠ بەشـێکی زۆر لـەو پـارەی سـەدام کـە لەدەرەوەبـووە، بـە رێگـەی نایاسـای خـەرج دەکـرا و وەسـڵ و پسـوڵەی پـارەی خەیاڵـی گەڕاوەتـەوە و لەسـەر حکومەتـی عێـراق حسـابووە.

هەرچەنـدە بـەو شـێوە پـارە بەفیـڕۆدراوە، بـەڵام لەناوخـۆی عێـراق دەسـتیان گرتـووە بەسـەر تـەواوی سـەرچاوە ئابوریەکانـدا، بـۆ نمونـە کاتێـک خەڵکـی سـەردانی مـەزاری شـیعەکانی باشـوری عێراقیـان دەرکـرد، تەنیـا رێگـە بـە کۆمپانیـای «ئەلهـودا»ی سـەر بەسـەدام حوسـێنیان ئـەدا سـەردانکەران بگوازێنـەوە بـۆ مـەزارەکان.

هەروەهـا لەسـاڵی ٢٠٠٢ جگـە لـەوەی بەرنامـەی نـەوت بەخۆراکـی لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـوەکان جێبەجـێ دەکـرد، کەچـی رۆژانـە ٣٥ بـۆ ٤٠ هـەزار بەرمیـل نەوتـی بـە رێگـەی قاچـاخ دەنـاردە دەرەوە. ئەمـەش فێـڵ و تەڵەکەیەکـی دیکەبـوو، لـە نەتـەوە یەکگرتوەکانـی دەکـردو عـودەی کـوڕی سـەدام حوسـێن سەرپەرشـتی فرۆشـتنی نەوتـی قاچاخـی دەکـرد.

سـەرەڕای ئـەوەی زیاتـر لـە ١٠٠ کۆمپانیـای جیهانـی پەیوەندیـان لەگـەڵ سـەدام هەبـوو وەک لـە سـویسرا، ئـەردەن، لۆگسـەمبۆرگ و پەنامـا و چەندیـن وڵاتـی دیکـە، کاری بەشـێکی زۆر لـەو کۆمپانیایانـە پارەکانـی سـەدامیان سـپی دەکـردوە.

دیکتاتۆرێکـی دیکـە کـە ژیانـی هاوڵاتیانـی وڵاتەکـەی و خەڵکـی کـوردی بـەرە و هەڵدێـر و کارەسـاتی گـەورە بـرد، بەشـار ئەسـەد و خـزم و کەسـەکانیەتی کـە لەتەمەنـی گەنجێتیـدا پـارە و دەسـەڵاتی وڵاتـی گرتـە دەسـت و بەویسـتی خـۆی بـەکاری دەهێنـا، بـەڵام بەرێـگای جیـاواز خەڵکـی چەواشـە ئەکـرد و سـەردانی هەندێـک لـە خەڵکـی هـەژاری دەکـرد بـۆ ئـەوەی گومانەکانـی خەڵکـی بڕەوێنێتـەوە و دەریخـات کـە سـەرۆکێکی دڵسـۆزە، بـەڵام ژیانـی خـۆی و بنەماڵەکـەی لەگـەڵ خەڵکـی مەودایەکـی زۆرەی هەیـە. لێـرەدا هەندێـک لـەو ناعەدالەتیانـەی باسـدەکەین کـە بەرانبـەر خەڵکـی ئەنجامیـداوە.

**بەشێکی زۆری ئەم پارانە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پارێزراون و باجی لەسەرنەبووە**

رۆژنامـەی گاردیـان، راپۆرتێکـی لەسـەر سـەروەت و سـامانی بەشـار و خزمـە نزیکەکانـی بڵاوکردوەتـەوە، کـە سـەروەتەکەیان بـە ١٢٢ بلیـۆن دۆلار دەخەمڵێنرێـت، کـە بەشـێکی زۆری لـە رێگـەی داهاتـی زەوی، نـەوت و بـاج پیشەسـازیەوە دەسـتیان خسـتووە.

بەپێـی ئـەو زانیاریانـەی پێگـەی «زە دەیلـی بێسـت»، لـە ١٧-٨-٢٠١٢، بڵاویکردوەتـەوە؛ بەشـار و دەزگا و ناوەندەکانـی دەوروپشـتی، نزیکـەی ٢٥ بلیـۆن دۆلاریـان کۆکردوەتـەوە، کـە بەشـێکی زۆری ئـەم پارانـە لـە وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پارێـزراون و باجـی لەسـەرنەبووە . کـە بەشـێکی زۆری پارەکـە خراوەتـە کار بـۆ بـواری بازرگانـی و بەهێزکردنـی پێگـەی بنەماڵـەی ئەسـەد . ئـەم کارانـەش بەجۆرێـک ئەنجامـدەدەن تەنیـا بازنەیەکـی داخـراوی کەسـەکان دەزانێـت.

بەشـار لەنـاو بنەماڵـە و بازنـە نهێنیەکانـی هەمـوو کـەس ناکاتـە خـاوەن پـارە بەڵکـو ئـەو کەسـانەیان پـارە و سـەروەتی وڵات دەخاتـە بەردەسـتیان کـە ترسـی لێیـان نیـە و دڵسـۆزن بـۆی، بـۆ نمونـە رامـی مەخلـوف، خاڵـۆزای بەشـار، یەکێکـە لـە دەوڵەمەندتریـن پیـاوی سـوریا، تـەواوی جومگـە بازرگانیەکانـی وڵات لـە لایەنـی، رامـی رێگـەی

نەداوە هیچ كۆمپانیایەكی بیانی كار لە وڵاتەكەیدا بكات بە بێ مۆڵەت و بەش و پشكی خۆی . دەستی بە سەر هێڵی كۆمپانیاكانی ئەلەفونات و گەیاندن گرتووە، لە دیارترینیان (ئۆراسكۆم)مە، كە لەرێگەی ئەو كۆمپانیانەوە پارەیەكی زۆر دەست دەكەوێت و سیخوڕی بەسەر تەواوی خەڵكی وڵاتەوە دەكات.

**بەبێ هیچ پاساو و هیجەتێک کەیسێکی بۆ دادگایکردنی کۆمپانیاکە دروست کرد**

سەرەڕای ئەو سەروەتە زۆرەی رامی كۆیكردوەتەوە، بازرگانەكانی وڵات ناچاردەكات بەشداری سەروەتەكانیان بێت، هەر كۆمپانیایەكیش قازانجی زۆر بكات و بەناوبانگ بێت، خۆی دەكاتە شەریكی یان ناچاری دەكات وڵات بە جێبهێڵێت، لە دیارترین نمونەكان كۆمپانیای (سوریاتێل) وەک ئاشكرایە كۆمپانیایەكی ئەلەفونانە، لەبەر ئەوەی كاریگەری زۆر هەبوو خەڵكێكی زۆر بەكاریان دەهێنا.

رامی مەخلوف، بەبێ هیچ پاساو و هیجەتێک كەیسێكی بۆ دادگایكردنی كۆمپانیاكە دروست كرد، تاكو ناچاریان بكات، لە ٢٥٪ داهاتەكەی بۆ رامی بێت.
لەبەرانبەردا بۆ ئەوەی خەڵكی سۆزێكیان بۆی هەبێت دەزگای خێرخوازی داناوە و هاوكاری هەژاران دەكات، دەیان كەسی دروستكردوە بانگەشەی بۆ بكەن.

سەرۆكێكی دیكە، كە بەردەوام لە راگەیاند و لێدوانەكانی باسی لە خراپی رەوشی خراپی ئابوری وڵاتەكەی دەكرد، حوسنی موبارەكی سەرۆكی پێشوی وڵاتی میسرە، موبارەک باسی لەوەكردوە؛ زۆر زەحمەتە بنوانرێت هەموو بەیانیەک ٩٠ هەزار كولێرە بۆ میللەت پەیداكرێت، مەبەستی موبارەک لەم قسەیە زۆری ژمارەی دانیشتوان و رەوشی خراپی ئابوریە، بۆیە دەبێت میللەت بێدەنگبن، بەڵام دوای رووخانی دەسەڵاتەكەی هەوڵدانی چەند دەزگا و ناوەندێک بۆ ئاشكراكردنی پارە و سەروەتەكانی، دەركەوت زۆرینەی پارەی وڵاتی بردوە، چونكە بەپێی بەدواداچونەكانی كەناڵ و میدیاكانی BBC, Washingtun post و چەند دەزگایەكی دیكە، موبارەک و كوڕەكانی خاوەنی نزیكەی ٧٠٠ بلیۆن دۆلارن، كە لەپارەی نەخت و ئالتون و چەند جۆرێكی دیكەی سەروەت پێكدێت.

بۆ بەرچاورونی زیاتر، تیمی رۆژنامەوانی بەدواداچون و پشكنینی پارەكانی موبارەک لە رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست، ئاشكرای دەكات، ئەوەی كە خەملێنراوە بۆ سەروەتەكەی موبارەک نزیكەی ٥٠٠ بلیۆنی پارەی ئەو ٧٥ تەنە ئالتونەی وڵاتەكەیەتی كە كردویەتی بەناوی خۆیەوە. سەرەڕای پارە نەخت و كاشەكانی. لەبەرانبەر ئەو پارە زۆرەی لای موبارەک و كەسەكانی بووە، خەڵكی لە كۆمپانیاكانی ئەوان بە پارەی زۆر كەم كاریان دەكرد، بۆ نمونە لە كارگەی ئەڵماسی نزیک قاهیرە، مانگانەی كریكارێک ١١٩ دۆلاربووە، كە تەنیا بەشی ژیانێكی ناڕەحەتی دەكرد.

لە كۆی چوار كەسی میسری یەكێكیان هەژارن، تاكو ئێستا خەڵكێكی زۆریش ئاوی خواردنەوەی نیە، بەڵام بەرپرسانیان لەژیانێكی رەفاهیەتدا دەژین.

**سەیرترین كاری ئەم پیاوە ئەوەیە دەوڵەمەندترین كەسایەتی دەوڵەمەندی ئەفریقایە، بەڵام نازناوەكەی پاشای هەژارانە**

هەرلەناو ئەو كۆمەڵە دیكتاتۆرەی بەهۆی قۆرخكردنی دەسەڵات كۆتایی بەدەسەڵاتی خۆی هێنا، موعەمەر قەزافی سەرۆكی پێشوی لیبیایە. هەرچەندە لەسەرەتای دەسەڵاتیەوە قەزافی ئارادەیەک ژیانێكی باشی بۆ خەڵكی دابین كردبوو، بەڵام ناعەدالەتی زۆر دەبینرا و هاوسەنگی نەبوو لەنێوان ژیانی خۆی و كەسە نزیكەكان و خەڵكیدا، بەپێی زانیاریەكانی پێگەی لۆس ئەنجلۆس، حسابە بانكیەكەی قەزافی نزیكەی ٢٠٠ بلیۆن دۆلار بوە. ئەمە تەنیا حسابە بانكیەكەیەتی جگە لەو پارانەی لای كەسە نزیكەكانیەتی، سەرەڕای سەروەت و سامانی دیكەش.

یەكێكی دیكە لەو كەسانەی سامانی وڵاتی خستوەتە گیرفانی (موحەمەدی شەشەم) پاشای وڵاتی مەغریبە، سەیرترین كاری

ئـەم پیـاوە ئەوەیـە دەوڵەمەندتریـن کەسـایەتی دەوڵەمەنـدی ئەفریقایـە، بـەڵام نازناوەکـەی پاشـای هەژارانـە.
ئوێژینەوەیەکـی گۆڤاری»فۆربیـس»ی ئەمریکی،لـە سـاڵی (٢٠١٥) بڵاوکردوەتـەوە و بەپێـی خەمڵاندنەکانی گۆڤارەکـە پاشـا موحەمـەد، خاوەنـی پێنـج بلیـۆن و ٧٠٠ ملیـۆن دۆلارە و بـە دەوڵەمەندتریـن سـەرۆکی کیشـوەری ئەفریقـا دادەنرێـت.

دەوڵەمەندیەکـەی پاشـا لەکاتێکدایـە کـە زیاتـر لـە شـەش ملیـۆن کـەس لـە وڵاتەکـەی داهاتـی رۆژانەیـان تەنیـا یـەک دۆلاری ئەمریکیـە. لەریزبەنـدی (١٧٤) وڵاتـی جیهـان، مەغریـب، لـە پلـەی(١١٩) یەمـی وڵات دێـت و لەریـزی وڵاتـە عەرەبیـە هـەژەرەکان دێـت لـەدوای مۆریتانیـا، سـودان و یەمـەن. کەچـی پاشـای هـەژاران ساڵانە سێ ملیـۆن و (٩٦٦٠٠٠) هـەزار دۆلار بـۆ موچـەی سنافەکەی خەرجـدەکات، (١٠٦٧٧٠٠) هـەزار دۆلار خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی ئۆتۆمبیلەکانیەتـی بەوپێـەی هەندێـک لەئۆتۆمبیلەکانـی بـۆ چاککردنـەوە بردوەتـە دەرەوەی وڵات، (٥٨ هـەزار و٣٠٠) دۆلار بـۆ کڕینـی ئاژەڵـی تایبـەت بـۆ نـاو کۆشـکەکانی خەرجکـردوە.

بەهەدەردانـی ئـەم پـارە خەیاڵیانـەی کۆشـکەکانی پاشـا لەکاتێکدایـە، زیاتر لـە شـەش ملیـۆن کـەس لـە کـۆی (٣٠) ملیـۆن دانیشـتوانی وڵات، رۆژانـە تەنیا بـە دۆلارێـک دەژیـن.
لەهەمـووی سـەیرتر کـە چالاکانـی وڵاتەکـەی بـە گەڵتەجاڕیـەوە باسـی دەکـەن موحەمـەدی شەشـەم، لەساڵی (١٩٩٩)، کاتێـک بووەتـە پاشا و شـوێنی باوکـی گرتـەوە بـە نـاوی «پاشـای هـەژاران» بانگدەکرا، ئـەوەی لەبـارەی ئـەو دیکتاتۆرانـەی باسـکرا و خرایـەڕوو کوردسـتانیش راسـتە . کـە لەئەنجامـی ناعەدالەتـی لـە دابەشـکردنی سـەروەتی وڵات و جیـاوازی زۆری جـۆری ژیـان، هەرچەنـدە بەتـەواوی خۆیـان بەهێزکـردوە و دەیـان رێگـەی سـەربازیان بەکارهێنـاوە، شـورای ئەسـتوریان بـۆ خۆپاراسـتن دروسـت کـردوە و دەزگای راگەیاندنیـان بـۆ چەواشـەکاری بەکارهێنـاوە، هەندێـک جـار رۆژنامەنوسـی بیانیـان بەپـارە کڕیـوە و تێکەڵـی هەندیـک سیاسـی رۆژئـاواو ئەمریـکا بـوون، بـەڵام ئەمانـە لەبـەردەم تـوڕەی خەڵکـی نەیپاراسـتون و خۆیـان نەگرتـووە، کـە بوونەتـە نمونەیەکـی ناشـیرین لـە جیهـان و هـەم دوای خۆیـان وڵات بـەرە و کارەسـات و وێرانەڕۆشـتوە و تاکـو ئێسـتا زیاتـر بـەرەو هەڵدێـر دەڕۆن.

هەندێکیـان لـە وڵات دەرکـراون، هەندێکـی دیکـە لـە کاتـی هەڵهاتـن و خۆشـاردنەوە کـوژراون. یـا لەکاتـی نەمانـی دەسـەڵاتیان پەیکەریـان روخـاوەو لـە سـێدارە دراون، یاخـود خراونەتـە قەفـەزی دادگاوە. بێگومـان ئـەوەی ئێسـتا لـە کوردسـتان هەیـە و روودەدات هەمـان شـێوەی ئەزمونـی ئـەو وڵاتانەیـە کـە چارەنوسـیان کەوتـن یـان شکسـتخواردن بـووە، بۆیـە لەوەشـدا کـە لـە کوردسـتان دەوترێـت پارەنیـە، هاوشـێوەی وڵاتانـی هایتـی و میسر و عێـراق دەبێـت.



# ڕوانینێک لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی ئابووری کوردستان



د. محەمەد گەناوی

ئابووری بە مانا ئەکادیمییەکەی بە شێوەیەکی گشتی برێتیە لە هەموو ئەم چالاکیانەی کە لەناو ئەم قۆناغ و سیستەمانە دا ڕوودەدات کە کاڵاو خزمەت گوزەرانیەکانی تیا بەرهەم دێ لەگەڵ داهات و قازانج لە چوارچێوەی سیستەمی بەڕێوەبردن و کارگێری بۆ ڕێکخستنی بنەماو ڕەگەزەکانی ئابووری کە سیستەمی بەرهەمهێنانی کاڵاکان، سەرمایەی بەکارهاتوو ( هەردوو سەرمایەی مادی و مرۆی)، بازاڕ و کرێی کار وە ئیدارە و دابەش بوونی داهات لەخۆ ئەگرێ لەژێر چەتری سیاسەتی ئابووری کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاراستە ئەکرێت یان لە لایە ن دە زگا و دامەزراوەکانەوە بە تایبەت دامەزراوە پیشەسازی و ئابووریە گەورەکانەوە بەپلە و ئاستي جیاواز بەپێی توانا، گەورەیي وە کاریگەریان لە سەر کایەکاني ئابووری، سیاسي وە کۆمەڵگە. کورت کراوەی ئەمەش بۆ مانای ئابووری برێتیە لە توانای بەدەست هاتوو و هێنانی پار ە /داراییی وە ئیدارە و چۆن و چەند بەکار هێنانی پارە.

**پێشکەوتنی ئابووری هاوڕێک لەگەڵ پێشکەوتنی فەرهەنگی، فکری ، کۆمەڵایەتی وە هەتا هونەری و ئەدەبی گەشەی کردووە**

هەڵبەتە هەروەکوو ئاماژەمان پێدا، هەر دامەزراوەیەکی گەورە یان بچووکی ئابووری بۆخۆی سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لە هەیکەلی ڕێکخستن، چەندایە تی و جۆرایەتی بەرهەم، بەبازاڕ کرد ن ((marketing وە کێبرکێی بازاڕا خۆی ئەبینێتەوە بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی ئابووری گشتی وڵات بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە باج، گومرگ، کرێی کار، سیاسەتي داراییي، سیاسەتی پارە وە مافی بەکاربەروە هە یە، ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی پێش کەوتووی دنیا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، تەندروستی وە ژینگەیش لەخۆ ئەگرێت.

- **ئامانج لە سیاسەت و سیستەمی ئابووری**

لەسەر ئاستی نیشتمانی ئامانج لە سیاسەت و سیستەمی ئابووری برێتیە لە وەگەڕخستنی هەموو توانا ماددی و مەعنەویەکانی وڵات کە ئەتوانرێ بەکاربێن و کارا بکرێن لە ئابووری نیشتمانی وەکو بەگەرخستن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشتی، خاک، ئاو، هێزی کار، هەروەها تواناو سەرمایەی مرۆیی لە چوارچێوەی سیستەمێ کە باشترین وە تەندروسترین ئامانجی ئابووری هەبێ کە بە کورت کراوەیی برێتی بێ لە وەگەڕخستنی هێزی کاری وڵات بە دامەزراندنی دامەزراوەی ئابووری کە بتوانێ زۆرترین هێزی کاری وڵات لەخۆبگرێت، ڕێژەی بێ کاری بگاتە نزمترین ئاست لەگەڵ بەرهەم هێنانی ناوخۆ بەجۆرێ زۆرترینی کاڵاو پێویستیەکانی بەکاربەرانی وڵات لە ناوخۆدا بەرهەم بێ وە فەراهەم بکرێت کە دوا ئامانجیش لەمە دابین کردنی ژیان و گوزەرانێکی شەرەفمەندانەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، هەمانکات دابین کردنی داهات و ئاسایشی ئابووریە بۆ گەل و وڵات.

- **کام سیستەم و سیاسەتی ئابووری ئەتوانێت ژیان و خۆش گوزەرانی و ئاسایشی ئابووری بۆ تاکەکانی کۆمەڵ و وڵات دابین بکات؟**

دوای قۆناغی پیشەسازی و فراوان بوونی ڕەهەندەکانی ئابووری وە سنورەکانی ئابووری هەروەها دروست بوونی چینی سەرمایەدارو کرێکار لە ئەنجامی پێشکەوتنی ڕەهەندەکانی زانست، تەکنەلۆژی، کۆمەڵایەتی، ئابووری وە فکری سیاسی و فەلسەفی، بوونی سیستەمی سیاسی بە سیاسەت و ناسنامەی ئابووری بوو بە بابەتی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر هەموو ئاستەکان بەتایبەت لەسەر ئاستی سیاسی، ئایدیۆلۆژی وە فکری. دینامیکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فکری وە ئایدیۆلۆژی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دوو ڕوانگەی لەسەر سیستەمی ئابووری بەرهەم هێنا کە برێتیە بوو لە سەرمایەداری و سۆسیالیزم بەم جۆرەش لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە بۆ هەریەکێ لەم ڕوانگانە ئادەم سمیس وەک تیئۆریستی وە زانای ئابووری سەرمایەداری وە کارل مارکس وەک زانا و فەیلەسوفی بواری سۆسیالیزم نوێنەرایەتیان ئەکرد.

کام لـەم دوانـە راسـت ئەکـەن وە راسـتیان کـرد پەیوەنـدی بـە ئەزموونـی سیاسـی، ئابـووری هەتـا دەرونـی، فەرهەنگـی وە پاشـخانی شارسـتانی تـاک کۆمەڵگـە، هەروەهـا دۆخ و ئاسـتی ژیـان و گوزەرانـی خەڵـک و جیهانـەوە هەیـە.

هەڵبەتـە خوێندنـەوە بـۆ هەریەکـێ لـەو دوو روانگـەو زانایـە لـە ژیانـی ئەمـڕۆ بەتایبـەت دوای رمانـی سیسـتەمی سۆسیالیسـتی لـە کۆتایـی دەیـەی هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو گۆڕانـی گـەورەی بەسـەرهاتووە بەلەبەرچاوگرتنـی دیـاردەی گلۆبالیـزم، پەیوەسـت و پەیوەنـدی ئابـووری نیشـتمانی گـەلان و وڵاتـان بـە سیسـتەمی ئابـووری وە دامـەزراوە ئابووریـە جیهانیـەکان لەگـەڵ پەیوەنـدی بـە بـازاڕی ناوچـەی و جیهانـی.

لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا کـە پەرچـەم داری بـازاڕی ئـازاد و سیسـتەمی ئابـووری سـەرمایەدارین، پێشـکەوتنی ئابـووری هاوڕێـک لەگـەڵ پێشـکەوتنی فەرهەنگـی، فکـری ، کۆمەڵایەتـی وە هەتـا هونـەری و ئەدەبـی گەشـەی کـردووە بـە جۆرێـک فەرهەنگـی هـاوکاری (solidarity) وە بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی((Social responsibility و ئینسـانی کـەم تـا زۆر لـە سیسـتەمی ئابـووری دا بـە هەمـوو ئێبینیەکـەوە جێگـەی خـۆی گرتـوە. ئەمجـار لـە رۆژئـاوا بەهـۆی فەرهەنگـی چەسـپاوی داد و دادوەری هەنـدێ رێ و شـوێن لەبەرچـاو گیـراوە کـە هاوسـەنگی لەنێـوان بـازاڕ و مافـی بەکاربـەر لەبەرچـاو بگیـرێ، گرنگتریـن خـاڵ ئەمەیـە کـە قـۆرخ کاری (monopolistic) بـازاڕ بەیاسـا قەدەخەکـراوە هەتـا لـە ئەمریـکاش کـە بـە سـەرمایەدارترین وڵاتـی جیهـان و سـەردەم نـاسراوە قـۆرخ کاری یاسـاغ کـراوە. ئەمجـار بەیاسـا گەندەڵـی وە بەکارهێنانـی دەسـەڵاتی سیاسـی بـە ئامانجـی دە سـت کـەوتی ئابـووری بەتـەواوی قەدەخەیـەو هەرکەسـێ دەسـەڵاتی سیاسـی بـۆ ئیمتیـازی ئابـووری خۆی و نزیکانی یـان گروپـی خـۆی بەکاربهێنێـت ئـەوا یاسا ئامادەیە بـۆ رێگـری کـردن و سـزادان، کـە بـۆ ئەمـە دەیـان نموونـەی زینـدوو هەیـە کـە چـۆن یاسـا سـزای ئـەو کەسـانە ئـەدات کـە گەندەڵـی سیاسـیان ئەنجـام داوەو دەسـەڵاتی سیاسـیان بـۆ مەرامـی کەسـی خۆیـان بەکارهێنـاوە.

لـە وڵاتانـی دواکەوتـوو لـە رووی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی وە فکریـە وە لێپرسـیاریەتی دەسـەڵاتی سیاسـی هاوڕایـە بەدەسـتکەوت و ئیمتیـازی ئابـووری و خـۆ دەولەمەنـد کـردن بـە نـا شـەرعی لـە سـە ر حسابی قـوتی خەڵـک و بـە رژە وەنـدی گشـتی لـەم وڵاتانـە بـۆ ئـەوەی بێنـە خـاوەن دارایـی و ئیمتیـازی ئابـووری ئـەوا خۆ خزاندنـە نـاو سیاسـەت ئاسانترین رێگەیـە کـە هیـچ هـەوڵ و زانیـن و داهێنانـی ناوێـت بـۆ ئـەوەی بێنـە خـاوەن دارایـی و دەوڵەمەنـدی تەنهـا خـۆ بینینەوەیـە لـە بەنـاو حیزبێکـی دەسـەڵات کـە لـەم شـوێنانە حیزبـی سیاسـی و دەسـەڵات بـە تـەواوی کاراکتـەری میلشـیایی هەیـە.

## بوار بدرێ بەشداربن لە داهێنان و گەشەی ئابووری وڵات

لـە هەنـدێ شـوێنی تـر کـە خەڵـک بڕیـار ئـەدات لەسـەر جـۆری دەسـەڵاتی سـیاسی وەکـو وڵاتانـی سـکاندەناڤیا و هەنـدێ وڵاتانـی تـری رۆژئـاوا هەتـا ئەوروپـای رۆژهـەڵات و هەنـدێ شـوێنی تـر بنەمـای ئابـووری تێکـەڵاو بەکاردێنـن بـەوەی کـە دەوڵـەت خاوەنـداری کەرتـە گەورەکانـی ئابـوور ئـەکات بـۆ ئـەوەی بتوانـێ شـوێن کاروە ئابووری وڵات هەمـوو نەکەوێتـە ژێـر رەحمەتـی کەرتـی تایبـەت. لەهەمـان کاتیشـدا لـەم وڵاتانـە بـازاڕ ئـازادە بـۆ ئەوانـەی کـە توانـای داهێنـان هەیە بۆ ئـەوەی کەڵـک لـە هەمـوو توانـای تاکـەکان وەربگیـرێ وە بـوار بـدرێ بەشـداربن لـە داهێنـان و گەشـەی ئابـووری وڵات لـە کەرتـی تایبەتیـدا وە تـا لەنـاو کەرتـی گشـتیدا تواناکانیـان ون نەبێـت. بـەڕای بەنـدە ئـەم جـۆرە ئابووریـە (تێکـەڵاو) تەندروسـتە بـۆ وڵاتانـی تـازە گەشەسـەندوو، چونکـە لـە وڵاتانـی تـازە گەشەسـەندوو بـە کوردستانیشـەوە، ئاسـتی زانسـتی، پیشـەیی وە نەبوونـی دامـەزراوەی ئابووری وە فێرکردنـی تۆکمـە بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت زۆرتریـن هێـزی کار بەشـێوەی کاراو بـە ئامانجـدار رابێنـرێ بـۆ بـازاڕی کار بـوونی نیـە، یـان ئەگـە ر هـەش بـێ زۆر لاوازە . لـە م شـوێنانە زۆربـەی خەڵـک ناتوانـێ لەگـەڵ بنەمـای بـازاڕی ئـازاد هـەڵ بـکات، چونکـە هـەروەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا لـە وڵاتانـی دواکەوتـوو لـە رووی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، بیـری سـیاسی، دیمکرا سی، ئینسانی و نیشـتمانیە وە بـازاڕو کایەکانـی ئابـووری قۆرخ کـراوە وە بوونـی دەرفەتـی یەکسـان بـۆ هـە مـووان بوونـی نیـە.

- **سیستەم و ڕەوشی ئابووری لە مرۆی کوردستان چیەو چۆنە ؟**

لەژێر ڕۆشنایی هەمـوو ئـەو باسانەی سـەرەوە ئەتوانیـن بڵێیـن کـە سیسـتەمی ئابووری لـە کوردسـتانی باشـوور ئـە م پێناسـەی نیـە کـە لەسـەر بنەمـای نیشـتمانی وە لەسـەر بنەماکانـی ئابـووری دروسـت بووبێـت.

## شتێک نەماوەو نیە بەناوی ئابووری دەوڵەتی کە ڕۆڵی هەبێت

ئەگـەر لـە ڕوانگـەی ئابـووری دەوڵەتیـەوە (سۆسـیالی) ئەمەشـای بکەیـن، شـتێک نەمـاوەو نیـە بەنـاوی ئابـووری دەوڵەتـی کـە ڕۆڵـی هەبێـت لەبەخۆگرتنـی هێـزی کار لـە بـواری بەرهـەم هێنانی نیشـتمانیدا، ئـەو دامـەزراوە ئابووریانـەی کـە لەکانی ڕژێمی ڕووخـاوی پێشـوودا وەکـو ئابـووری دەوڵەتـی یـان کەرتـی دەوڵەتـی/ گشـتی بوونیـان هەبـوو دوای ڕووخانـی ڕژێـم هەموویـان بـە تـاوی بـازاڕی ئـازاد و کەرتـی تایبـەت هەموویـان تـاڵان کـران لەلایـەن دەسـەڵاتی میلیشـیای. ئەمـڕۆ گروپـە چەکـدارە میلیشـیاکان بـوون بـە خاوەنـی کەرتەکانـی ئابـووری دەوڵـەت، ئەمـەی کـە سـوودی ڕاسـتەوخۆو خێـرای هەبووبـێ بۆخۆیـان بەکاریـان هێنـان ئـەوەی تریشـی تـەواو وێران بـوو یـان فرۆشـتنیان بـە ئـەرز و ئامێر و هەمـوو دەزگاکانـەوە وە پارەکەشـی بـۆ حیـزب و گرووپـە چەکـدارەکان بـوو نـەک بـۆ خەڵـک و دە وڵـەت بـۆ ئـەوەی کـە لـە بوارێکـی تـرا بەکاربێنـەوە بـۆ سـوودی خەڵـک.

کاتێـک کـە کەرتـی ئابـووری دەوڵەتـی ئـەوەی کـە هەبـوو تـاڵان کـراو نەمـا، لەهەمـان کاتیشـدا کەرتـی تایبـەت نەیتوانـی ببێتـە بنەمـا بۆ ئابووری نیشـتمانی وە جێگری کەرتـی گشـتی بکرێتـەوە بـە شـێوەیەکی کاراو گونجـاو کـە ببێتـە سـەرچاوەی شـوێنی کار بـۆ لاوان و خەڵـک وە هەروەهـا ببێتـە سـەرچاوە بـۆ داهـاتی نیشـتمانی کـە بتوانێـت پێویسـتیە داراییەکانی وڵات دابیـن بـکات وەکـو مووچـە و پرۆژەکانـی ئـاوەدان کردنـەوەو دروسـت کـردن و پەرەپێـدان لـە هەمـوو بـوارەکانی ژیـان بەهـۆی گەندەڵـی و داگیرکـردنی بـازاڕ لەلایـەن میلشـیاکانەوە. ئـەو دەسـەڵاتەی کـە بەنـاو حکومەتـەوە هەیـە لـە باشـوور هـەم لـە ڕوانگـەی ئابـووری دەوڵەتـی هـەم لـە ڕوانگـەی ئابـووری بـازاڕی ئـازاد شکسـتێکی گـەورەی هێنـاوە بەڵگـەی ئـەم شکسـتەش وێـران بـوونی تـەواوی کەرتەکانـی ئابووری وڵاتـە هـەر لەکەرتـی کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، خزمەتگوزاریـە وە تـا پشـت گوێخسـتن و لـە ناوچـون و بیرچوونـەوەی هەمـوو پیشـەیەکی کـوردەواری وەکـو چنـین، ڕسـتن، جۆلایـی و دەرمانسـازی و... هتـد. بـۆ زینـدوو کردنـەوەی ئـەم کەرتـە گرنگانـەی ئابووری هـەر لـە کشـتوکاڵەوە بگـرە تـا ئەگاتـە پیشەسـازی، خزمەتگـوزاری وە گەشـتوگوزاری توانـا ویسـت، بەرنامـە، کار، دڵسـۆزی، ڕوونـی (شـفافیەت)ی زۆری پێویسـتە کـە بـە داخـەوە ئـە مـڕۆ ئەمانـە هیچیـان نیـن.

- **هەڵەکانی سیاسەتی ئابووری باشووری کوردستان**

یەکێـک لـە هەڵـە کوشـندەکانی باشـوور ئەمەبـوو کـە لـە دوای ١٩٩١ وڵات کەوتـە دەسـت چەکدارانـی حیزبـی کـە نـەک هیـچ هیـواو ئامانـج و مەبەسـتی نیشـتمانیان نەبـوو بەدروسـت کردنـی پایـەی ئابـووری نیشـتمانی، بەڵکـو زیاتـر وەک دەرفەتێـک وە فرسـەتێک نەماشـای وڵاتیـان کـرد، مەغـۆل ئاسـا تـا ئێسـتاش لـە هیـچ تـاوان و تاڵانیـەکی ئابـوری دەسـتیان نـە پاراسـتوە، بەرهەمـی ئەمـەش ئـا ئەمەیـە کـە ئەمـڕۆ ئـەی بینـین وڵات بـەرە و تاریکـی و ئایندەیـەکی نـا دیـار ئـەڕوات.

دوای ڕووخانـی ڕژێـم و ڕژانـی پـارەی زۆر لـە بەغـداوە، ئەمجـارە قۆناخـی دەرهێنـان و فرۆشـتنی نـەوت و دەسـت کەوتنـی پـارەی نەختینـە (cash) /نقـد/ ی زۆر وای کـرد کـە ئـەم هەسـتە لای بەنـاو بەرپرسان/میلشـیا کان دروسـت بێـت کـە مـادام پـارەی نـەوت هەیـە و پـارە لـە بەغـداوە دێـت پێویسـت بـە کەرتەکانـی تـری ئابـووری نـاکات. هـەر ئـەم هەسـتە هەڵەیـەش بـوو کـە وای کـرد خەڵکـی کوردسـتان تووشـی ئـەم حاڵـە بێدەرامەتیـە بـن کـە ئەمـڕۆ هەمـووان تووشـی بـوون لـە ئەنجامـی فەشـەلی سیاسـەتی نـەوت و هەڵـەی کوشـندە لـە گـرێ بەسـتە نەوتیـەکان. هەڵەیەکـی تـری کوشـندە ئەوەیـە کـە هیـچ سیاسـەت و سـتراتیژییەک نەبـووە لەسـەر مامەڵـەو داهاتـی نـەوت کـە بتوانـێ بەکاربـێ بـۆ دروسـت کردنـی ژێرخانـی ئابـووری بـۆ کەرتەکانـی تـری ئابـووری وەکـو کشـتوکاڵ وە پیشەسـازی کـردن و پەرەپێدانـی کەرتـی کشـتوکاڵ، دامەزراندنـی بنەمـا و دامـەزراوە و دامەزراندنـی نەخشـەی بەپیشەسـازی کـردن

وڵات، پەرەپێدانی کەرتی خزمەتگوزاری و بە پیشەسازی کردنی ئەمجارە پەرەپێدان و چاک کردنی وە فراوان کردنی کەرتی گەشتوگوزارو لەگەڵ ژێرخانەکەی.

ئێستا نەوت وەک کەرەستەیەکی یان کاڵایەکی بازرگانی مامەڵەی لەگەڵا ئە کرێ و بەکاردێ تا لە زۆترین کاندا زۆرترین بڕ بفرۆشرێ و زۆرترین داهاتی تیا دەست بکەوێت، ئەمیش نەک بۆ حکومەت و خەڵک، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە بەهێزی میلشیایي خۆیان کردۆتە خاوەنی نەوتی وڵات و دەستیان بەسەر هەموو کایەکانی نەوتا گرتووە هەر لە دۆزینەوە، گرێ بەست، پشکەکانی نەوت، دەرهێنان وە فرۆشتنی و تا ئەگاتە داهاتەکەی کە تا ئێستاش نە خەڵک و نە هیچ دامەزراوەیەکی بە تاو حکومی ئەزانێ بری داهاتەکەی چەندە؟ بەچەند فرۆشراوە و کێ خاوەنی پشکەکانی نەوتە لە پشکەکانی بازاڕی جیهانی وە کێ وە بە چ ما فێک خۆی کردۆتە خاوەنی نەوت و سامانی وڵات؟.

هەر ئەم ناروونی، گەندەڵی گەورە و ترسناک وە نەبوونی سیاسەتی نیشتمانی لەمەڕ نەوت بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو کایەکانی ژیان بوەستێ وە ژیان و گوزەرانی خەڵک و وڵات لە ئێستاو داهاتوودا لێڵ و تاریک بێ. ترسناکی ئەم حاڵە هەر بۆ ئەمڕۆ نیە، بەڵکو کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیان، ئاستی عەقڵ، فکر، فەرهەنگی نەوەکانی داهاتووش. کاتێ کەرتەکانی ئابووری وێران ئەبێ ئەوا کەرتی پەروەردە، فێرکردن، تەندروستی وە کایەکانی هونەری، فەرهەنگی، ئەدەبی وە کۆمەڵایەتیش لەگەڵ خۆیا وێران ئەکات وە تاک و کۆمەڵگە ئەگێڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی کۆمەڵگەی سە رەتایي /فطری کە ئەمەش بۆخۆی هەڕەشەی جدیە لەسەر بوون و مانەوەی نەتەوەو وڵات وەک یەکەیەکی بەردەوامی ژیانی ئینسانی و شارستانی. ئەمەی ئێستا رووئەدات دژی خەڵکی کوردستان بەهەموو پێوەرێک ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژیە بە ئابووری وە بەدەستی تاوانی کوردی خۆی.

**سەرئەنجام:**

ئەمڕۆ ئابووری باشووری کوردستان نەلەسەر بنەمای ئابووری دەوڵەتیەو نەلەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد کە هەلی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەمووان فەراهەم بکات و هەمووان بتوانن توانای دارایی تیایا سەرمایەگوزاری بکەن، بەڵکو بازاڕ بەتەواوی قۆرخ کراوە وە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئابووری قۆرخکاران و تاڵانچیان بازاڕی ئازاد بەکاردێ و سوودی لێوەرئەگیرێ بە جۆرێ کەتاڵانی، فەسادو تاوانی ئابووری بۆتە سیما و ناسنامەی ئابووری وڵات. هەروەکو ئەبینین نەوتیش بەهۆی نەزانی، قۆرخکاری، فەساد و تاڵانی لە تەواوی فایلی نەوتا لە A تا Z نەیتوانی ببێتە سەرچاوەی ئابووری نیشتمانی کە هاوڵاتیان لە سێبەریدا هەست بەخۆش گوزەرانی و ئاسایش بکەن بە پێچەوانەوە لەبری ئەوەی نەوت ببێتە رووناکی بۆتە ئاگر، ژیان و گوزەرانی خەڵک ئەسوتێنی و بۆتە تاریکی و تارمایی و کابووسی ژیان.

## گە ڕانە وەی خاوەن داریەنی وڵات و سامان بۆ خەڵک مەرجە بۆ چارەسەری بنەڕە تی

نەبوونی ئابووری دەوڵەتی و ناکارابوونی ئابووری بازاڕی ئازادو فەشەلی سیاسەت و ئابووری نەوت کارەساتی دارایی و ئابووری و بژێویان بۆ خەڵک و وڵات دروست کردووە کە هەڕەشەی جدیە لەسەر هەموو کایەکانی ژیانی خەڵک، هەموو شتێک بەرەو هەڵوەشانەوە داڕمانی بەردەوام ئەبات، ئیتر پرسیار ئەمەیە چی بکرێ بۆ ئەوەی رەوتی ئابووری راست بکرێتەوە لەسەر بنەمای نیشتمانی و دابین کردنی ژیانێکی شەرەف مەندانەو سەربەخۆیانە باسێکی ترە کە پێویستە هەرچی زووترە بە جددی کار بۆ وەڵامەکەی بکرێت لەسەر هەموو ئاستەکان؟.

وەڵام هە رچیەک بێ، بوونی سستەمێکی دیموکراتیک، بەشداری خەڵک لە بڕیاری سیاسی، ئابووری، پرسە چارەنووس سازەکان وە گە ڕانە وەی خاوەن داریەنی وڵات و سامان بۆ خەڵک مەرجە بۆ چارەسەری بنەڕە تی و هەمیشەیی هەموو گرفتەکان لەوانە ئەم گرفتە ئابوریە کوشندەییەی ئەمڕۆ کە بۆتە کابوسی ژیانی هاوڵاتیان.

# چارەسەرکردنی قەیرانەکانی باشووری کوردستان و رۆڵی پێشەنگایەتی



دیار غەریب

جیهان، رۆژهەڵاتی ناوین، ئێراق و کوردستان لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەقۆناخیکی ئاڵۆز، هاوکات چارەنووسازدا تێپەڕ دەبن، ئەم بارودۆخەش هێزە جیهانی، هەرێمیەکانی خستۆتە ناو هەوڵ و تەقەلای جۆراوجۆرەوە، زۆربەی لایەنەکان و جەماوەری ناوچەکەش کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو هاوکێشانەی لەڕێگەی رێککەوتنی سایکس ـ پیکۆی ساڵی ١٩١٦ و رێکەوتنەکانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ و ئەنقەرەی ساڵی ١٩٢٦ەوە داڕێژراون ئیتر ناتوانن نە وەڵامی پێداویستنیەکانی هێزە باڵادەستەکان بدەنەوە، نەوەڵامی دەوڵەتە هەرێمییەکان بدەنەوە. بێگومان هەر لەسەرەتاشەوە وەڵامی داخوازییەکانی گەلانیان نەداوەتەوە. هەربۆیە زۆربەیان کار بۆ گۆڕینی ئەو هاوکێشەو سیستەمە دەکەن، تەقەلاکانیشیان لەو پێناوەدایە. بەڵام هەموویان لەسەر مۆدیلی جێگرەوەو هاوکێشەی نوێ کۆک نین. ئەمەش لەسەر گۆڕەپانی کردەیی ڕەنگدانەوەی جۆراو جۆری هەیە. ئەوەی دیارە هەر هێزەی دەخوازێت کاریگەری زیاتری هەبێت و ڕۆڵی زیاتر ببینێت لەگۆڕانکاریەکاندا. ئەمەش وایکردووە کە ناوچەکە دابەش ببێت بەسەر چەند بەرەو هێزێکدا. لەسەر ئاستی هێزی سیاسی لە ئەمڕۆدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەبن ناوی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا دەخوازن مودێلی خۆیان جێگیر بکەن، ئەمانە هەرچەندە جیاوازی لاوەکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام دەکرێت لە بەرەیەکدا سەیریان بکرێت. لەبەرامبەردا ڕووسیاو ئێران و سووریاو ئێراق وەکو بەرەیەک هەڵسوکەوت دەکەن و دەخوازن لەڕوانگەی خۆیانەوە گۆڕانکارییەکان ئاڕاستەبکەن.

بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران بەتەنیا ئەم دوو بەرەیە دەبینن و پێیان وایە ئەوانە بەتەنیا دوو ئەکتەری سەرەکین لەئاڕاستەکردنی ڕووداوەکاندا. بەڵام لەڕاستیدا هێزیکی تر هەیە کە جیاوازە لە هەردوو هێزەکەو نەکەوتۆتە ناو هەژمووونی هیچ یەکێک لەو دوو هێزەوەو ڕۆڵی هێڵی سێیەم دەبینێ و سەربەخۆ لەو دوو بەرەیە هەڵسوکەوت دەکات، ئەویش جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستانە بە پێشەنگایەتی پەکەکەو پەیەدە، هەرچەندە لەسەرەتای دەستپێکردنی ئاڵۆزی و گۆڕانکارییەکاندا حسابێکی جدی بۆ ئەم هێڵە نەدەکرا، بەڵام لەئێستادا ئەو هێزەش بووەتە ئاکتۆرێکی بەهێز و بەتەنیا فاکتەر نیە، بەڵکو یاریزانێکی کاریگەرە لەگۆڕەپانەکەدا.

لەبەرامبەر ئەم سێ هێزەدا، داعش و هێزە کۆنە پارێزەکانیش لەهەوڵی ئەوەدان دونیا بەئاڕاستەی بیروبۆچوونی خۆیاندا ببەن و لە ئەمڕۆدا داعش بووەتە ئەو دێوجامەیەی کە خەڵکی ئازادیخوازی پێ دەترسێندرێت و ڕایان دێنن لەسەر پەسەندکردنی لەرزوتا بۆ ئەوەی نەمرن. واتە لەڕووی هێزی سیاسی و سەربازییەوە کۆمەڵێک هێز لەسەر گۆڕەپانەکەن و هەر یەکەیان خاوەن دیدگای خۆیانن بۆ وەرچەخان و گۆڕانکاری. لەڕووی چەمکەوە لەئەمڕۆدا چەند مەیل و هەوڵێک هەیە کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین.

> **سەدەی بیست و یەکەم بەسەدەی بەسەرچوونی مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە بەناو دەکەن و لەجێگەی ئەوە بۆ مۆدیلی تر دەگەڕێن**

یەکەم: هەندێک گروپ و پێکهاتە لەهەوڵی پاراستنی چەمکی نەتەوەگەرایی و پاراستنی ئەو دەوڵەت - نەتەوانەدان کەدامەزراون و هەندێکیش لەهەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی نوێدان. کە ئەم دوو دەستەیە هەردووکیان خاوەنی یەک تێگەو چەمکن و ئەویش چەمکی بەستنەوەی ناسنامەی گەلانە بە سیستەمی ئیداریی دەوڵەتەوەو بناخەکەی لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا داڕێژراو لەسەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی فراوان تاقیکرایەوە، دەریشکەوت کە سیستەمێکی سەرکەوتوو نیە، چونکە هەم ئەو نەتەوانەی سەردەست بوون و دەوڵەتیان بەناوەوە کرا ناڕازین و نەگەیشتنە ئازادی، هەم ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستکران و لەڕێگەی دەوڵەتەوە بێ ناسنامە کران، ناڕازین! زۆربەی جیهانیش گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر ئەو مودێلە بەسەرچووە. هەروەکو چۆن سەدەی

بیستەم سەدەی بەسەرچوونی مۆدێلی ئیمپراتۆریەتە ئاینی و مەزهەبیەکان بوو. ئەوا سەدەی بیست و یەکەم بەسەدەی بەسەرچوونی مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە بەناو دەکەن و لەجێگەی ئەوە بۆ مۆدێلی تر دەگەڕێن.

ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە کە تازە بە تازە لە باشووری کوردستان و ئێراقدا بەشێکی ڕێکخستنە سیاسیەکانی کورد بە پێشەنگایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەستی جەماوەر لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە دەجووڵێنن، لە بن ناوی ئەوەی کە کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیە و گوایە دەخوازن ڕیفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردی ئەنجام بدەن، دەخوازن هەستی جەماوەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەبەرامبەردا بەشێکی هێزە سیاسیەکانی عەرەب و تورکمانیش لە باشووری کوردستان و ئێراقدا بەو چەمکە کاردەکەن. ئەمەش وایکردووە کە ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکانی ئێراق و باشووری کوردستانیش ڕوو لەزیاد بوون بکەن و ئێراق بەگشتی و باشووری کوردستان و ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵیان کەم ببێتەوە لە گۆڕانکاری ناوچەکەدا. ئەوەبوو کاتێک ڕژێمی بەعسی سەدامی لەساڵی (٢٠٠٣) ڕوخێندرا، هەوڵدەدرا کەمۆدێلی هەرێمی کوردستان بکرێتە نموونە بۆ ئێراق و مۆدێلی ئێراقیش بکرێتە نموونە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام نە هەرێم بووە نموونە بۆ ئێراق و نە ئێراقیش بووە نمونە بۆ ناوچەکەو لە ئێستادا باس لە شکستی هەردوو مۆدێلەکە دەکرێت و واقعی ئێراق و باشووری کوردستانیش ئەمەمان پێدەڵێن. دیارە ئەم بارودۆخە دەبێت بەرەو ئەوەمان ببات کە بپرسین ئایا هۆکاری شکستەکان تەنیا هۆکارە دەرەکیەکانە؟ یاخود ڕەگو ڕیشەی کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو عەقڵیەتەی کەسیاسەتی پێ دەکرێت و ئەو مۆدێلەی کەکاری لەسەر دەکرێت؟ بێگومان کە بەتەواوی لە بابەتەکە ورد دەبینەوە دەبینین کێشەکە لە مۆدێل و عەقڵیەتی کارکردندایەو فاکتەرە دەرەکییەکان ڕۆڵی لاوەکیان هەیە نەک سەرەکی.

دووەم : بەشێک لە هێزە هەرێمی و ئێراقی و کوردیەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە مۆدێلی دەوڵەتی تاک نەتەوە بەسەر چووە، بەپێویستی دەبینن کە ئەو مۆدێلە تێپەڕ بکرێت، بەڵام لەجێگەی ئەوە دەخوازن مۆدێلی ئاینی(مەزهەبی) بچەسپێنن. ئەمەش ناکۆکییە نەتەوەییەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەبات و لەجێگەی ئەوە ناکۆکی مەزهەبی قوڵدەکاتەوە. ئەوەتا لەئەمڕۆدا حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان بەناوی عوسمانیگەرایی نوێوە کار بۆ باڵادەستی تورک و توانەوەی نەتەوەکانی تر لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا دەکەن، واتە تورکگەرایی و سوونیگەرییان ئاوێتە کردووە. سعودیە و قەتەر کار بۆ بڵاوکردنەوەی سونیگەرایی دەکەن. ئەو دوو ڕەوتەش لەناوەڕۆکدا دەگەنەوە یەکتری، بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازیان هەیە. هەردوو لایەنەکەش ڕەقیبی سەرەکی هێزە شیعەگەراکانن. لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران، دەسەڵاتی ئێراق، سووریا، حزبوڵای لوبنان و حوسیەکانی یەمەن لەهەوڵی بونیادنانی سیستەمێکی شیعی دان و کار بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی دەکەن.

## تا ڕادەیەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە فەلەکی سیاسەتی ئێران و شیعەگەریدا دەخولێنەوە

ئەوەی دیارە بەشێکی هێزە ئێراقیەکان بەعەرەب، کورد و تورکمانەکانیشەوە کار لەسەر ئەم دوو ڕەوتە مەزهەبیە دەکەن و لەو ڕوانگەیەوە سیاسەت دەکەن. ئەوەتا بەشێکی زۆری دەسەڵاتی شیعە و هێزە شیعەکانی عەرەب و تورکمان و تا ڕادەیەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە فەلەکی سیاسەتی ئێران و شیعەگەریدا دەخولێنەوە، بەشێکی زۆری هێزە سوونیەکانیش لە ناو عەرەب و تورکمان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە فەلەکی تورکیاو هێزە سوونەکاندا سیاسەت دەکەن. ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ لاوازبوونی ئێراق و هەرێمی کوردستان و زەمینەی دەستێوەردانی دەرەکی دروستکردووەو ڕۆژانەش ئەو زەمینە زیاتر دەکات و زەمینەی پێکەوە ژیان لە کوردستان و ئێراقدا کەم دەکاتەوە.

سێیەم: لەسەر ئاستی ناوچەکەو ئێراق و کوردیستانیش لە ڕابردوودا کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوی چەپ و دیموکراتخواز هەبوون و تارادەیەک کاریگەرییان هەبوو، بەڵام لەئێستادا ئەو پارت و ڕێکخراوانە کاریگەریان کەم بۆتەوەو هەرچەندە لەناوەڕۆکدا لەو دوو ڕەوتەی تر کراوەترن بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام لەڕووی زهنی و مۆدێلی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە نەیانتوانیوە

## لەناو ئەم هێزانەدا کەجەکەو پەیەدە وەکو دوو هێزی دیموکراتخواز ئەمڕۆ لە پێگەیەکی بەهێزدان

بەتەواوی خۆیان لە مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوەو سیستەمی دەسەڵات دەرباز بکەن، هاوکات لەڕووی کرداریەوە توانای پێشەنگیان لەدەستداوە، ئەمەش وایکردووە کە ڕوویان لە لێژیی بێت و بەرەو لاوازی بچن. ئەم هێزو لایەنانەش پێویستە بەشێوەیەکی چڕ بەخۆیاندا بچنەوە، ئەگەرنا ئەوا ناتوانن هیچ ڕۆڵێک ببینن لە بونیادنانی ئایندەدا. لەناو ئەم هێزانەدا کەجەکەو پەیەدە وەکو دوو هێزی دیموکراتخواز ئەمڕۆ لە پێگەیەکی بەهێزدان و بوونەتە دوو ئاکتەری سەرەکی لەناوچەکەداو بەهەڵوێستی خۆیان و ئەو مۆدیلەی کاری لەسەر دەکەن بوونەتە جێگەی سەرنجی بەشێکی زۆری خەڵکی ئازادیخواز. هەر ئەمەش وایکردووە کە لە ئێراق و باشووری کوردستانیشدا خەڵکانێکی زۆر هیوای خۆیان بەسەرکەوتنی خەبات و ئەو مۆدیلەوە ببەستنەوە یاخود دەبەستنەوە کە ئەو دوو هێزە کاری لەسەر دەکەن. دیارە سەرکەوتنی ئەو دوو هێزە تەنیا بەهۆی بوێری و زیرەکیانەوە نیە لە شەڕدا، بەڵکو وابەستەی ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە پیادەی دەکەن و خۆیان نەکردۆتە بەشێک لەو ململانێ نێودەوڵەتییەی کەلەنێوان ئەمریکاو رووسیادا هەیە. هەروەها خۆشیان نەکردۆتە بەشێک لەو ململانێ مەزهەبی و ئاینی یەی کە لە نێوان ئێران لەلایەک و تورکیاو سعودیەو قەتەر لەلایەکی ترەوە بەڕێوەدەچێت. هاوکات خۆیان لە چەمکی دەوڵەت و دروستکردنی دەوڵەتی تاک نەتەوە رزگار کردووەو کار لەسەر مۆدێلی خۆبەڕێوەبەرێتی کۆمەڵگاو کۆنفیدراڵی دیموکراتیانەی نێوان گەلان و کۆمەڵگاکان دەکەن و ناسنامەی گەلان و پێکهاتەکانی نابەستن بە هەبوونی دەوڵەتەوەو لە ڕێگەی خۆبەڕێوبەرییە هەرێمەکانیشەوە هەمووان بەشدار دەبن لە خۆبەڕێوبردن و دیاریکردنی چارەنووس وئایندەی خۆیاندا، ئەوەی دیارە ئەم ڕەوتە کۆمەڵگا لە پێکدادانی نەتەوەیی و نەژادی و ئاینی و ئاینزایی دوور دەخاتەوە و دەرفەت دروست دەکات هەمووان بەناسنامەی خۆیان بژین، ئەوەتا هەرئەم چەمکە لە ئەمڕۆدا بووەتە هەوێنی پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو پارتی گەلانی دیموکراتی (هەدەپە) لەتورکیاداو لە باکوری سووریادا (ڕۆژئاوای کوردستان)ئەو مۆدێلە ژیانێکی ئاسوودەی بۆ هەمووان دابینکردووە.

بارودۆخی جیهان و ناوچەکە ئاماژەی ئەوەمان دەدەنێ کە ئالۆزییەکان هەتا چەند ساڵێکی تر درێژەدەکێشن، چونکە ئەو هێزانەی کە ململانێی یەکتر دەکەن هەر یەکەیان لەهەوڵی ئەوەدان کە پێگەو هێزی خۆیان بپارێزن، ئەمەش کارێکی لە کردن نەهاتووە. ئەم بارودۆخە بۆ ئێراق و باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوەیە. پێداگیری هێزو لایەنە ئێراقی و کوردستانیەکان لەسەر هەڵوێستی ئێستایان ئێراق و باشووری کوردستان بەرەو قەیرانی زیاترو داڕوخان دەبەن. ئەوەش ئەرکی خەڵکانی دڵسۆزو ئەو لایەنانەی کە کراوەن بۆ گۆڕانکاری زیاتر دەکات. چونکە بەبێ هەوڵدان بۆ گەشەدان بە چەمکی نوێ ئەوا لایەنە باڵادەستەکان بەردەوام دەبن لەسەر ڕەوتی خۆیان. هەربۆیە گرنگە خەڵکانی دڵسۆز لە سەرجەم پێکهاتەکانی ئێراق بە عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشوری، سریانی، کلدانی و ئەرمەنی و موسڵمان(شیعە وسوننە) و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و شەبەک و صابئەوە - پێکەوە هەوڵبدەن بۆ گەشەدان بە چەمکی نوێی سیاسی،

### لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت سوود لە ئەزمونی پارتی یەکێتی دیموکرات لە سووریا و پارتی گەلانی دیموکراتی لە تورکیا وەربگیرێت

چەمکێک کە پشت بە بنەماکانی دیموکراتی وپێکەوە ژیان ببەستێت و ڕێز لەناسنامەی هەمووان بگرێت. گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر کەسانی خاوەن ئەم جۆرە بیروباوەڕە کار بکەن بۆ دامەزراندنی پارتیەک یاخود جوڵانەوەیەکی بەم ڕەنگەو لە خۆیاندا نموونەیەکی جوان نیشان بدەن، ئەوا دەتوانن بێن بە وەڵام بۆ پێداویستیەکانی کۆمەڵگا. لە ئێراق و باشووری کوردستانداو هەموو پێکهاتەکان ڕازی دەکات. دیارە ئەو پارتە یاخود جوڵانەوەیە دەبێت خاوەن تێڕوانینی ڕوون و ئاشکرا بێت سەبارەت بە سەرجەم بابەت و کێشەکانی کومەڵگا لە ئێراق و باشووری کوردستاندا. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت سوود لە ئەزمونی پارتی یەکێتی دیموکرات لە سووریا و پارتی گەلانی دیموکراتی لە تورکیا وەربگیرێت. بەڵام گرنگە ئەو پارتە یاخود جوڵانەوەیە خاوەنی تایبەتمەندی و سەربەخۆیی

خۆی بێت لە ڕووی ئیرادەی سیاسی و ڕێکخستنەوەو لە بەرنامەو سیاسەتی خۆیدا ئەم بابەتانە جێگیر بکات:

یەکەم: ئەو پارتە لەسەر بنەمای نەتەوە پەرستی، زایەندگەرایی، ئاینگەرایی و مەزهەبگەرایی دروست نەبێتن، بەڵکو پارتی سەرجەم هاوڵاتیانی ئێراق بێت. واتە ببێتە جێگەی کۆکردنەوەی دیموکراتیانەی سەرجەم پێکهاتەکان، واتە بەتەنیا پارتی کورد یان عەرەب یاخود نەتەوەیەکی تر نەبێت. هاوکات بەتەنیا پارتی موسڵمانان یاخود شیعە مەزهەب یان سوننی مەزهەب نەبێت. بەڵکو پارتی هەمووان بێت. هەروەها دەبێت پارتیەکی تایبەت بەناوچەیەکی جوگرافیایی سنووردار نەبێت، بەڵکو پارتی سەرجەم جوگرافیای ئێراق بێت ئەمەش لەناو و ناوەڕۆکیدا ڕەنگبداتەوە. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمای کە کێشەکان ڕەهەندی هەرێمی و جیهانیان هەیەو ناکرێت تەنیا لەچوارچێوەیەکی تەسکدا یاخود لە سنورێکی تەسکدا کێشەکان چارەسەر بکرێن.

دووەم: ئەو پارتە باوەڕی بەوە هەبێت کە دەکرێت سەرجەم کێشەکانی ئێراق، لە کێشە نەتەوەییەکانی کوردو تورکمان و ئاسوری و سریانی و کلدانی و ئەرمەنی، هەروەها کێشەی ئایین و ئاینزاکانەوە بگرە هەتا کێشەی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەناو سنووری ئێراقێکی دیموکراتدا چارەسەر ببێت. بۆ ئەوەش هەوڵ بدات سیستەمێکی فیدراڵی و دیموکراتی کە پشت بە دیموکراتی هەرێمەکان ببەستێت و بونیادی بنێت، ئەمەش لە پرۆژەیەکی تایبەتدا کە ببێتە بنەما بۆ دەسنورێکی دیموکراتی گەلان، کاری لە سەر بکات.

**ئەو پارتە باوەڕی بەهاوخەباتی سەرجەم گەلان هەبێت و پشتیوانی دەستەبەرکردنی مافی گەلانی هاو ڕەگەزی هاوڵاتیانی ئێراق لە ناوچەکەو جیهاندا بکات**

سێیەم:-ئەو پارتە باوەڕی بەهاوخەباتی سەرجەم گەلان هەبێت و پشتیوانی دەستەبەرکردنی مافی گەلانی هاو ڕەگەزی هاوڵاتیانی ئێراق لە ناوچەکەو جیهاندا بکات، واتە پشتیوانی تێکۆشان و داوای گەلی کورد، گەلی عەرەب، گەلی تورکمان، ئاشووری، سریانی، کلدان و ئەرمەنی لە دەرەوەی ئێراق بکات، ئەمەش بەمەرجی دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە بزانێت.

**کێشەی گۆڕانکاری وەکو کێشەی زهنیەتی و کۆمەڵایەتی ببینێ نەک وەکو کێشەیەک تەنیا وابەستەی دەسەڵاتە**

چوارەم: ئەو پارتە باوەڕی بە دینامیکیەتی کومەڵگا هەبێت و پشتی پێببەستێت. ڕێز لەو هێزە دەرەکیانە بگرێت کە دەخوازن هاوکاری بکەن، بەڵام پشت بە هیچ هێزێکی دەرەکی نەبەستێت، هەتا ئەو چەمک و ئێگانە تێپەڕ بکرێت کەپێیان وایە بەبێ پشتوانیەکی دەرەکی ناکرێت هیچ هەنگاوێک بنرێت.

پێنجەم: ئەو پارتە دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە تێکۆشانی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزی دەبێت هاوتەریب و پێکەوە بەڕێوەببرێت و ناکرێت یەکێکیان لەبەر ئەوی تر پشت گوێ بخرێت، بەتایبەتیش گرنگیەکی زور بدات بە تێکۆشانی ئازادی ژن و ژنان چالاکانە لەناو ئەو پارتەدا کاربکەن پێشەنگایەتی تێکۆشان بکەن.

شەشەم: ئەو پارتە دەبێت ئەو گرێیە تێپەڕ بکات کەهەموو پارتەکانی تر و بەشێکی زۆری کۆمەڵگا دووچاری بوونەتەوە، پێیان وایە کە بەگۆڕینی دەسەڵات هەمووشتێک چارەسەر دەبێت، ئەم بۆچوونە هەڵەیەو هەڵوێستی ڕاست ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت کۆمەڵگا وشیار بکرێتەوەو لە عەقڵیەت و زهنیەتدا گۆڕانکاری ئەنجام بدرێ، واتە کێشەی گۆڕانکاری وەکو کێشەی زهنیەتی و کۆمەڵایەتی ببینێ نەک وەکو کێشەیەک تەنیا وابەستەی دەسەڵاتە، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی تەنیا بەگۆڕینی دەسەڵاتداران ناکرێت ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ و سیستەمێکی دادوەر جێگیر بکرێت. لەم پێناوەشدا کاربکات بۆ داڕشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بەشێوەیەک کەتاک و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقی و ویژدانیەکان پەروەردە بکات نەک

لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی ئاکـرەوی و خۆپەرسـتی.

حەوتـەم: ئـەو پارتـە بـاوەڕی بـە پێشـەنگایەتی ژنـان و گەنجـان وەکـو دوو پێکهاتـەی سـەرەکی کۆمەڵـگا هەبێـت و لەبەرامبـەر چەمککەکانی پیاو سالاری و پیر سالاریدا تێبکۆشێت. دیارە ئەمەش بـەو واتایـە نیـە کـە دژایـەتی پیـاو و پیـر بـکات، بەڵکـو لەبەرامبـەر ئـەو چەمکانـە تێکۆشـان بـکات کـە بـاوەڕی بەتوانـای گەنـج و ژن نیـەو هەمـوو جوانییـەکان و باشـیەکان دەبەسـتێنەوە بەپیـاوەوە لەنـاو پیاوانیشـدا هەمـوو شـتێک دەبەسـتێنەوە بەوانـەی کەخـاوەن ئەزموونـن و کـراوە نیـن بـۆ نوێگـەری و ڕۆڵـدان بەگەنجـان.

## لەناو ئەم هێزانەدا گەجەکەو پەیەدە وەکو دوو هێزی دیموکراتخواز ئەمڕۆ لە پێگەیەکی بەهێزدان

هەشـتەم: ئەو پارتـە بـاوەڕی بـە تێکۆشانی خۆبەخشـانەو چوونـە نـاو خەڵـک هەبێـت، واتـە پێشـەنگانی ئـەم پارتـە بەنـاو کۆمەڵـگادا بگەڕێـن و گـەل وشـیار بکەنـەوەو پـارتی بـوون نەکەنـە بـازرگانی یاخـود فەرمانبـەری و چاویـان لـە داهـات بێـت بیـر لـەوە بکەنـەوە کـە پارەیـان دەسـت بکەوێـت. هەروەهـا خۆیـان لـەو شـێوازەی کار دوور بخەنـەوە کـە پشـت بـە نووسـینگەو بـارەگا ببەسـتێت، واتـە خۆیـان لـە شـێوازی بیرۆکراتیانـەی خەبـات دوور بخەنـەوەو کارو چالاکییـەکان لـە نـاو گەلـدا ئەنجـام بـدەن. ئـەم شـێوازەی کار پەیوەنـدی نێـوان پێشـەنگانی ئـەم پارتـە و گـەل پتـەو دەکات و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هەمیشـە پێشـەنگان ئـاگاداری کێشـە و گرفتـەکانی گـەل بـن و ئـەوەش هانیـان بـدا بـۆ ئـەوەی کاری بـۆ بکـەن. هـاوکات گەلیـش زیاتـر نزیکـی ئـەو پارتـە دەکاتـەوە.

نۆیـەم: ئـەو پارتـە لـەڕووی ئابووریشـەوە دەبێـت پشـت بـە خـۆی ببەسـتێت و چـاوی لـە دەسـتی دەرەکـی نەبێـت. بـۆ ئـەوەش دەبێـت ئەندامـان و لایەنگـرانی و گەلیـش لەسـەر ئـەو بنەمایـە پەروەردەبـکات. سیاسـەتی راسـتیش ئەوەیـە کـە هەمـوو رەهەندەکانـی خەبـات هەڵقـوڵاوی گـەل بێـت، ئەمـەش دەبێتـە گەرەنتـی سـەربەخۆیی ئـەو پارتـەو گوێ ڕایـەڵ بـوونی بـۆ گـەل و لـە ئەنجامـدا گـەل دەتوانێـت ڕێبەرایـەتی پارتەکـە کۆنتـرۆڵ بـکات لێیـان بپرسـێتەوەو نـەک هێـزی دەرەکـی.

دەیـەم: ئـەو پارتـە گرنگـی بەهەمـوو ئامـرازەکانی راگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە بـدات، بـەڵام دەبێـت نەکەوێتـە ئـەو هەڵەیـەوە کـە وا تێبگـات هەمووشـتێک لـە ڕێـگای ڕاگەیاندنـەوە ئەنجام دەدرێـت، بـە پێچەوانـەوە دەبێـت خـاوەنی ئـەو قەناعەتـە بێـت کـە بەبـێ هەبـوونی ڕێکخسـتن، گـەل ناتوانێـت هەنـگاوی جـدی بنێـت. واتـە ڕێکخسـتنکردنی جەمـاوەر بـە ئەرکـی سـەرەکی خـۆی بزانێـت. بـۆ ئەمـەش پشـت بـە هاوکێشـەی (پەیوەنـدی - پـەروەردە - ڕێکخسـتن- چالاکی)ببەسـتێت. واتـە هەمیشـە پەیوەنـدی خـۆی فـراوان بـکات، لـە نـاو ئـەو پەیوەندیانەشـدا پـەروەردە پـەرە پێبـدات. لەنـاو ئەوانەشـدا کـە پەروەردەیـان دەکات ڕێکخسـتن دروسـت بـکات. دوانـر چالاکیـان بـکات ئەگـەر ئـەم هاوکێشـەیە بـە شـێوەیەکی بـاش بەڕێوەببرێـت ئـەوا دەرفـەتی سـەرکەوتن دروسـت دەکات.

یازدەیـەم: ئـەو پارتـە گرنگـی بـە ئەنجامـدانی شـۆڕشی ویـژدانی و ئەخلاقـی بـدات لەنـاو کۆمەڵـگادا، چونکـە یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکان تێکچـوونی شـیرازەی کۆمەڵـگاکان لاواز بـوونی ئەخلاقـی کۆمەڵایـەتی و ویـژدانی تـاک و کومەڵگایـە، دیـارە کـە بـاس لەئەخـلاق و ویـژدان دەکەیـن بـە واتایەکـی تەنـگ باسـی ناکەیـن، بەڵکـو بـاس لـەو بەهـا کۆمەڵایەتیانـە دەکەیـن کـە هەمیشـە وەکـو چیمەنتـۆی گەیانـدنی کومەڵگایـە بەیەکـتر و مەرجـن بـۆ خاوەندارێتـی کـردن لەیەکـتر.

## لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەمڕۆوە مێژوو شیکار بکەن و هەنگاو بەرەو چارەسەری ڕیشەییانەی کێشەکان بنێن

دوازدەیـەم: دەبێـت پێشـەنگان و ئەندامـانی ئـەم پارتـە خۆیـان لـە چەمکـەکانی بـێ چارەیـی، بـێ بـاوەڕی، بـێ هیوایـی، بەرخـۆری و مشـەخۆری، گلەییکـردن، هەڵهاتـن لـە وڵات، هەڵهاتـن لـە کێشـە. کێشـەکان بەشـەخسی کـردن و بـە حـزبی کـردن و گـەڕان بـە دوای فریادڕەسـدا رزگار بکـەن، لـە جێگـەی ئـەوە خۆیـان بکەنـە هێـزی

چارەسەری، باوەڕ بەخۆبوون، باوەڕ بەیەکتربوون، باوەڕ بەگەل بوون، چەمکی پەرەپێدانی تێکۆشان و ڕەنجدان، نیشتمانپەروەری و کارکردن بۆ چارەسەری کێشەکان بکەنە بنەمای ژیان و خۆیان بنەنە فریادڕەس، بۆ چارەسەری کێشەکانیش و لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن. لە ڕێگەی شیکردنەوەی کەسێنی خۆیانەوە کۆمەڵگا شیبکەنەوە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەمڕۆوە مێژوو شیکار بکەن و هەنگاو بەرەو چارەسەری ڕیشەییانەی کێشەکان بنێن.

## ئەو کەسانەی گەندەڵ و خراپن هەوڵدەدەن ئەو چەمکە بڵاوبکەنەوە کە هەموو کەس گەندەڵە

سیازدەیەم: پێشەنگانی ئەم پارتە لەو باوەڕەدابن کە هەمووکەس خراپ نیە، هەموو کەس گەندەڵ نیە. بەڵکو ئەو کەسانەی گەندەڵ و خراپن هەوڵدەدەن ئەو چەمکە بڵاوبکەنەوە کە هەموو کەس گەندەڵە، هەمووکەسیش خراپە. ئامانجیش لەم کارە ئەوەیە کە جەماوەر و کەسانی باش بێ هیوا بکەن، هەتا خۆیان بەردەوام بن لە سەر کارەکانیان.

چواردەیەم: ئەو پارتەی بەو شێوەیە دروست بێت و بخوازێت ببێنە چارەسەری بۆ کێشەکانی کۆمەڵگا، دەبێت نەبێنە بەشێک لە ململانێی حزب و گروپەکانی سەر گۆڕەپانی ئێراق و کوردستان، دەبێت بەیەک مەودا نزیکی هەر گروپ و پێکهاتەو پارتیەک بێنەوە. دەبێت نەبێنە لایەنگری هیچ گروپ و پێکهاتەو حزبێکی ململانێکەر، بەڵکو باوەش بۆ هەمووان بکاتەوە لەسەر بنەمای خاوەندارێتیکردن لە کێشەو ئازارەکانیان، سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە باوەش بگرێت و ڕێکیان بخات و لە کەسێتی و ڕێکخستنی خۆیدا لە زهنیەت و ڕەفتاری خۆیدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات.

پازدەیەم: پێشەنگانی ئەو پارتە خۆیان لەو چەمک و هەڵوێستانە دوور بخەنەوە کە دەخوازن بەبێ ڕەنج و زەحمەتی و لە ماوەیەکی کەمدا کێشەکان چارەسەر بن. بە پێچەوانەوە قۆڵی لێ هەڵماڵن و بە چەمکی؛ بەردێک دوو بەرد ماڵێک، ماڵێک دوو ماڵ گوندێک، گوندێک دوو گوند کوردستان کار بکەن و نەڵێن زۆرمان کرد یان ماندوو بووین و ئاقەتمان نەما، چونکە ئەو چەمکانە دەسکەوتەکانی گەل بەرەو نەمان دەبات.

شازدەیەم: پێشەنگانی ئەو جوڵانەوەیە دەبێت خۆیان گەیاندبێتە

## بێگومان ئەوە بەو واتایە نیە کە دەبێت هیچ حسابێک بۆ ئەو پارتانە نەکرێت

ئەو قەناعەتەی کە مینۆدی ئەو پارت و گروپانەی لە ئەمڕۆدا باڵادەستن لە ئێراق و باشووری کوردستاندا ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات. هەر بۆیە نابێت پەنا بۆ ئەو تیۆرو چەمکانە ببەن، یان چاوەڕوان بن لەڕێگەی ئەو پارتانەوە یان لەڕێگەی هەندێک کارەکتەری ناو ئەو پارتانەوە یان لە ڕێگەی تیۆر و مینۆدی خەباتی ئەو پارتانەوە کێشەکان چارەسەر بکەن. بێگومان ئەوە بەو واتایە نیە کە دەبێت هیچ حسابێک بۆ ئەو پارتانە نەکرێت، بەڵکو ئەو بەو واتایەیە کە ئەو پارتە یان پێکهاتەیە نەبێنە کۆپی ئەو پارتانەی تر و تەنیا ژمارەی پارتەکان زیاد بکات.

ئەگەر کەسانێک بەم چەمکانە تێکۆشان بکەن و بە جددی شانی خۆیان بدەنە بەر بار گومان لەوەدا نیە کە دەتوانن ئەنجام وەر بگرن و سەر بکەون و کۆتایی بەو نەهامەتیانە بهێنن کە ساڵانێکە گەلی کوردو گەلانی ئێراق پێوەی دەناڵێنن.



# جەنگ وەک ئامرازێک بۆ سیاسەت و ئابوری



پرۆفیسۆر د. سالار باسیره

- پێشەکی
- بەشی یەکەم / جەنگ و سیاسەت، جەنگەکان لە مێژووداو شێوەکانی
- باسی یەکەم / جەنگ وەک دیاردەی دروستبونی موڵکداری
- باسی دوەم / جەنگ ئامرازی درێژەپێدانی سیاسەت
- باسی سێیەم / جەنگەکان لە مێژوودا
- باسی چوارەم / جەنگ و شێوەکانی
- باسی پێنجەم / جەنگ و گۆرینی ڕێرەوی مێژووی سیاسی
- بەشی دووەم / گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە
- دەرئەنجام:

- **پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە بەشێکی کەم لە مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتە بەرچاو لە دیدی جەنگ و پەیوەندی جەنگ بە سیاسەتەوە. هەرچەند باس لە جەنگ بکرێت وەك درێژکەرەوەی سیاسەت، بەڵام لە بنەڕەتدا فاکتەرێکی گرنگ کۆڵەکەکەیەتی کە بریتیە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری، لەوەی مێژووی مرۆڤایەتی بریتی بووە لە هەوڵدان لە پێناوی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسی و جەنگیش ڕێگایەك بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. پاشخانەکانی جەنگ بە تەنیا هۆکاری ناوچەیی نیە بەڵکو سیاسەت و پلانی نێودەوڵەتیشی تێدایە وەك یەکێك لە جەمسەرە نێودەوڵەتیەکانی جەنگ و سیاسەت. جەنگ بە خواست و هەوەس کۆتایی نایەت، ئاشتیش بە تەنها لایەك نایەتە دی. هەندێك جار جەنگ بازرگانیەو کەسان و دەوڵەتانێکی پێ دەوڵەمەند دەبن. لانی کەم ١/٣ی دەوڵەتەکانی جیهان لە بارودۆخی جەنگدان ئیتر بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بێت. لەم توێژینەوەیەدا بەشێك لە مێژووی جەنگ و هۆکار و باکگراوندەکانی جەنگ دەخرێتە ڕوو.

- **بەشی یەکەم**

باسی یەکەم

جەنگ وەك دیاردەیەکی مێژوویی و دروستبوونی موڵکداری

خوێندنەوەو شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی جەنگ لە مێژوودا هاوشێوە نیە، بۆ نمونە هەردوو نوسەر و لێکۆلەری جەنگ Dietrich Jung und Klaus Schlichte لەو باوەڕەدان کە تەنیا لە خوێندنەوە مێژووە کۆمەڵایەتیەکەدا دەکرێ لە دیاردەی جەنگ تێبگەین .

سیاسەتزانی ئەڵمانی Reinhard Kühnl لە کتێبەکەیدا «جیهان و مێژووی کەلتورەکان» دەنوسێت»: شتێکی ئاشکرایە گۆڕانکاریە ئابوریەکان بێکاریگەر نەبووە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆی کۆمەڵگای ڕاوکەری سەردەمی کۆن کە پەیوەندی گروپەکانی مرۆڤی بەرامبەر یەکتریش دیاری کردوە. نیشتەجێ بوونی خەڵکی جوتیار وەك دیاردەیەکی دڵخۆشکەر تووشی هێرشی ئەو کۆمەڵانە بوونەوە کە نیشتەجێ نەبوون و شەڕی مانەوەی ژیانیان کردوە. ئەم خەڵکە نیشتەجێبوانە ئامانجێکی سەرنج ڕاکێش بووە بۆیان. لە مێژوودا کۆچەریەکان ڕاوڕوتی هاوسێ جێنشینەکانیان کردوە. دواتر کۆچەریەکان خۆشیان تێکەڵاوی کۆمەڵە نیشتەجێبوەکان بوون و ئەمانیش لەلایەن هۆزەکانی تری دوای ئەمان کەوتونەتە بەر هێرشیان و تووشی شکستی نیشتەجێ نەبوەکان بوون. جەنگێکی بەردەوام بووە هی نیشتەجێ نەبوەکان دژ بە نیشتەجێ بووەکان. بەم شێوەیەو هۆ ئابوریە نوێیەو باشبوونی باری گوزەران لە ئەنجامی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و بەرەودان بە بواری کشتوکاڵ و دیاردەی موڵکداری ژمارەی دانیشتوان زوو ڕووی لە زیادی کردوە. ئەم دیاردەیە وای لە هۆزەکان دەکرد، دەبوایە زەوی و زارەکەی فراوانتر بکردایە یان بەشێکی دانیشتوانەکەی بۆ ناوچەیەکی نزیکی خۆی بۆ داگیر کردنی زەوی بناردایەو

بـەم هۆیـەوە جەنگـی داگیرکردنیـش هاتـە کایـەوە. لـەم چرکەیـەوە جەنـگ بـووە توخمێکـی سـەرەکی لـە پەیوەنـدی گروپـە جیاجیاکانـدا. بـەڵام لەسـەرجەم کەلتـوری سـەردەمی سـەهۆل بەنـددا هیـچ ئاماژەیـەك نیـە بـۆ ئـەوە کـە جەنـگ لێرەدا ڕۆڵی حوکمداریی بینیبێت. تەنانەت لە وێنە دەستکردە سـەرەتاییەکانی ئـەو سـەردەمە دافعـی جەنـگ نادیـارە، بـەڵام ئـەوە ناگەیەنێـت کـە لێـرەو لـەوێ زەبروزەنـگ ڕووی نەدابێـت.

- **باسی دووەم**

جەنگ ئامرازی درێژەپێدانی سیاسەت

لـە پێناسـەکەی جەنـەراڵ Clausewitz جەنـگ بەواتـای درێژەپێدانـی سیاسـەتە بـە ئامـرازی تر. هـەوڵ ئـەدات جەنگ وەك ڕووداوێك تێبگات کـە تێیـدا لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خـۆی بەسـەر لایەنێکـی تـری بەشداربووی جەنگەکـە بسـەپێنێ. جەنـگ شـێوازێك لـە کـردارە بەئامانجـی ئـەوەی بەرامبەرەکـەی گیـر بـکات یـان سـنوری بـۆ دابنێـت یـان بیخاتـە ژێـر خواسـتی خـۆی. جەنگیـش هـەروەك ئاشـتی سیاسـەتە. ئاشـتی سیاسـەتە بـێ توندوتیـژی، جەنگیـش سیاسـەتە بەڕێـگای توندوتیژیـەوە. سیاسـەتیش بریتیـە لـە ئامـرازی کەڵـك وەرگرتـن لەبارودۆخێـك بـۆ بەرژەوەندیەکـی تایبـەت.

«کاتێـك دەتوانیـن لـە ناوەڕۆکـی جەنـگ بگەیـن ئەگـەر دەربـارەی سیاسـەتی دووفاقیـی جەنگەکـە بکۆڵینـەوە بـەر لـە هەڵگیرسـانی. جەنـگ بەتەنیا پێکدادانـی چەکداری نێوان لایەنـەکان نیـە، بەڵکو ململانێـی توندوتیـژە لـە نێـوان ئابـوری و سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـای لایەنـەکان. بـە دەسـتپێکردنی جەنـگ هەمـوو ئـەم لایەنانـەی ئاماژەیـان پێـدرا ئاراسـتەی سـەرکەوتن و هێنانـەدی ئامانجەکانـی جەنـگ دەکرێـن. جەنـگ ڕووبەڕووبونەوەیەکـی بەرفراوانـی دوو لایەنـە. ئامانجـی ئـەم چالاکیـە ئەوەیـە دوژمنەکـە بخرێتـە ژێـر ڕکێفـەوەو لـە چالاکـی بخرێـت بـۆ ئـەوەی بـەم ڕێگایـەوە بگاتـە ئامانجـی سیاسـی. بـەم تێڕوانینـە دژەکـە بـە ڕێـگای زەبروزەنگـی فیزیکیـەوە، لایەنێـك ئیـرادەی بەسـەر ئەویـتردا بسـەپێنێت. دەسپێکی جەنگ پێشتر بـە ناکۆکـی سیاسـی دەسـتپێدەکات. بـەم شێوەیە دەکـرێ جەنـگ وەك درێژکـەرەوەی سیاسـەت ببینرێـت و دەبێتـە ئامـرازی بـە دەسـتهێنانی ئامانجـی سیاسـی. قـەوارەی جەنـگ هەمیشـە دەگەڕێنرێتـەوە بـۆ ئامانجـە سیاسـیەکەی هـەر دوو لایەنەکـە».

**ئیسپانیەکان گەورەترین داگیرکردنیان لە مێژووی ئەمریکای لاتین بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجامداوە بەتایبەت لە وێرانکردنی هیندیە سورەکان**

«لـە ڕوانگـەی مارکسیسـتەکانەوە جەنـگ بەسـەر دوو جـۆری دادپەروەرانـەو زاڵمانـە دابـەش دەکرێـت. جەنگـی دادپەروەرانـە جەنگێکـە دژ بـە کۆلۆنیالیـزم و کۆیلایەتـی و بـۆ بەرگـری لـە نیشـتیمان ئەنجام ئـەدرێ و دەبێتـە هـۆی لاوازی دەسـتدرێژکاران. جەنگـی زاڵمانـەش جەنگێکـە بـۆ کۆیلـە کردنـی خەڵـك و زێدەخـوازی و لەناوبردنـی ئازادیـەکان ئەنجـام ئـەدرێ». بـەڵام جەنـگ هەرچیـەك بێـت هەمیشـە شـێوازێکی توندوتیـژە لـە نێـوان لایەنـەکان.

- **باسی سێیەم**

جەنگەکان لە مێژوودا

وڵاتـە زلهێزەکانـی جیهـان لـە مێـژووی کـۆن و نوێـدا بەدەیـان جەنگـی خوێنـاوی دورودرێژیـان لـە نێـوان خۆشـیاندا تۆمـار کـردوە. دواتـر وەك زلهێـزی کۆلۆنیالیسـت ڕویانکـردە ناوچەکانـی دونیـا بـە مەبەسـتی داگیرکـردن و ڕوتاندنـەوە. وڵاتەکانـی وەك بەریتانیـاو فەرەنسـاو ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریکـاو هۆڵەنـدا و پورتوغـال و بەتایبـەت ئیسـپانیەکان گەورەتریـن داگیرکردنیـان لـە مێـژووی ئەمریـکای لاتیـن بەرامبـەر بـە خەڵکـی ناوچەکـە ئەنجامـداوە بەتایبـەت لـە وێرانکردنـی هیندیـە سـورەکان وەك دانیشـتوانی بەڕەچەڵەکـی ئەمریـکا کـە جەنگـی ئـەم لایەنەشـی لێکەوتـەوە. ئـەو کاتـە بەشـێوە کۆلۆنیالیزمـە کلاسـیکیەکە ئەمـڕۆ بەشـێوە مۆدێرنەکـە. دوای پەلهاویشـتن بـۆ کیشـوەری ئەفەریقـاو هێرشـی داگیرکـردن ئیـتر بازرگانـی کۆیلـەش دەسـتی پێکـرد لـەم کیشـوەرەوە بـۆ ئەمریـکای لاتیـن بەتایبـەت بـۆ ناوچەکانـی بەرازیـل و دەوروبـەر، چونکـە ڕەش پێسـتەکان بەرگـەی زیاتـری

گەرماو کاریان دەگرت وەك لە هیندیە سورەکان. بە دەیان هەزار کۆیلە لە پاپۆرەکانی ناو ئۆقیانوسدا لە گواستنەوەیاندا لەڕێگا لەژێر بارودۆخی قورسی ژیاندا گیانیان لە دەستداوە. بە دەیان جەنگ لە ناوچەکانی کیشوەری ئەمریکای لاتین و ئەفەریقیاو خوارو و خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەن ئەم هێزانەوە بەرپاکراوە. یەکێك لە باڵادەستیی کۆلۆنیالیزمی نوێ لە ئابوری و سیاسەتدا لەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی ئاماژەم پێدا.

## لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە خواست و بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەڵە ڕژێمێك خرانە سەر دەسەڵات کە هەتا ئەمڕۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بووە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی ناوخۆ و هەرێمیی. لەم سەد ساڵەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەك هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەر شاڵاوی جەنگ نەکەوتبێت. ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گواستراونەتەوە.

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی تری هاوچەرخ و بە تەکنەلۆژیای تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە. ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەسەرجەم کاتی مێژووی نوسراوەوە هەر ساڵەو نزیکەی (٣) جەنگی تێدا بەرپاکراوە. لە کاتێکدا لە پەنجا ساڵی نێوان ١٨٩٨ هەتا ١٩٤٧ (٥٥) جەنگ ڕویداوە. لە بیست ساڵی پەنجاکان و شەستەکاندا نزیکەی ٨٠ جەنگ و پێکدادانی تری چەکداری ڕویداوە. مێژوونوسێك هەژماری کردوە کە لەماوەی ٣٤٠٠ ساڵی بیرناوی مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا ٢٤٣ ساڵ بێ جەنگێکی دیارو نەزانراو بووە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ ڕوداوەکانی سەرگۆی زەوی لە سەردەمی زوودا زۆر بەکەم و کورتی تۆمارکردوە بۆچوونی ئەوە هەیە کە لە ڕاستیدا لە هەموو سەردەمێکی مێژووی هەزاران ساڵی دوایدا لە یەکێك یان لە چەند شوێنێکی سەر زەوی جەنگ و پێکدادانی قورس ڕوویدابێت. لە ساڵی ١٩٤٥ - ١٩٧٠ زیاتر لە ٤٠ جەنگی گەورەو بچووك تۆمارکراوە. شتێکی سەیر نیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوداو، و ئەزمونانە ئەو قەناعەتە حوکم بکات کە جەنگ بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتیە.

دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەك جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هێزە کۆلۆنیالیست و داگیرکەرەکان. بەشێکی بەرچاوی جەنگەکان لە ١٩٤٥ ی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبووە، بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی ٢١ وون نابن، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆر و هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن.

لە ساڵی ١٩٥٦ - ١٩٧٠ کۆمەڵە جەنگێك تۆمار کراون، ئەمانە جگە لەو سەدان پێکدادانە خوێناویە بچووك و ناوچەییانەی لەناو هۆزو بنەماڵەو عەشیرەتە جۆربەجۆرەکان و ئەمیرو دەرەبەگە گەورەکاندا ڕۆژانە لەناوچە جیاجیاکانی دونیا ڕوو دەدەن دوور لە فکری سیاسی و ئایدیۆلۆژیا بۆ نمونە شەڕە خوێناویە نێوخۆییەکانی نێوان کورد خۆی لە باشوری کوردستان. لە ساڵەکانی شەستەکان هەتا هەشتاکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٥، ئاسیا ٢٢، ئەفەریقا ١٨، ئەمریکای لاتین ٥ جەنگ تۆمار کراون. لەناو ئەمانەدا جەنگی کۆریا، هیندوچین، ڤێتنام، جەزائیر... ژمارەی جەنگەکانی ٥٠ ساڵی تری ئەم دواییە لە زیادبوندا بووە. ژمارەکان و هێڵی بەرەو

جەنگ ڕۆیشتن لەبەرەو سەرەوە ڕۆیشتندایە. ئەو جەنگانە بۆ وڵاتە ئەوروپاییە ڕۆژئاواییەکان وەك هەڕەشەیەکی گەورە نایەتە بەرچاو. یەکێتی سۆڤیەت و ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە وەك پرەنسیب ئاشتیخوازتر نەبوون، بەڵکو بەهۆی هەڕەشەی چەکی ئەتۆم و ڕۆکێتی دوورهاوێژ و بەهۆی ڕاگرتنی تەرازوی چەکی ئەتۆم نەیانوێراوە ڕاستەوخۆ جەنگ دژ بەیەکتر بەرپا بکەن. بەڵام جەنگەکانی دژ بە یەکتریان بە وەکالەت لەسەر گۆڕەپانی وڵاتانی «جیهانی سێ» دا ئەنجامداوە. ڕۆناڵد ڕیگن بە پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی و چەکی قورس جەنگێکی ئابوری دژ بە یەکێتی سۆڤیەت بەرپا کرد کە بە جەنگی ئەستێرەکان ناسرا. مۆسکۆ و پەکین گەشەکردنی سۆسیالیزمیان لە جیهاندا بە پرۆسەو یاسایەکی نەوەستاو دادەناو هەروەك جەنگی ڤێتنامیش نیشانیدا، ئەمریکاش لە دیدی خۆیەوە خۆی بەناچار دەبینی بە فراوانکردنی بەردەوامی ناکۆکی وەڵام بداتەوە. ئەم وڵاتانەی «جیهانی سێ» بوونە جێگای تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و چەکی مۆدێرنی زەمینی بەسەر مرۆڤ و بەسەر سروشتداو لە دورەوە چاودێری ئەنجامەکانیان کردوە هەروەك ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراقی بەعس لە کوردستاندا ئەنجامیدا.



جەنگی یەکەمی جیهانی / مەدفەعی بەریتانی لە Kap Helles, Gallipoli (١٩١٥)

• **باسی چوارەم**

جەنگ و شێوەکانی

جەنگ بەتەنیا پێکدادانی ڕاستەوخۆی چەکداری و سەربازی نیە، بەڵکو لە چەندین شێوەو جۆردا بەرگ دەپۆشێت، بەڵام ستراتیجیەتەکەی لە کۆتایدا بۆ دەسکەوت و ئامانجێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. جەنگ شێوەی زۆرە: جەنگی ئابوری (سەرمایەو نەوت و کەرەسەی خاو، دەستگرتن بەسەر بازاڕی ئابوریداو بەم شێوەیە دروستکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسیش)، جەنگی گەریلایی، جەنگی ئاین و مەزهەب (بۆ نمونە لە نێوان هیندوکی و ئیسلامەکانی هندستاندا، لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان لە ئیرلەندە)، جەنگ لەپاڵ بەکارهێنانی ئاین و بەناوی ئاینەوە وەك ئایدیۆلۆژیا لە پێناوی ئابوری و ناسیۆنالیزم و داگیرکردندا وەك ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق، ئێران و داعش و تورکیا. هەروەها جەنگی سارد، جەنگی سایکۆلۆژی، جەنگی دژ بە ژینگەش یەکێکە لە شێوەکانی جەنگ.

**وێرانکردنەکە بە ئامانجی وشک کردن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام بوو**

«حکومەتی ئەمریکی لە جەنگی ڤێتنام و کەمبۆجیا چەند جۆرە مەوادێکی گوایە دژ بە حەشەرات بەکارهێنا، هەمان ئەوەی عێراقی بەعسیش لە کوردستان ئەنجامیدا. ئەنجامەکانی لە ڕاپۆرتێکی زانستیی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٧٤ خرایە بەردەم. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: بۆ دەیان و بگرە بۆ سەد ساڵ دەخایەنێت هەتا شوێنەوارو ئەنجامی خراپی ئەم مادە کیمیاویانە نامێنن. جەنگی ڤێتنام دورودرێژترین و گرانترین جەنگ بوو لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی جەنگدا بە هۆی ئەمریکاوە ڕێژەیەکی زۆر لە (هێربیتسید) چەکێکی کیمیاوی دژ بە ڕوەك بەکارهێنرا. ئەنجامەکانی بریتین لە وێرانکردنێکی مەدای دوور لە زەوی کشتوکاڵی و ناوچەی سەوزایی و گوڵ وگوڵزار. لە ٩٠٪ ی بەرنامەی وێرانکردنەکە بە ئامانجی وشك کردن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام بوو. ئامانجەکەی تری بۆ وێرانکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیان

بـوو. کۆچـی دانیشـتوان لـە ناوچـە کشـتوکاڵیەکانەوە بۆ شـارەکانی ژێـر کۆنتـڕۆڵ کـراوی ئەمریکیـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەنجامـی هێرشـی مـاددەی (هێربیتسـیت)، و دیـارە ئەمریکیـەکان ئـەم دیاردەیەیـان مەبەسـت بـووە. لـە نێـوان ١٩٦١ – ١٩٧١ ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا بـە تایبـەت لـە خـواروی ڤێتنـام (٩١) تـەن هێربیتسـیتی بەکارهێنـاوە کـە بریتیـن لـە چەنـد مادەیەکـی کیمیـاوی جۆراوجـۆر. هەندێکیـان وەك (ARGNTE ORANGE) کـە زەهـری (SEVESO DIOXIN-TCDD)ە، کـە تەنیـا ڕوەك وێـران نـاکات بەڵکـو مـرۆڤ و ئاژەڵیـش. لـە دارستانەکانەوە ئـەم (دیۆکسـین)ە چۆتـە نـاو چـەم و ڕوبـارە نزیکەکانـەوە کـە کاری لـە پێکهاتـەی کیمیـاوی ماسـی و چەنـد زیندەوەرێکـی تـری ئاویـی کـردوە کە دیـارە لـە خواردنیانـدا دەتوانێـت ئەنجام و شـوێنەواری خراپـی خـۆی لە مرۆڤدا بـە مـەودای دوور جێبهێڵێت. شـوێنەواری خراپـی ئـەم هێرشـی چەکـی کیمیاویـە هەتـا ئەمڕۆکـە هێشـتا دیـارە. هەتـا گەڕانـەوەی بـۆ بارودۆخـە ئاسـاییەکەی خـۆی ئـەو ناوچانـەی لـە ١ – ٣ جـار ئـەم مەوادانـەی پێداکـراوە بـە مەزەنـدە ٨٠ – ١٠٠ سـاڵی دەوێـت. لـەو دارسـتانانەی ڤێتنـام کـە ئـەم چەکـە کیمیاویانـەی تێـدا بەکارنەهێـنراوە ١٤٥ – ١٧٠ جـۆر لـە مەلـی تێـدا دەژی بـەڵام لـە ناوچـە وێـران و بـەر ژەهـر کەوتـوەکان تەنیـا ٢٤ جـۆر مەلـی تێـدا دەژی. جگـە لـەوە منداڵـی سـەقەت لـە دایکبوو».



سەربازی یابانی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا
(dpa picture-alliance/United Archives/TopFoto)

- **باسی پێنجەم**

جەنگ و گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی سیاسی

جەنـگ هەمیشـە ڕێـڕەوی مێـژوو دەگـۆڕێ. سیسـتەمەکانی ئەوروپـا خۆیـان لـە ئەنجامـی جەنـگ هاتونەتـە کایـەوە. سیستەمی دەوڵەتیـی ئەوروپا بـە ئامـرازی هێـز بەواتا بـە ڕێگای کۆلۆنیزەکـردن گوازراوەتـەوە بـۆ دەرەوەی دونیـای ئەوروپـا، هەروەهـا لـە خەباتـی دژ بـە دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیزمـی ئەوروپـی بـە واتـا بـۆ ڕزگاربـوون لـە کۆلۆنـی بـوون دەوڵەتـە مۆدێرنەکانـی ئاسـیاو ئەفەریقـا سـەریانهەڵدا . دەگەمـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە سـەرجەم ئـەو جەنگانـەی لـە مێـژوودا ڕویانـداوە چارەنوسـێکی ڕێکەوتـی مرۆڤایەتـی نیـن.

**ئەم ناوچەیە، کە دەوڵەتەکانی بەشی رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە**

- **بەشی دووەم**

گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە

رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە خـاوەن فـرە نەتـەوەو ئێتنیـك و ئایـن و مەزهـەب و کەلتـوری جیـاوازە سـەرچاوەی ژمارەیەکـی زۆری جەنـگ و ناکۆکـی و پێکدادانـە کـە بەشـێکی دەگەڕێنـەوە بـۆ قوڵایـی مێـژوو. ئـەم ناوچەیـە، کـە دەوڵەتەکانـی بەشـی رۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت دەگرێتـەوە کـە بریتیـن لـە: تورکیـا میـسر، سـوریا، لبنـان، ئیسرائیـل، ئـوردون و قوبـرس، هەروەهـا دەوڵەتەکانـی کەنـداو، دەریـای سـوور وەك ئێـران، عێـراق، یەکێتـی ئیماراتـی عەرەبـی، بەحرەیـن، قەتـەر، عومـان و شـارقە، یەمـەن و سـعودی عەرەبـی.




دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەرچاوە / Klaus Hornung, Krisenherd Naher Osten, München, ١٩٩٣, S. ١١

ئەم ناوچەیە سەدان ساڵە شوێن و پردی پێکەوە گرێدانی نێوان سێ کیشوەری جیهانە کۆنەکەی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەوروپایەو خاڵێکی گرنگی گرێدەری پەیوەندی دەریایە. کردنەوەی کەناڵی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩ پەیوەندیەکی نزیکی دەریاییە لە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای سوور، جگە لەوەش بەئۆقیانوسی هندیەوە. بەواتا گرنگیەکی ئابوریشی هەیە. کەناڵی سوێس لە جەنگی دووەمی کەنداودا لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بۆ مەبەستی جەنگی دژ بە عێراق بەکارهێنرا.

بۆ لێدانی ئەفغانستان ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانیەتی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو نەبوو. بۆ لێدانی عێراقیش ئەمریکا هاوپەیمانەکانی خۆی لێرەدا لە تورکیاو ئیسرائیلدا بینیەوە بە تایبەت گرنگیی تورکیا لەوەدایە کە وڵاتێکی ئیسلامیەو عەرەبییش نیە.

ئەو ٣ خاڵەی خوارەوە ئاماژەیە بەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جەنگ و قەیرانی بەردەوام و قوڵدا گوزەر دەکات.

*) هیچ ناوچەیەك نیە لە جیهاندا ئەوەندە بڕیاریUN ی لەسەر دەرکرابێت وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*) هیچ ناوچەیەك ئەوەندە نەکەوتۆتە ژێر باری جەنگ و قەیران ویرانکردنی ژینگە وەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*) لە هیچ ناوچەیەکی «جیهانی سێ» ئەوەندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرباز نیەو لەو دەیان ساڵی دوایدا ئەوەندە چەك و کەرەسەی جەنگ کۆنەبۆتەوەو بەکار نەهێنراوەو ئەوەندە پارە بۆ سوپا خەرج نەکراوە وەك لەم ناوچەیە کراوە. ئەم ناوچەیە دەیان ساڵە بۆتە گۆڕەپانی ژمارەیەکی زۆر لە جەنگ و پێکدادان. شتێکی رێکەوت نیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سندوقی باروت نێودەبرێت چونکە هەمیشە لە تەقینەوەدایە.

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گشتێکی تەواوە کە هەر گیروگرفتێکی کەم یان زۆر کار دەکاتە سەر تێکرای ناوچەکە**

ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکانی ئەم دەیان ساڵەی دوایی کەوتونەتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ناوچەیە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیەوە ناوچەیەکی ئاڵۆزەو جیاوازی پێکهاتە ئابوریەکەیشی بە روونی دەبینرێت کە بەهۆی فرە نەتەوەو ئێتنیك و ئاینی و مەزهەبیەوە ناکۆکیەکانی زیاتر بەرەو کولانبوون بردوەو لەبەر زۆرێك فاکتەر بەراورد کردنی بەناوچەکانی تری جیهان ئاڵۆزترە بۆ نمونە ئەمریکای لاتین کە خاوەنی یەك زمان (جگە لە بەرازیل)، یەك کەلتور، یەك ئاین و یەك مێژووی هاوبەشە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گشتێکی تەواوە کە هەر گیروگرفتێکی کەم یان زۆر کار دەکاتە سەر تێکرای ناوچەکە. کۆمەڵێك فاکتەر هەن بوونەتە هۆی دروستکردنی نائارامی و هەڵگیرسانی جەنگ و شەڕو پێکدادان لە ناوچەکە کە ئەمانە هەندێکیانن :

*) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند ڕژێمێکی ناکۆك و ناتەبا هەن کەبەگژ یەکتردا دەچن و ململانێی یەکتر دەکەن و

ئەوەندەی بۆیان دەلوێ هەوڵ ئەدەن خۆ بسەپێنن و سەر بە یەکتر دانەوێنن. ئەم پێکەوە نەسازانەش کەشوهەوایەکی گرژیی پەیداکردوەو لە ڕابوردوداو ئێستاش بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بەرەو بۆڕبۆڕێنی خۆچەکدار کردن و پەیداکردنی جبەخانەو پێشکەوتوترین چەکی کۆکوژ بڕوات. ئایدیۆلۆژیا ناتەباو ستراتیجە ناکۆك و پێکەوە نەگونجاوەکان و پێداویستیەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییش دەستیان لەجێگیر کردنی نائارامیدا هەبووە.

**تا ئێستا نەویستی ئەو ڕژێمانە لە گەڕانەوە بۆ گەل لە مەسەلەی بڕیارداندا چەند جارێک ناوچەکەی بەرەو جەنگ بردوە**

* ) پەرەسەندنی سیاسی / ئابوری و کۆمەڵایەتی نارێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە هۆی داواکردنی دەلاقەی نێوانیان و قوڵکردنی ئەو ناکۆکیانەی هەر لەبنەڕەتدا هەبوون.

*) دانیشتوانی ناوچەکە بەدەم چەوساندنەوەو نایەکسانیەوە تلاونەتەوەو گیروگرفتی دێرینیان هەیە. حەساسیەتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە داخوازیە ئیقلیمیەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی ناوەندو زیادکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە هەیە بۆتە هۆی پێك هەڵپژانی سیاسی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ. تا ئێستا نەویستی ئەو ڕژێمانە لە گەڕانەوە بۆ گەل لە مەسەلەی بڕیارداندا چەند جارێك ناوچەکەی بەرەو جەنگ بردوە.

*) دیموکراسی لە ناوچەکەدا هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نیە. مێژووی سیاسی ناوچەکەش بۆتە مێژووی چەند ڕژێمێکی سیاسی یەك لەدوای یەکی نادیموکرات. تائێستاش زۆربەی هەرە زۆری ڕژێمەکانی ناوچەکە بڕوایان بەبەشداری سیاسی گەل و فرەحیزبی نیەو ئەو مافە بەڕیشی گەل ڕەوا نابینن کە ئەو لایەنە بگەیەنێتە دەسەڵات کەخۆی دەیەوێ. ئەو ڕژێمانە ساغیان کردۆتەوە کە بەشێوەیەکی ترسناك و سەرسوڕهێنەر توانای مانەوەو بەردەوامبوونیان هەیە. مێژووی نزیکیش ڕونیکردۆتەوە کە زۆربەی جار پرۆسەی گۆڕینی سیاسی بە بەکارهێنانی زەبروزەنگێکی توندڕەو ئەنجام دراوە. لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆشدا پێدەچێت پرۆسەی گۆڕینی سیاسی لە ناوچەکەدا بە دوو شێوە بێتەدی:

بە شۆڕشی ناوخۆ، کودەتای سوپا، یان بەکارهێنانی ڕوخسارەکانی تری زەبروزەنگ وەك تیرۆر و بەزۆر دەست لە دەسەڵات پێهەڵگرتن.

بەدەستێوەردانی دەرەکی (سوپایی، یان ئابوری).

## • دەرئەنجام

جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی توندوتیژیی. لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنێکی تری بەشداربووی جەنگەکە دەسەپێنێ. جەنگ شێوازێك لە کردارە بە ئامانجی ئەوەی بەرامبەرەکەی گێر بکات یان سنوری بۆ دابنێت یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی. جەنگیش هەروەك ئاشتی سیاسەتە. ئاشتی سیاسەتە بێ شەڕ، جەنگیش سیاسەتە بەڕێگای جەنگ و توندوتیژی فیزیکیەوە. جەنگ بە تەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەڵکو ململانێی توندوتیژە لەنێوان ئابوری و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانە ئاڕاستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەڵە ڕژێمێك خرانە سەر دەسەڵات کە هەتا ئەمڕۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بووە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی نێوخۆو هەرێمیی. لەم سەد ساڵەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەك هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەر شاڵاوی جەنگ نەکەوتبێت. بە دەیان جەنگ لە «جیهانی سێ» بەرپا

کراوون بە وەکالەت بۆ زلێهزەکانی ڕۆژئاواو رۆژهەڵات. لەبەر چەند فاکتەرێك ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گواستراونەتەوە.

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی تری مۆدێرنانەو بە تەکنیکی تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە.
دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەك جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هێزە کۆلۆنیالیست و داگیرگەرەکان. زۆربەی جەنگەکان لە ١٩٤٥ی دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبووە، بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون و وەك شێوەیەکی جەنگ وێنای سەدەی ٢٠ و ٢١ یان کردوە. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی ٢١ وون نابن بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆر و هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن.

جەنگ هەمیشە ڕێرەوی مێژوو دەگۆڕێ. سیستەمەکانی ئەوروپا خۆیان لە ئەنجامی جەنگ هاتونەتە کایەوە. سیستەمی دەوڵەتی ئەوروپا بە ئامرازی هێز بەواتا بەڕێگای کۆلۆنیزەکردن گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی دونیای ئەوروپا، هەروەها لە خەباتی دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بە واتا بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنی بوون دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئاسیاو ئەفەریقا سەریان هەڵدا.
دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم ئەو جەنگانەی لە مێژوودا ڕویانداوە چارەنوسێکی ڕێکەوتی مرۆڤایەتی نین.

---

سەرنج: ئەم وتارە بەشێکی کەمە لە کتێبێکی بەندە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە چاپ ئەدرێت.



# تازەگەریی دیموکراتیی وەک ئەڵتەرناتیڤی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی رەخنەیەک لە هزری: ئۆجەلان



سیڤان سەعید

**پێشەکیی:**

زیندانیکردنی ئۆجەلان ئەگەر گورزێکی مەزن بووبێت لە ئەڤگەریی ئازادیی کوردان و بەتایبەت بزووتنەوەی پەکەکە لە کوردستاندا؛ بەڵام بەدیوێکیتردا دەسکەوتێکی یەکجار مەزنیی تیۆریی و ئایدیۆلۆگیی بوو بۆ بزووتنەوەکە. بەهۆی دەرفەتیی بیرکردنەوەو راڤەگەلێکی قووڵ لەزینداندا، ئۆجەلان بۆخۆی لە سەرۆکی پارتێکی سیاسییەوە بوویە بیرمەندێکی ئەوتۆ کە وردەوردە رۆڵ و کاریگەرییە هزریی و رۆشنبیرییەکانی لە ناوەندە سیاسیی و ئەکادیمییەکاندا بەدەردەکەوێت.

نەناسینی ئۆجەلان یەکێکە لە کەموکوڕییە کوشندەکانی ناوەندی رۆشنبیریی و ئەکادیمیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە نێوکورداندا. بەڵام لەبەرئەوەی کە ئۆجەلان تەنها بیرمەندێک نیە، بەڵکو رێبەری بزووتنەوەیەکی فرە رەگە و فرە رەهەندی کۆمەڵایەتیی زۆر فراوانیشە؛ بۆیە لەوە کوشندەتر بەهەڵە تێگەیشتنە لەم بیرمەندە بەتایبەت لەلایەن ئەو کەس و گرووپانەوە کە خۆیان بە دۆست و لایەنگر و یاخود بە شوێنکەوتەی ئۆجەلان دەزانن.

چانسیی مەزنی ئۆجەلان لەوەدابوو کە توانیی بەرخۆدانێکی بێ وێنە بکات لەزیندان و دوژمنەکانی ناچار بکات کە ئەوەبکەن کە ئۆجەلان دەیەوێت، نەک ئۆجەلان ئەوە بکات کە دوژمنەکانی دەیانویست. کاتێک ئۆجەلان هێنرایە دوورگەی ئیمرالی و سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاند، هەم گەلی کورد و هەمیش هەموو ئەوانەی کە لە دوور و نزیک ئاگاداری رەوش و دیرۆکی کوردانبوون، چاوەڕێ بوون ئۆجەلان وەک قوربانییەکی نەبەز چەند وشەیەکی عاتیفی بەکاربهێنێت و چیرۆکە جەندبارەبووەکانی دیرۆکی کوردان دووبارەبکاتەوە. خەڵک پییان وابوو ئۆجەلان دەبێت وشەگەلیی لە وێنەی (یان کوردستان یان نەمان، بژی کورد و کوردستان....هتد) بڵێت وتەسلیمی قەدەریی سەدانساڵەی کوردایەتیی ببێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئۆجەلان رێگەی لەبەردەم قۆناغ و جۆرێکی تر لە خەباتکردەوە کە تا چەند ساڵێکی درەنگتریش جگە لە هەڤاڵ و کادرە نزیکەکانی بزووتنەوەکەی کەس نەیدەتوانی هەزمی ئەو شۆکە بکات کە ئۆجەلان دروستیکرد.

## (یەکەم قوربانیی دەستی ئۆجەلانیزم)

لەلایەکی ترەوە بێ چانسیی ئۆجەلان لەوەدایە کە تا رۆژی ئەمڕۆیش، کەسانێکی زۆر بەهۆی هزر و بیریی ئەم بیرمەندەوە سەرڕێگاکەوتوون و کەچی کەمێکی زۆر کەمیان لە راستیی و قووڵیی هزری ئۆجەلان تێگەیشتوون. لە بۆنەیەکی تردا ئەم رەوشەم وەها هێناوەتە زمان: ئۆجەلان (یەکەم قوربانیی دەستی ئۆجەلانیزم). لە وەختێکی تردا بە درێژتر شرۆڤەی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە دەکەم. ئاماژەکردن بەم دوو خاڵە لێرەدا تەنیا بۆ خۆپاراستنە لە تۆمەتی دژبوونی سەرتاسەری لەحاڵی رەخنەگرتنم لە ئۆجەلان و هەرواش تۆمەتیی لایەنگربوونی بێشەرت و قەیدی ئۆجەلان لەحاڵی پەسندانی هزرو ئایدیاکانییدا لەمەڕ هەڵسەنگاندنی هەردوو چەمکی مۆدێرنێتەی سەرمایەداریی و تازەگەریی دیموکراتیی.

لەم نوسینە زۆر کورتەدا، هەوڵدەدەم لەسەر چەمکی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی وەک سیستەمێکی زەبەلاحیی جیهانیی کە هەموو کایەکانی ژیانی داگیرکردووە

هەڵسەنگاندنێک بکەم؛ هەروەها لەسەر چەمکی ئازەگەریی دیموکراتیی وەک ئەڵتەرناتیڤی چەمکی یەکەم ڕەخنەیەک لە ئۆجەلان بگرم.

- **مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی:**

چەمکی مۆدێرن، یان ئازەگەریی ناخەمە بەردەم پێناسە باوەکانی ناوکێتیەکانی ئەکادیمییستەکان. مەبەستم لەوەیە کە بڵێم ناتوانم لە بابەتی ئایدیا و هزرەوە پۆلێنێکی لە وێنەی تازە و کۆن بەهەند وەربگرم. ئەوەی هەیە برینیە لە دووبارە سواقدانەوەی بەها و دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان، بەتایبەت لەم دووسەدەیەی دواییدا. هەروەها چەمکی سەرمایەداریی ناکرێت وەک دیاردەیەکی تازە تەماشا بکرێت. ئەوەی ئەنتۆنی گیدنز شێوازی سەرمایەداریی ڕۆژاوایی لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە بە سەرەتای سەرمایەداریی مۆدێرن لەقەڵەمدەدات؛ تەواو کورت دەهێنێت و جگە لە ئۆخکردنەوەی هێڵەکانی سەنتریزمی ئەورووپایی کە ماکس ڤیبەر ئەندازیارەکەی بوو هیچیدیکە نیە. بەڵام ئەوەش لەبەرچاوەگرم کە ئەو هێزە زەبەلاحەی کە لە ڕۆژئاوادا خۆی ئۆکمە کردووە و دەسەڵاتی بەسەر دنیادا کێشاوە خۆی وەک مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بەناوکردووە. کەواتە مژاری من لەسەر ئەو هێزە زەبەلاحەیە کە ئەم ناوەی لەخۆی ناوە و حاڵی حازر هەژموون و دەسەڵاتی بەسەر تەواوی دنیادا هەیە.

بونیادی سەرەکی ئەم هێزە لەمرۆدا لەسەر سێ پایە ڕاوەستاوە. یەکەم: دەوڵەتی نەتەوەیی، دووەم: زۆرترین قازانج و سێیەمیش: پیشەسازیی (ئیندستریاڵیزم). هەر یەک لەم سێ پایەیە بەهێزکراون بە وزەیەک کە وەک لیبراڵیزم بەناوکراوە. لیبراڵیزم دەمامکێکی سیحرییە کە لە شێوەی ئازادیی و مافی مرۆڤدا خۆی نیشاندەدات و بانگەشەی ئەوەدەکات کە سەرمایەداریی مۆدێرن ئازادیی و مافی مرۆڤ و هەلی ژیانی باشترو کار بۆهاوڵاتییەکانی ئەو وڵاتانە دابیندەکات کە چانسی ئەوەیان هەبووە لە نیعمەتی سیستمی سەرمایەداریی مۆدێرن بەهرەمەندبن. بەڵام لەڕاستیدا نە لیبراڵیزم وەک ڕێبازێک و نە سەرمایەداریی مۆدێرنیش وەک سیستەمێک دەتوانن خۆشبەختیی و هەلی ژیانی ئازاد و ئاشتییانە بۆ خەڵک دابین بکەن. ئەوەی هەیە تەنیا ڕامکردن و بەڕێوەبردنی خەڵکە لەلایەن کەمینەیەکی نەماحبازیی سەرمایەسازەوە کە هەموو بەهاو مۆراڵە مرۆییەکانیان خستۆتە خزمەتی کەڵەکەکردنی سەرمایەوە.

**شۆڕشی پیشەسازیی و هەوڵی بەدەستخستنی زۆرترین قازانجیش وەک دوو پایەی دیکەی مەزنی ئەم سیستەمە دێنە هەژمار**

سەرمایەداریی مۆدێرن لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا لە ئەورووپاوە نەقشی خۆی لە بەرجەستەکردنی نەتەوەسازییدا هێناوەتە پێش. دروستکردنی نەزعەی نەتەوەیی و لە دواهەمین هەنگاویشیدا دامەزراندنی دەوڵەتگەلێک کە بە دەوڵەتی نەتەوەیی بەناوکراون؛ بە مەزنترین هەنگاوی سەرمایەداریی مۆدێرن دێنە هەژمار. شۆڕشی پیشەسازیی و هەوڵی بەدەستخستنی زۆرترین قازانجیش وەک دوو پایەی دیکەی مەزنی ئەم سیستەمە دێنە هەژمار. لەم پێناوەدا مرۆڤایەتیی بە نارەحەتترین سانەکانی ژیانیدا تێپەڕیوە لە مێژووی خۆیدا. ئەم دوو سەدەیەی دوایی (نۆزدە و بیست) بوونە شاهێدی کوشتار و قەتڵ و عامێکی بێوێنەی مرۆڤەکان و لەناوچوونی کەلتوور و خەیاڵ و بەهاگەلێکی گرووپ و نەتەوەو گەلە جیاوازەکان کە لە دیرۆکدا وێنەی نەبووە. مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لەگەڵ خۆیدا نەتەوەپەرستیی و نەتەوەسازیی مۆدێرنی پێشخستووە کە لەپێناوی ئاواکردنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی لائیک و سێکولاردا ئامادەبووە، چەندین پاکتاویی ڕەگەزیی و زمانیی و کەلتووری ئەنجامبدات. شەرعییەتدان بە سەردەستەیی گرووپێک و دروستکردنی ناسنامەیەکی ساختە بۆ کۆمەڵێک خەڵک و بەزۆر سەپاندنی

بەسەر تەواوی گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکانیتردا یەکێکە لە دیاردە هەرە دیارەکانی ئەم مۆدێلە لە ئاواکردنی نەتەوەپەرستیی (ناسناڵیزم). ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەم نێوەندەدا بەکارهێنان و یاریرکردنە بە چەمکی سێکولاریزم. ئەم چەمکە بۆخۆی هەڵگریی ئیشکالییەتی گەورەیەو لەم نووسینەدا جێگەی رەخنەکردنییمان نیە. بەڵام ئەوەی گرنگە بگوترێت کە نەتەوەپەرستیی خۆی بۆ خۆی هەڵگریی پیرۆزییەکی ئاسمانییە و زۆربەی جاران سەرۆکە نەتەوەییەکان هەڵگری سیفاتیی نەمریی و پیرۆزیی و بێ کەموکوڕیین لە دیرۆکدا. لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکی سێکولارییزم و لائیبکوونیشدا، پیرۆزیی و پاک و بێگەردیی رۆحی نەتەوەو بەرەکەتی خوداوەنداکان و هەڵبژاردنی نەتەوەی پاک و پاراستنیی لەلایەن خوداوە هەمیشە جێگەی گرنگیی ئایبەتیی بووە.

**کراسێکە کە لە دەرەوە دووراوە و هێنراوە بەزۆر کراوە بەبەری ئەو خەڵکانەدا کە لەو جوگرافیایەدا و لەناو ئەو سنوورە دەسکردانەدا نیشتەجێن**

ئەم بیرۆکانە دەمانگەیەننە ئەو بڕوایەی کە مۆدێرنینەی سەرمایەداریی بە درێژایی ئەم دووسەدەیە لەهەوڵی بەدەسنخستنی دەسەڵاتدابووە بۆ کۆمەڵێکی کەم لە ئیلیتی (نوخبە) ی سیاسیی و ئابووری کە پیشەسازیی و زۆرترین قازانجیان بەدەسنهێناوە و لەم پەیوەندیەشدا سازدانیی دەوڵەتی نەتەوەییان وەک ئێنتینیگەلێک بەکاربردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی گەلان و ئیدارەدانی حکومەتە سەپێنراوەکانی سەر گەلان. لەم پێناوەشدا بەهیچ شێوەیەک بیر لە پاراستنی کولتوور و خەیاڵ و ئایبەتمەنییەکانی گەلان نەکراوەتەوە. تەنانەت سڵ لە جینۆساید و پاکتاویی فیزیکی خەڵکانیش نەکراوەتەوە. بەناوی پێشکەوتن و مۆدێرنبوونەوە هەموو رێگەیەک گیراوەتەبەر بۆ یەکانگیرکردن و یەکرەنگکردنی رەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

مۆدێلی دەوڵەتیی نەتەوەیی بەعسیی سووریی و عێراقیی و مۆدێلی ناسناڵیزمی تورکیی وەدەوڵەتۆکە عەرەبییەکان هەموویان ئەم راستییە بەدەردەخەن.

ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە ئەگەر وردتر تەماشای ئەو قەوارانەی (کیان) کە لە ژێرناوی دەوڵەتی نەتەوەوە دروستکراون بکەین؛ دەبینین کە ئەو ناسنامەیەی کە دەوڵەتەکە هەلیدەگرێت، دروست نوێنەرایەتی هیچ گروپێکی سروشتیی و راستینەی ناوکۆمەڵگا ناکات. بەڵکو کراسێکە کە لە دەرەوە دووراوە و هێنراوە بەزۆر کراوە بەبەری ئەو خەڵکانەدا کە لەو جوگرافیایەدا و لەناو ئەو سنوورە دەسکردانەدا نیشتەجێن. نموونەی عێراقی عەرەبیی لە تەواوی سەدەی بیستدا ئەم راستییە روونتردەکاتەوە. کێ دەتوانێ پێمان بڵێ کە دەسەڵاتی سیاسیی و نەتەوەیی عەرەبیی لە عێراقدا تەعبیربوو لە خواست و داوای خەڵکانی ئەو سنوورە دەسکردەی کە بە عێراق ناوزەدیانکرد؟ لەلایەکی ترەوە هەر بۆ خودی دەسەڵات و دەوڵەتەکە بەناوی سەروەریی نەتەوەیی و دەوڵەتییەوە، دەسەڵاتی سەرکوتکاریی دەوڵەت بەهەموو شێوەیەک سەرکوتیی داواو مافە رەواکانی گرووپ و کۆمەڵە کەلتووریی و ئەتنیی و ئایینیی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانیان دەکرد. بەڵام کەس دەتوانێ پێمان بڵێ کە ئایا ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە بچووکانەی لە نموونەی عێراقی عەرەبیی و دەوڵەتۆکە عەرەبییەکان بەگشتیی خاوەنی سەروەریی نەتەوەیین؟ ئەمە جگە لە توخم و بنەماکانی نەتەوە و دواتر چەمکی دەوڵەتی نەتەوەییش کە بۆخۆیان هەڵگریی چەندین ئیشکالیەتی چارەسەرنەکراون. بۆ نموونە دەوڵەتی میسریی عەرەبی چ مانایەکی هەیە؟ چ سەروەریی و سەربەخۆییەکی سیاسیی و ئابووریی و تەنانەت کەلتووریشی هەیە لە رۆژگاریی مۆدێرندا و لە سایەی مۆدێرنینەی سەرمایەدارییدا؟.

گرنگیی تێڕامان لە رەوشی گەلان و هەبوونی ئەو رەوشە سەختەی کە بەهۆی خەیاڵ و پراکتیکردنەکانی مۆدێرنینەی سەرمایەدارییەوە هاتۆتەئاراوە کە بۆتە هەڕەشەیەکی زۆر

جددی لەسەر مان و هەبوونی فرەڕەنگیی و فرە کولتووری لە نێو گەلاندا ئەوەیە کە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە چارەسەرێک یان ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەم رەوشە سەختە. لە دووسەد ساڵی رابردوودا چەندین بزووتنەوەو ئایدیۆلۆژیای جیاواز لەهەوڵی بەربەرەکانێی ئەم سیستەمەدا بوون. لە ئەوروپادا بزووتنەوە کرێکاریی و پیشەییەکان، هەتا بزووتنەوە ئایینییەکان و فێمێنیستەکانیش، هەتا بزووتنەوە نەتەوەییە ناڕازییەکانیش لەهەوڵی پێشخستنی گوتارێکی ئەڵتەرناتیڤدابوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیستەمەی کە لێرەدا بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ناودێرمانکردووە. لە جیهانی ئیسلامیدا بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەبیی، بارگاویکراو بە خەیاڵیی ئایینیی وەک شێوەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم سیستەمە هاتنە بەرچاو. خودی کۆمۆنیزم و شێوازە جۆربەجۆرەکانی سۆسیالیزم و شرۆڤەکانی مارکس و ئەنگلس تا دەگاتە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بنیادنانی سیستمی سۆسیالیستی لە چین و سۆڤیەت و پەلکێشانی ئەم هزرەش بۆ جیهانی سێ بە گشتیی و جیهانی ئیسلامیی بەتایبەتی وەک شێوەیەک لە ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەمە هاتنە بەرچاو. بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەم بزووتنەوانە بەگشتیی ئەوەبوو کە هەر لەسەرەتاوە خەریکی نۆخکردنەوەی ڕێباز و بەهاکانی هەمان سیستەمبوون کە بە حساب دژایەتییان دەکرد. ئەمە جگە لە ناکامڵیی هزرمەندو چالاکوانەکانی ناو ئەم بزووتنەوە جیاوازانە لە درێژایی سەدەی نۆزدە و بیستدا. واتە لە رواڵەتدا ئەم بزووتنەوانە بانگەشەی ئازادکردنی کۆمەڵگاکانیان دەکرد لە ژێر دەستی کۆڵۆنیاڵییدا و بەهیوای پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی و ئازادیی بۆ خەڵک؛ بەڵام لە جەوهەردا ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوانە سەریدەکێشا بۆ فاشیزم و شۆڤێنییەت و ستەمکاریی و پێشێلکردنی ئازادیی و یەکسانیی و عەدالەتیی کۆمەڵایەتیی. لە ڕواڵەتدا ئیعلانی شەڕکردنبوو لەگەڵ کۆڵۆنیالیزم، بەڵام لە ئەنجامدا دروستکردنی دەوڵەتیی بچووکی کۆڵۆنیالیی لێکەوتەوە کە بوونە مایەی جەنگ و ماڵوێرانیی خەڵک. نموونەی ئەم بزووتنەوانە لە هەرپارچەیەکی دنیادا هەن و لە ژمارەنایەن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆخۆی دیارترینیانە. بینرا کە سوپەر دەوڵەتی سۆڤییەتی پێشوو چۆن لە شۆڕشێکی ئازادیخوازەوە سەریکێشا بۆ ستەمکاریی و ناعەدالەتیی. بینرا کە ئەو قەوارە مەزنە چۆن بوویە مایەی درێژکردنەوەی تەمەنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و سیستەمی کاپیتاڵیزمی رۆژاوایی. هەروەها دەبینین لەمڕۆدا چۆن دەوڵەتی سەرمایەداریی چینی لە ژێرناوی پارتی کۆمۆنیستدا چ خزمەتێکی بەرچاو بە سیستمی کاپیتاڵیزم دەکات. لە وڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکانیشدا نموونەی دەوڵەتی تورکیا و پاکستان و دەوڵەتە عەرەبییەکانمان هەیە کە جگە لە ستەمکاریی و نا یەکسانیی کۆمەڵایەتیی و جگەلە وابەستەیی و گوێڕایەڵی هێزە رۆژاواییەکان هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆیان بەدەستنەخستووە.

**بە زمانی ئۆجەلان ئەم بیرۆکەیە دەربڕم، هەتا ئەڵتەرناتیڤێک پێشنەخرێت و خەڵکی بۆ سەفەربەرنەکرێت، رەوشەکە تەنیا درێژەدان دەبێت بە ستەمکاریی و داگیرکاریی**

کورتەی مەبەست ئەوەیە کە هەتا ئەم بزووتنەوانە رێ و ڕێبازیی خۆیان نەگۆڕن و بەهەمان مینۆدی داگیرکارەکانیان هەوڵی خۆ رزگارکردن بدەن؛ هەتا بە هەمان مینۆدی بازرگانە نەماجبازەکانی کە سامانی ئەم گەلانە بۆخۆیان دەبەن ئەمانیش بیانەوێت سامان و ماڵی خۆیان بپارێزن؛ هەتا بە هەمان چەکی دوژمنەکانیان بەرگریی لەخۆیان بکەن رەوشەکە لەمە باشتر نابێ. بە زمانی ئۆجەلان ئەم بیرۆکەیە دەربڕم؛ هەتا ئەڵتەرناتیڤێک پێشنەخرێت و خەڵکی بۆ سەفەربەرنەکرێت، رەوشەکە تەنیا درێژەدان دەبێت بە ستەمکاریی و داگیرکاریی گەلان وکۆمەڵگە و ئابووریی و کولتوورەکانیان. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ ئەم سیستەمە چییە؟

## • تازەگەریی دیموکراتیی

چەمکی دیموکراتیی یەکێکە لەو چەمکە زۆر بە ئیشکالانەی کە بەهەموو شێوازێک یاریی پێکراوەو و دەتوانم بڵێم هەم لەلایەن سیستەمی سەرمایەداریی و هەمیش لەلایەن بزووتنەوە بەرهەڵستەکانییەوە ئەنانەت لاقەیش کراوە. ئۆجەلان یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە زۆر بە قووڵی لەم چەمکە تێگەیشتووە و باش مێژووی ئەو چەمکەی هەزمکردووە؛ بۆیە لەهەمووکەس زیاتر بەکاریدەهێنێت و ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ ئەم چەمکە نەدیوەتەوە تا ئێستا. بۆیە لە رواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ئۆجەلان تەسلیمی حەتمیەتی ئەم چەمکە بووە. بۆیە وەک ئەڵتەرناتیڤی تەواوی سیستەمەکە ئەم چەمکەی کردووە بە ئەساس و بنکەی ئیشەکەی.

وەک ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەر سێ پایەکەی سیستەمی

**هەریەک لەم سێ مۆدێلە پێویستیی بە شرۆڤە و ناساندنێکی قووڵ و نەفەس درێژانە هەیە لە لایەنیی تیۆرییەوە**

سەرمایەداریی؛ ئۆجەلان سێ مۆدێلی پێشخستووە. یەکەم، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی لە جێی دەوڵەت - نەتەوە. دووەم، ئابووریی کۆمیناڵ واتە لەسەر ئەساسی قازانجی کۆمەڵگە؛ لە جێی زۆرترین قازانج. سێیەم، پیشەسازیی ژینگەپارێز، (ئیکۆلۆژی) لە جێی پیشەسازیی سەرمایداریی( ئیندوستریالیزم.). هەریەک لەم سێ مۆدێلە پێویستیی بە شرۆڤە و ناساندنێکی قووڵ و نەفەس درێژانە هەیە لە لایەنیی تیۆرییەوە. لەم نوسینەدا ئەمتوانی شتێک ئیزافەبکەم بۆ شرۆڤەکانی ئۆجەلان دەرهەق بەم سێ مۆدێلە، بۆیە تەنیا ئەوە دەڵێم کە خوێندنەوەی کتێبی سۆسیۆلۆژیای ئازادیی گرنگترین کارێکە بۆ تێگەیشتنێکی رەخنەیانەی قووڵ لەمبابەتە. بەڵام لێرەدا تەنیا مەبەستمە دوو خاڵ شرۆڤە بکەم:

یەکەم؛ ئۆجەلان لە مژاریی پێشخستنی ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەمەدا شتێکی تازەی نەهێناوە. بەڵکو لە هەناویی ئەزموونەکانی مێژووەوە، بەتایبەتیش لەم دوو سەدەیەی دواییدا، بۆ ئەڵتەرناتیڤ گەڕاوە و ئەم تێزەی پێشخستووە. تەنها شتێکی زۆر گرنگ کە ئۆجەلان کردبێتی، تێکهەڵکێشکردنی چەمکی دیموکراتیی راستەوخۆ و رادیکاڵە لە شێوازی بەڕێوەبردنیی کۆمەڵگەدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی هێزپێدانی وردە کولتوورەکان و گرووپ و کۆمەڵە کەمینە و بێدەسەڵاتەکان.

دووەم: ئەم هەوڵەی ئۆجەلان لە حاڵی پراکتیکدا لەبەردەم ئیمتیحانێکی تاوازەدایە. لە رەوشی سەفەربەرییدا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆمەڵە و گرووپە مارژیناڵەکان (پەراوێزخراو) وەڵامی پۆزەتیڤیان بەم خەیاڵەی ئۆجەلانداوەتەوە (بەتایبەت لە کوردستاندا). بەڵام لەحاڵی سەرکەوتنی فیزیکیی و گرتنەدەستی دەسەڵاتدا، ئەگەرێکی نە بچووکە کە ئەم هەوڵەی ئۆجەلانیش بگەڕێتەوە سەر رێچکەی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست و دیسانەوە ببێتە درێژە پێدەری سیستەم. ئەم ترسە لەلایەن ئۆجەلان خۆیەوە زیاتر لە چەندین جار ئاماژەی پێکراوە. رەخنەی ئەم نووسینە لە ئۆجەلان ئەوەیە کە تەسلیمبوون بە چەمکی دیموکراسیی و سەرنەکەوتن لە گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا بۆ خودی دیموکراسیی یەکێکە لە کورتهێنانەکانی تێزەکەی. هەربۆیەش لە حاڵی پراکتیکدا ئەگەری شکانەوە بەرەو رووی سنەمکاریی هەمیشە هەڕەشەیەکە لەو بزوتنەوانەی کە بە خەیاڵی ئۆجەلان هەنگاودەنێن. ئەمە جگە لە خەتەریی تێنەگەیشتنی بزووتنەوەکان لە تێزەکانی ئۆجەلان. بەڵام ئەوەی جێگەی تێشکخستنەسەرە لەلایەکی ترەوە، دیسان دیموکراتیەتی رادیکاڵیی و راستەوخۆیە کە رۆژانە بزووتنەوەکان مەحکومدەکات بە رەخنە کردنی خۆیان و ئەنجامدانی خۆ گۆڕیین و خۆ نوێکردنەوە. نمونەی رۆژاڤای کوردستان و سیستەمی خۆڕێوەبەری دیموکراتی لەو پارچەیەی کوردستاندا یەکێکە لە نموونە بەرچاو گرنگ و زۆر کرێتیکاڵەکان کە وەک ئەزموونێکە بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی خەیاڵەکانی ئۆجەلان.

# شەڕی ئەهریمەن و ئاهورامەزدا، فریاد ڕەسی ئاشتی و پێکەوە ژیان سەردەکەوێت ؟!



کوردۆ شوانی

لە بەرگی پێنجەمی زنجیرە نوێی کتێبی پرسی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەیی- دیموکراتی بەڕێز ئۆجالان چەند یاداشتێکی سەرەنجڕاکێشی ژیانی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

ئەم پەرتووکەی دابەش کراوەتە سەر نۆ بەش و لە بەشێکی کتێبەکەدا سەبارەت بە منداڵیی خۆی، دەگێڕێتەوە: «لە سەردەمی منداڵیمدا لە هاتووچۆ و سەردانیکردنی خزم و دراوسێکاندا زۆر بزێو و سەرکەش بووم و جموجۆڵی منداڵیم زۆر بوو و ئەمەش سەرەنجی خەڵکی گوندەکانی ڕادەکێشا و لەمبارەوە ڕستەیەک لە بری من نەخشێندراوە کە کەسێکی بەساڵاچووی گوندەکە لە میوانییەک پێی وتم، ئایا تۆ جیوە لە جەستەت کراوە؟ هەروەک دەزانن جیوە مادەیەکی کانزایی زۆر بزێو و بەجوڵەیە، من بە ڕاست وەکو جیوە بزێو و پرجووڵە بووم، بەندکردنی جیوە لە دوورگەی ئیمراڵی، حوکمێکی زۆر قورس و ناقەت پڕووکێنە.

سەبارەت بە یەکەم نووسینیشی، دەڵێت: «ئەو کاتەی لە ئامادەیی بووم، وتارێکم نووسی کە لەو کاتەدا مامۆستای وێژە و ئەدەبیات نمرەی تەواوی بەو نووسینەم دا، نووسینەکەم بە سەردێری (تۆ بۆ من ئەو ڕۆڵەیت کە هەرگیز لە دایک نابێت)، پێموایە لە ناخمدا ئامانجم لەو نووسینە گێڕانەوەی دووبارەی ڕۆژانی سەختی منداڵیی خۆم بوو، بەڵام ئەوەش ناتوانێت نمایندەی هێزی من بێت بۆ بەرگەگرتن لە زیندانی ئیمراڵی.

لە بەردەوامی کتێبەکەیدا، ئۆجالان باسی درێژەپێدانی ژیانی خۆی دەکات پاش ئازاد بوونی لە زیندان و چۆنیەتی ژیان بەسەربردنی لەو کاتە و هەروەها شوێنی ژیانی، ئۆجالان نووسیویەتی: «ئەو پرسیارە کە هەمووجارێک لەبارەی ژیانی منەوە باس دەکرێت، ئەوەیە کە ئەگەر لە ئیمراڵی ئازاد بکرێم لە کوێ و بە چ شێوەیەک ژیان بە سەر دەبەم؟ دەبێ بڵێم کە من کەسایەتییەکی خەیاڵاوی نیم، شێوازی ژیانی من هەڵگری (ڕاستییەکی شۆڕشگێرانەیە) و ئەم شێوازەی ژیان بە تەواوەتی تێکەڵی گیان و کەسایەتی من بووە، بە چاوخشاندنێک لەسەر ژیانی من لە سەردەمی منداڵیم، لە شێوازی ژیانم پاش ئازادبوونم لە زیندان تێدەگەن.

**ئۆجالان لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت**

## • دەسپێکی ژیان و خەبات:

حەقدە ساڵ تێپەردەبێت بەسەر دەستگیرکردنی ڕێزدار عەبدوڵلا ئۆجالان ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستان، ئەو ڕێبەرەی لە ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی ئامارای سەر بەقەزای خەلفەتی سەر بەپارێزگای ئورفای - ڕەحا باکوری کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی جەبین و قۆناخی ئامادەیی لە قەزای نزیب تەواوکردووە، ئۆجالان لە ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی پیشەیی لە بواری رووپێویدا بە سەرکەوتویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە کۆلێژی مافی زانکۆی ئیستانبول وەردەگیرێت، هاوکات ساڵی ١٩٧٢ دەچێتە کۆلیژی زانستە سیاسییەکان.

ئۆجالان لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و لە ئەنقەرە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ریزی چەپی تورکیدا چالاکی سیاسی دەکات و بە هۆی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندان و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتن ساڵی ١٩٧٢ بۆ ماوەی ٧ مانگ زیندانی دەکرێت.

لە نیسانی ساڵی ١٩٧٣ دوای بێ هیوابوونی لە چەپی تورکی و بێهەڵوێستنیان بەرامبەر دۆزی کورد، یەکەم کۆمەڵەی نهێنی پێکدێنێ و بابەتی داگیرکردن و پارچەکردنی کوردستان دەکاتە تەوەری چالاکی سیاسی و گفتوگۆی نێو هاوڕێیانی، لە ساڵی ١٩٧٥ ئۆجالان بە یەکجاری لە چەپی تورکی جیادەبێتەوە و لەگەڵ هاوڕێکانی رووی چالاکییەکانیان لە باکوری کوردستان دەکەن و هەر ئەو ماوەیەش کۆمەڵە نهێنییەکەیان بە گرووپی ئاپۆچییەکان ناسرا، لە ٢٧-١١-١٩٧٨ پارتی کرێکارانی کوردستانی دامەزراند و دوای کودەتای سەربازی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠، بواری چالاکی سیاسییان ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکراو ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکانیان دەسگیرکران، بۆ درێژەپێدانی خەبات لەگەڵ چەند کەسێک لە هەڤاڵانی روو لە ڕۆژئاڤای کوردستان و سوریا دەکات، یەکەم شوێن کە ماوەی چل ڕۆژ لێیدەمێنێتەوە کۆبانێ بووە، دواتر لە ڕێگەی چەند دۆستێکەوە ئاشنایەتی لە گەڵ ڕێکخراوە فەلەستینیەکاندا دروستدەکات و لە ناوچەی بیقاعی نێوان سوریا و لوبنان دەمێنێتەوە و کەمپی پەروەردەی سیاسی و سەربازی دروستدەکات.

**دوورگەکە تا دواپین ڕۆژگاری عوسمانیەکان ئاوەدانی لێ بووە و لە سێ گوندی یۆنانی پێکهاتبوو**

- **پیلانگێڕی و ئیمرالی:**

ئیمرالی دوورگەیەکی بچووکە کەوتۆتە خوارووی دەریای مەڕمەڕە، بەرامبەر لێوارەکانی بورسا لە رۆئاوای تورکیا، ناوبانگی بە زیندانەکەی دەرکردووە کە لە بەرزترین شوێنی دوورگەکە بنیات نراوە و ٢١٧ مەتر بەرزترە لە ئاستی دەریا، مێژووی ئاوەدانی لەم دوورگەیە بۆ رۆژگاری رۆمەکان دەگەڕێتەوە سترابۆ و پلینی کە دوو ناسراوی ئەو سان، بەدوورگەی بەسبیکوس ناوی دەبەن، دواتر ناونراوە کالۆلیمنوس کە وشەیەکی یۆنانیە واتا گوندی قەراخ دەریا، لە ڕۆژگاری شەڕی ئیمپراتۆریی بیزانس و عوسمانییەکان دوورگەکە لەلایەن یەکەم ئەدمیرالی دەریاوانی عوسمانی بەناوی ئەمیر عەلی داگیرکراوە بۆ پاراستنی رێڕەوی دەریاوانی شاری بورسا کە ئەوسا پایتەختی عوسمانیەکان بوو بەر لە داگیرکردنی قوستەنتنیەی پایتەختی دەوڵەتی رۆم کە دواتر بە ئەستەمبوڵ ناسرا، شیمانە دەکرێت کە ناوی ئیمرالی لە ناوی ئەمیرعەلی وەرگیرابێت، دوورگەکە تا دواپین رۆژگاری عوسمانیەکان ئاوەدانی لێ بووە و لە سێ گوندی یۆنانی پێکهاتبوو بە بەرهەم هێنانی ترێی نایاب و ئاوریشم و ماسی دەناسرا، کیمۆن فرایار ئەکادیمیەکی ناسراوی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی یۆنانیە بۆ زمانی ئینگلیزی، دانیشتووی ئەم دوورگەیە بووەو کۆچی کردووە بۆ ئەمریکا، لە جەنگی ئەناتورک دژ بە یۆنانیەکان ١٩١٩-١٩٢٢ و پاش ڕێککەوتنی نێوان هەردوو لایەنی شەرکەڕ و ئالوگۆڕی دانیشتووان دوورگەکە لە یۆنانی چۆڵکراو دواتر لە ١٩٣٥ کرا بە بەندیخانەیەکی ترسناک.

ئەو کەسانەی لەو دوورگەیەدا زیندانیکراون پێکهاتون لە بیلی هایس، نووسەری ئەمریکایی و خاوەنی رۆمانی (شەمەندەفەری خێرای نیوەشەو، یەڵمازگونەی دەرهێنەرو سینەماکاری ناوداری کورد، رفعەت ئیلگاز، ئیبراهیم باڵەبان و ژمارەیەک رووناکبیر و هونەرمەند وەک بەندی لە زیندانی ئیمرالی ڕاگیراون.

هەروەها سێ کەسایەتی دەوڵەتی تورکیا لە کودەتای ساڵی ١٩٦١ لەم دوورگەیەدا زیندانی کراون و لە سێدارەدراون، ئەوانەش هەریەک لە عەدنان مەندەرس سەرۆک وەزیرانی تورکیا، فەتین روشدی زۆرلو وەزیری دەرەوەی تورکیا، حەسەن پۆلاتکان وەزیری دارایی.

دوای ئەوە کە ڕێبەر عەبدوڵڵا ئوجالان لە ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ لە نایرۆبی پایتەختی کینیا لە پیلانگێڕیەکی نێودەوڵەتیدا ڕفێندرا، زیندانی دوورگەی ئیمرالی سەر لە نوێ وەک زیندانێکی تاکەکەسی سازکرایەوەو ئوجالانیان تێدا زیندانی

کرد، دوورگەی ئیمرالی لە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەری ئاسایشی دوورگەدایە و لەلایەن ١٠٠٠ سەرباز، پاسەوان و گاردەوە چاوەدێری دەکرێ، دوورگەی ئیمرالی و هەتا ٥ میل بە دەوروبەرەکەیەوە هەم لە ڕێگای ئاو و هەم لە ئاسمانەوە وەک ناوچەی قەدەخە کراو ڕاگەیاندراوە، هیچ کەسێک چ مەدەنی و چ سەبازی بۆی نییە، نزیکی دوورگەی ئیمرالی بکەوێت.

لە گرتووخانەی ئیمرالی ٣ ژووری ١٣ مەتری چوارگۆشە هەیە، لە یەکەم ژووردا ڕێبەر ئۆجالان ڕاگیراوە، ژووری دووەم وەک ژووری دیدار تەرخان کراوە، کە لەوێدا ئوجالان و پارێزەران یەکتری دەبینین، ژووری سێیەم بۆ هەواگۆڕکێ تەرخان کراوە، هەموو دەوری ئیمرالی بە سیمی دڕکدار گیراوە، هەروەها بە بورجی پاسەوانی چاوەدێری دەکرێت، لەو ژوورەدا کە ئوجالان ٢٣ سەعاتی تێدا دەمێنێتەوە، کورسییەک، تەختەیێک و مێزێک دانراوە، هەروەها تەوالێتێشی تێدایە، بێجگە لەوە کتێبخانەیەکی تێدایە کە پاش ئەوەی وێنەی کتێبخانەکە لە چاپەمەنییەکاندا بڵاو کرایەوە، ئەویشیان لابردووە، ژوورەکەو دەوروبەری لە ڕێگای ٦٣ کامێراوە ٢٤ سەعات لە ژێر چاوەدێریدایە، بێجگە لەمە پاسەوانەکان لە کونی دەرگای ژوورەکەوە، تێو ژوورەکە کۆنترۆڵ دەکەن لە کاتی خەوتنیشدا رووناکایەکی شین لە ژوورەکە هەڵدەکەن، هەموو هاوین و زستان ئامێری ساردکەرەوەی ژوورەکە کار دەکا و هەر ئەمەش بووەتە هۆی کە تەندروستی ئوجالان خراپتر بێت، پەنجەرەی ژوورەکەی ئوجالان هەمیشە داخراوە پێوەندی ئوجالان بە دەرەوە تەنیا بە ڕێگای رادیۆیەکە کە تەنیا کاناڵێک وەردەگرێت، پارێزەرەکانی ئوجالان هەرحەفتەی جارێک کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤاریان بۆ دەبرد ئەو کاتانەی دیدارەکان ئاسنەنگ نەکرابو، ئەویش تەنیا ئەو ڕۆژنامانە کە لە تورکیا دەردەچن، دیارە لە دوای ئەوەی کە کۆنترۆڵ دەکران، بە ئوجالان دەدران.

- **ئۆجالان خەڵات کرا:**

لە دوانزەیەمین کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپا، خەڵاتی ئاشتی بەخشرایە ڕێبەر ئۆجالان و خەڵاتەکەش لەلایەن دیلەک ئۆجالان وەرگیرا، لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەدا نوێنەری نوسینگەی ئاشتی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند: ئۆجالان (١٧)ساڵە لە بارێکی سەختی زینداندایە و ناتوانێت لەگەڵ پارێزەر و کەسوکاری خۆی چاوپێکەوتن بکات و حکومەتی تورکیاش سیاسەتی گۆشەگیریی لەسەر ئۆجالان بەڕێوەدەبات.

د، ماریا گویسەپینا خەڵاتەکەی دایە دیلەک ئۆجالان پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە خوشکەزای عەبدوڵڵا ئۆجالانیشە، ناوبراو داواشی لە ڕێکخراوی پێشگیری لە ئەشکەنجەدراونی نێودەوڵەتی (سی پی تی) کرد هەڵوێستی کرداریی لەسەر دۆخی تەندروستی بکەن و یەکێتی ئەوروپاش هەوڵی خۆی بۆ ئازادکردنی ئۆجالان بخاتەگەڕ.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە چەندینجار ئۆجالان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خەڵاتی پێبەخشراوە وەک خەڵاتی شارەوانیی شاری پالێرمۆی ئیتاڵیا و خەڵاتی کۆمەڵەی خوێندکارانی زانکۆی زیجلاید لە سکوتلەندا و خەڵاتی ساڵانەی برایم ئەحمەد ناسراو بە خەڵاتی بلە لە سلێمانی.

**ئۆجەلان یەکێکە لەو سەد کەسایەتیەی کە کاریگەریان لەجیهان هەبووە**

هەروەها گۆڤاری تایم کە لە ئەمەریکا دەرئەچێ ٢٠١٣/٤/١٨ لەپێگەی ئەلیکترۆنی خۆیدا ناوی کاریگەرترین ١٠٠ کەسایەتی ساڵی ٢٠١٣ ی لەئاستی جیهان ئاشکراکرد کە ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان یەکێکە لەو سەد کەسایەتیەی کە کاریگەریان لەجیهان هەبووە، گۆڤاری ناوبراو لە پێگە ئەلکترۆنیەکەیدا باسی لە ڕۆڵی ئۆجالان کردووە لە ئاشتیدا و تیایدا هاتووە: لە سەرەتای دەستپێکی ڕێکەوتننامەکەی ئیرلەنداوە کە بە ڕێکەوتننامەی هەینی گەورە بەناوبانگە و ماوەی ١٥ ساڵ

ئێدەپەڕێت عەبدوڵڵا ئۆجالان ژیانی لە زینداندا بەسەردەبات سەرەڕای ئەمە، ئۆجالان بووەتە دەنگێک بۆ ئاشتی و بۆتە سەرکردەیەک کە دەستی برایەتی بۆ ئەوکەسانە درێژکردوە کە بەدرێژایی چەندین ساڵی ژیانی دژی جەنگاون.

**لە بواری مرۆیی و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیدا تا دێت بەرەو هەڵکشان دەچێت، بەڵام لە رووی ئاکاری ویژدانییەوە هەمیشە لە داتەپیندایە**

- **کەشتی و کارەسات:**

هەرچەندە خاکی دابەشکراوی کوردستان هەڵکەوتەی جوگرافیای بە جۆرێکە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هیچ لایەکەوە ناچێتەوە سەر دەریا، بەڵام گەلی کورد و خاکی کوردستان لە قوڵایی دیرۆکەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ یادەوەری و ئاشنابوونیان لە گەڵ کەشتی بە هەردوو دیوی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ هەبووە، لەم سەردەمەشدا لە باس و خواسی خەمی کەشتی دانەبڕاوە، ئەگەر خاکی کوردستان لە کات و ساتێکی مێژوودا پیرۆزترین سەرزەمینی ئەم هەسارەیە بوو بێت بۆ لە ئامێزگرتنی کەشتییەک کە ژیانی مرۆڤایەتی لە نەمان پاراست، ئێستا لەم ساتەوەختەدا تەواوی مرۆڤایەتی کە قەرزاری خاکی کوردستانن ناتوانن یاخود نایەنەوێت کەشتییەک بۆ کورد بەڕەوا ببینن، لە سەرچاوەی میتولۆژی و دەقە ئاینییەکان ئاماژە بەوە کراوە بونیادنانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی و پاراستنی لە کارەساتێکی سروشتی بە هۆی کەشتییەکەوە بووە.

دیارترین رووداو کە ئاماژەی پێکراوە زریان و لافاوێکی گەورەی گشتگیر بووە کە تەواوی جیهانی داپۆشیوە، بێگومان فریادڕەس و خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری لە پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤ پەیامبەر نوح و کەشتییەکەیەتی، کەشتییەکەی حەزرەتی نوح لە کاتێکدا بوو بە هۆکاری پاراستنی ڕیشەی مرۆڤایەتی و هەموو زیندەوەرانی سەرزەوی، وەک لە دەقی ئاینیدا ئاماژەی پێدراوە مرۆڤ لەو پەڕی خەراپەکاری و ئاوانکاریدا بووە، هەرچەندە پەیامبەر نوح بانگەوازی بۆ خەڵک کردووە و رێگەی ڕاستی بە مرۆڤەکان نیشانداوە، بەڵام وەک پێویست خەڵک بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە نەچووە بەپێچەوانەوە رۆژ لە دوای رۆژ مرۆڤ زیاتر کردەوەی نامرۆڤانەی ئەنجامداوە، بۆیە پەیامبەر نوح سروشی بۆ دێت و فەرمانی پێدەکرێت کەشتییەک دروست بکات بۆ ئەوەی لە سەرجەم زیندەوەران و لە مرۆڤ ڕەگەزی نێر و مێ لە کەشتییەکەیدا بپارێزێت لەو کارەساتەی خودا دەینێرێت بۆ سەر مرۆڤە خەراپەکارەکان، هەروەها لە دەقی ئاینیدا هاتووە کەشتی نوح لە پیرۆزترین خاکی سەرزەوی گیرساوەتەوە دوای ئەوەی زریانەکە کۆتایی هاتووە.

بێگومان ئەو خاکە پیرۆزەی ئاماژەی پێکراوە خاکی کوردستانە و چیای جودییە، چیای جودی دەکەوێتە باکوری کوردستان و نزیک شاری شەرناخ، هەندێ بۆچوون هەیە پێیان وایە ناوی شەرناخ لە «شارنوح»ەوە هاتووە واتا دوای ئەوەی کەشتییەکەی حەزرەتی نوح لەسەرچیای جودی گیرساوەتەوە سەرلەنوێ ژیان دەستی پێکردۆتەوە مرۆڤەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان دروستکردووە، ناوی شەرناخ کە شارێکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕی باکوری کوردستانەو ئێستا ڕژێمی فاشستی ئەکەپە دڕندانە کەوتۆتەوێرانکردنی، لە شاری نوحەوە هاتووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لە شارنوحەوە بووە بە شەرناخ، هەڵبەتە لە بەبیرهێنانەوەی ئەم کورتەباسەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو خاکی کوردستان ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە ڕەگەزی مرۆڤ و زیندەوەرانی لە نەمان پاراست، جودی و شەرناخ بوون بەلانکەی سەرلەنوێ گەشەکردنی مرۆڤایەتی، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جیهان گەیشتووە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە هەموو روویەکەوە، لە بواری مرۆیی و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیدا تا دێت بەرەو هەڵکشان دەچێت، بەڵام لە رووی ئاکاری ویژدانییەوە هەمیشە لە داتەپیندایە.

- **جیهان شەرمەزارە:**

جیهانی مرۆڤایەتی بەتایبەت ئەو هێزانەی فەرمانڕەوای خاوەن

دەسەڵاتی ڕەهان، زۆر بێ ئەمەک و بێ ویژدان و پێنەزانن لە هەمبەر ئەو خاکەی ئامێزی خۆی کردەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ، ئەو خاکە پیرۆزەی کەشتی ژیانی گرتە خۆی ئێستا جیهان بەهەموو پێشکەوتنەکانییەوە شەرمەزارە لە بەرامبەری، لەم ڕۆژگارەدا کە لاف و گەزافی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی سەدان دەزگای هەمەجۆر گوایە بۆ خزمەتی ستەملێکراوانە و دژی ستەمکارانە هەمیشە دەگوترێ و بانگەشەی بۆ دەکرێت، هاوکاتە لە گەڵ ئەو ستەم و داگیرکاری و دڕندایەتییەی کە لەسەر خاکە پیرۆزەکەی کەشتییەکەی نوح ئەنجام ئەدرێت، ئێستا جودی پیرۆز کە هێشتا ئاسەواری کەشتییەکەی پێوە ماوە لە پێش چاوی هەموو ئەو هێزانەی بانگەشەی بریقەداری درۆیینە دەکەن سەبارەت بە مافی مرۆڤ، بە تۆپ و تانک و چەکی کۆکوژ پاداشت ئەدرێتەوە، ئێستا نەتەوەیەک لە سەر ئەو خاکە نکوڵی لە بوونی دەکرێت و جینۆساید دەکرێت تەنها لەبەر ئەوەی دەیەوێت دیرۆک و فەرهەنگی خۆی بپارێزێت، ئەو دەسەڵاتە نکوڵیکارەش کە جودی زێدی ژیان دەکات بە گۆڕستان خۆی بە پێشڕەوی ئەو ئایینە دەزانێت کە چیای جودی بە پیرۆزترین شوێنی سەرزەوی پێناسەکردووە؟! لێرەوە دەمامکی ساختەکاری لە سەر ڕووی ڕەش و دزێوی سەرجەم ئەو کەس و وڵاتانە دادەماڵرێت کە بانگەشە درۆینەکانیان سەبارەت بە مرۆڤدۆستی و ئاین پەروەری دنیای تەنیوە، ئەگەر دەرفەتی ژیانێکی ئاسایی بۆ مرۆڤەکانی نیشتمانی کەشتی پاراستنی ژیان نەبێت، مرۆڤ بوونی تەواوی مرۆڤایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

- **کەشتیەکی تر:**

ئاشکرایە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دوای دابەشکردنی بەسەر چوار وڵاتی ستەمکاردا گەلی کورد بە ناچاری بۆ خۆپاراستن دەستی بۆ چەک بردووە و شۆڕش و سەرهەڵدانی لە پێناو ئازادیدا بەرپا کردووە، ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین لەم باسەدا تەنها بەشێکی گرنگی دوا شۆڕشی ئازادیخوازانی کوردە لە باکوری کوردستان، هەڵبەتە ئێستاش شۆڕشەکە لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە دایە، بەڵام ئەوەی بە گرنگی دەزانم مژاری کەشتییە، هەروەک چۆن کەشتییەکەی چیای جودی لە سانەوەختێکی مێژوییدا فریادڕەسی مرۆڤایەتی بوو، لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا لەسەر هەمان خاکی کوردستان کەسایەتییەک، مرۆڤێک شۆڕشێکی بەرپاکردووە بەرەو ڕووی ستەمکار و جەلادەکان ڕابووە سەرپێ و گەلێکی لە کەناری مەرگ هەستانەوە، زلهێزەکانی دنیا ئەوانەی بانگخوازی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤن دەستیان خستە ناودەستی جەلادی داگیرکەری جودی پیرۆز و لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا ڕێبەری ئازادیخوازەکانیان دەستگیر کرد و لە دوورگەیەکی دوور لە ئاوەدانی گۆشەگیرکراوە، عەبدوڵڵا ئۆجالان ئەو کەسەیە کە لە دوورگەی دەریایەکدا لە

**مرۆڤێک شۆڕشێکی بەرپاکردووە بەرەو ڕووی ستەمکار و جەلادەکان ڕابووە سەرپێ و گەلێکی لە کەناری مەرگ هەستانەوە**

هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤ بێبەشکراوە، لە وڵاتێکی گەورەدا کەشتییەک نەماوە شەپۆلەکانی دەریا ببڕێت و پەیامێکی ئاشتی لێوەربگرێت، زۆرجار گوێبیستی ئەو وتەیە بووینە کە دەڵێ:»وڵات وەکو کەشتییەک وایە پێویستە هەمولایەک پارێزگاری لێ بکەن بۆ ئەوەی لە نقومبوون بیپارێزین«، بەڵام وادیارە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە خەمی کەشتی وڵاتەکەیاندا نین لە پێناو ڕێگری لە کەشتی دوورگەکە بێباکانە هەڵسوکەوت دەکەن، پێویستە هەرچی زووتر ئەو ڕاستییە بزانن ئەو کاتەی کەشتی وڵات نقووم دەبێت و دواجار هەموو لایەک زەرەرمەند دەبێت، تورکەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن ئۆجالان لە باکوری کوردستاندا کلیلی چارەسەری سەرجەم کێشەکانە، ئەگەر وڵاتی تورکیا بە کەشتییەک پێناسە بکەین بێگومان باشترین کەشتی وان کە بتوانێت کەشتییەکە بەرەو کەناری ئارامی ببات تەنها ئۆجالانە، سەرانی تورکیا دەبێت دەرک بەو ڕاستییە بکەن

گرنگـی کەشـنیەکەی چیـای جـودی بـۆ مرۆڤایەتـی چـی بـوو گرنگـی کەشـنیەکەی دوورگـەی ئیمرالـی بـۆ تورکیـا لـەوە کەمتر نییـە، ئـەو گۆشـەگیریە بـێ مەودایـەی دەسـەڵاندارانی تورکیـا سـەپاندویانە بەسـەر ئۆجالانـدا ئەگـەر بـەردەوام بێـت کارەسـاتی گـەورە بـەدوای خۆیـدا دێنێـت، هـەر وەک ئێسـتا توندبوونـی شـەڕ و پێکدادانـەکان ئامـاژە بـە ڕووداوی ترسـناک دەکـەن ئەگەر ڕێگـە چـارەی ئاشـتییانە نەگیرێنـە بـەر کەشـتی وڵات تووشـی کارەسـاتی گـەورە دەبێـت.

## هەموو سەردانەکانی پارێزەران بە مەبەستی دیدار رەتکراونەوە

- **ئاشتی گۆشەگیر کراوە:**

بـە گوێـرەی ئەو ڕاپۆرتانـەی لـە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو کراوەتەوە لـە سـاڵی (١٩٩٩)ەوە بـەردەوام گۆشـەگیری دژوار بەسـەر ئۆجالانـدا سـەپێنراوە، لـە ڕاپۆرتەکانـدا بـەم شـێوەیە ئاماژە بـەو دیدارانـە کـراوە کـە ئۆجـالان لـە گـەڵ پارێزەرەکانیـدا ئەنجامـی داوە دوای ئـەوەی سـزای زیندانـی هەتاهەتایـی بـە سـەریدا سـەپێنرا و لـە زیندانـی تاکەکـەسـی دوورگـەی ئیمرالـی بەنـد کـرا « دیـداری ئاسـایی لـە هەفتـەی دوو جـارەوە کردیانـە هەفتـەی جارێـک، دوای سـزادانی ئۆجـالان دیـداری پارێزەرانـی ئۆجالان لـە (٢٥)ی شـوباتی (١٩٩٩)ەوە دەسـتی پێکـرد، لـە سـاڵەکانی سـەرەتادا هەفتـەی دووجـار پارێزەرانـی دیداریـان لـە گـەڵ ئۆجـالان ئەنجام دەدا و لە (١٢) مانگی یەکـی سـاڵی (٢٠٠٠)دا، دیدارەکانیـان لـە هەفتـەدا کـردە ڕۆژێـک، لە سـاڵی (١٩٩٩)دا، (٤٦) جـار پارێـزەران دیداریـان لـە گـەڵ ئۆجـالان ئەنجام داوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٠) دیـداری پارێـزەران لـە گـەڵ ئۆجالان (٣٢) جـار پێکهاتـووە، لـە سـاڵی (٢٠٠١)، (٣٣)جـار، لـە سـاڵی (٢٠٠٢)، (٤٦) جـار، لـە سـاڵی (٢٠٠٣) لـە ١٢ی مانگـی سێ و٢٧ی مانگـی یانـزە، دیدارەکان ئاسـتەنگ کـران و لـە (٢٥) سـەردان (١٣) سـەردان ڕەتکرانـەوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٤)دا، (٢٥) جـار سـەردان کـراوە و شـەش دیـداری هەفتانـە ڕەتکراونـەوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٥)دا (٤٦) جـار سـەردان کـراوە و (١٥) دیـدار ڕەتکراونەتـەوە، لـە سـاڵی (٢٠٠٦)دا لە (٥٩) سـەردان (٣٨) دیدار ڕەتکراونەتـەوە، لەساڵی (٢٠٠٧)دا (٥٥) جـار سـەردان کـراوە، (٢٥) جـار ڕەتکراونەتـەوە، لـە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٢١) دیـدار ئاسـتەنگ کـراون و بـە گشـتی (١٤٧) ڕۆژ دیـدارەکان قەدەخـە کـران، لـە سـاڵی (٢٠٠٩)دا (١١) دیـدار ڕەتکرانـەوە و بـە گشـتی (٧٧) ڕۆژ دیـدارەکان قەدەخـە کـران، لـە سـاڵی (٢٠١٠)دا لـە (٥٠) سـەردان، (١٧) دیـدار ڕەتکرانـەوە و (١١٩) ڕۆژ دیـدار لـە گـەڵ ئۆجـالان قەدەخـە کـراوە، لـە سـاڵی (٢٠١١)دا هەمـوو سـەردانەکانی پارێـزەران بـە مەبەسـتی دیـدار ڕەتکراونـەوە، دوایـن دیـداری پارێـزەران لـە (٢٧)تەمـوزی (٢٠١١)،ئەنجامـدراوە.

تـا ئێسـتا کـە کۆتایـی مانگـی شەشـە نزیکـی پێنـج سـاڵە بەبیانـوی ئـەوەی کەشـتی ئیمرالـی خەرابـبـووە دیدارەکانـی ئۆجـالان لـە گـەڵ پارێزەرانیـدا ئاسـتەنگ دەکرێـت و ڕێـی پێنادرێـت، بێگومـان ڕژێمـی تورکیـا لـەو مـاوە دوور و درێـژەدا کـە ڕێگری لـە چاوپێکەوتنـەکان کـردووە، بـەردەوام یـەک وەڵامـی بـۆ پارێـزەرەکان هەیـە ئـەوەش کەشـتی ئیمرالـی خـەراپ بـووە!! ئـەو وەڵامـە چەنـدە وەڵامێکـی دوور لـە ڕاسـتی و درۆیەکـی زەق و ئاشـکرایە، لـەوە زیاتـر شـەڕێکی دەروونییـە لـە گـەڵ گەلـی کـورد لـە باکـوری کوردسـتان، ئـەو کارەی حکومەتـی ئاکەپـە دەسـتی داوەتـێ دوورە لەهەمـوو ئاکارێکـی مرۆڤایەتـی، ڕۆژانـە ئۆپەراسیۆنی سـەربازی و سیاسـی و گرتـن و کوشـتنی ڕۆڵەکانـی گەلـی کـورد پەیامێکـی ئاشـکرایە بـۆ گەلـی کـورد کـە جگـە لـە خـۆ بەدەسـتەوەدان و نۆکەریکـردن هیـچ دەرفەتێکـی دیکـەی نەهێشـتۆتەوە، دەسـەڵاتێک تەنهـا زمانـی شـەڕ تێبـگات و دژی هەمـوو هەنگاوێکـی ئاشـتی بێـت، پێویسـتە تەنهـا بـە شـەڕ وەڵامـی بدرێتـەوە، ئـەو کەشـتییەی کـە زیاتـر لـە هـەزار و هەشـت سـەد ڕۆژە دەسـەڵاندارانی تورکیـا دەڵێـن خـەراپ بـووە لـە حەڤـدە سـاڵی ڕابـردوودا هەمیشـە پەیامـی ئاشـتی هێنـاوە، کەواتـا سـەرانی تـورک شـەڕ دەخـوازن نـەک ئاشـتی، کاتێـک دەڵێـن کەشـتی خـەراپ بـووە واتـا ئەقڵـی ئاشـتی دەسـەڵاندارانی ئـەو وڵاتـە خـەراپ بـووە، تاکـە ڕێگـە لـە بـەردەم گەلـی کـورد

مابێـت شـەڕکردنە لەگـەڵ ئـەو ئـاوەز و لۆژیکـەی نەنها شـەڕ دەزانێـت، ئەگـەر وڵاتێـک نەتوانێـت کەشـی دوورگەیـەک بـۆ ئاشـتی دابیـن بـکات، پێویسـتە شـەڕی ئـازادی کەشـنیە گەورەکەیـان نقـووم بـکات، ئەگـەر ژیانێ هەبێـت پێویسـتە بـۆ هەمـووان بێـت ئەگـەر کارەسـاتێ ڕوو بـدات بـا نەنهـا کـورد زەررمەندنەبێـت وەک ڕابـردوو، پێـش هەرکـەس شـەڕخوازەکان دەبـێ باجـی شـەڕانگیزی خۆیـان بـدەن.

- **دەسەڵاتداری تورکیا چی دەکات:**

هەرچەنـدە ئـەردۆگان کـە دەسـەڵانداری یەکەمـی نورکیایـە پێشـتر ئامـاژەی بـەوە کردبـوو ئەگـەر لـە سـاڵی ١٩٩٩ دا ئـەو خاوەنـی دەسـەڵانی نورکیا بوایە، سـزای لـە سێدارەدانی بەسـەر ئۆجالانـدا جێبەجـێ دەکـرد، سـەرۆک حکومەنەکەشـی کـە بنالی یەڵدرمـە و دەسـکەلای دەسـنی ئەردۆگانە ئاماژەی بـەوە کردووە کـە گفنوگـۆی ئاشـنی لـە گـەڵ پەکەکـە دەسـت پێناکەنـەوە، بـەڵام ڕۆژنامـەی حەیاتـی لەندەنـی بڵاویکـردەوە، کـە لەمـاوەی چەنـد مانگـی داهانـوودا عەبدوڵـڵا ئۆجالانـی ڕێبـەری پارتـی کرێکارانی کوردسـتان پەکەکـە لەزیندانـی ئاکـە کەسـییەوە دەگوێزرێنـەوەو لەماڵێکـی نیشـنەجێبووندا دەسنبەسـەردەکرێت، ڕۆژنامەکـە لـەزاری سـەرچاوەیەکی ئـاگادارەوە بڵاویکردووەنـەوە، کـە دەسـەڵاندارانی نورکیـا دەسـنیانکردووە بـە بەرفراوانکردنـی کەنـاری دوورگـەی ئیمرالـیو چەنـد خاڵێکـی پشـکنینو شـوێنی نیشنەجێبوونی نوێیـان ئێـدا دروسـنکردووە بـۆ ئـەوەی ئۆجالانـی بـۆ بگوێزنـەوە.

سـەرچاوەکە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە گواسـننەوەی ئۆجـالان لەزیندانـی ئاکەکەسـی بـۆ ئەوەیـە بەشـێوەیەکی بەرفراوانـتر ئەنقـەرە دەسـت بەگفنوگۆکانـی بکانـەوە لەگەڵیـدا، دوای ئـەوەی ئـەردۆگان ونـی مێـزی دانوسـاند و ئاشـنی بوونـی نیـەو دەسـنی کـرد بـە سیاسـەنی سـەرکونکردن و سـەرئەنجام شـەڕ لـە نێوانی گەریـلاکان و هێـزی سـەرکونکەری نورکیـا دەسـنی پێکـردەوەو پرۆسـەی ئاشـنی لـەو وڵانـە کۆنایـی پێهـات، هەرچەنـدە ڕۆژنامەکـە جەخنـی لـەوە کردووەنـەوە، کـە لەچەنـد مانگـی داهانوودا ئۆجـالان دەگوێزرێنـەوە بۆ شـوێنی دەسنبەسـەرکردنو گفنوگـۆ لەگـەڵ حکومەنـی نورکیـا دەسـت پێدەکانـەوە، بـەڵام پێشـتر سـەرەک وەزیرانـی نورکیـا ئـەوەی ڕەنکردبـووەوە، کـە هیـچ دانوسـنانێک لەگـەڵ پەکەکـەدا بکـەن.

**بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ٩ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار واژۆ لە فەرمانگەی دادنووسی پەسەند کراوە**

- **دەملیۆن کەس ئازادی ئۆجالانی دەوێت:**

بەمەبەسـتی ئازادکردنـی ڕێبـەر عەبدوڵـڵا ئۆجـالان ١٠ ملیـۆن واژۆ کۆکراوەنـەوە و هەمـوو واژۆکانیـش ڕادەسـنی پەرلەمانـی یەکێنـی ئەورووپـاش کـراوە، بـۆ ئـەو مەبەسـنە لـە کوردسـتان و لـە ئەوروپـا و چەنـد وڵانێکـی دیکـەی دنیادا لەلایـەن ژمارەیـەک کەمپینـەوە ١٠ ملیـۆن ئیمـزا بـۆ ئازادکردنـی عەبدوڵـڵا ئۆجـالان کۆکراوەنـەوە و داواشـیان لەپەرلەمانـی ئەوروپـا کـردوە کـە ئـەو واژۆیانـە بەهەنـد وەربگـرن و هەوڵەکانیـان بخەنـەکار بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕێبـەرەی گەلـی کـورد ئـازاد بکرێـت، بەگوێـرەی سـەرچاوەکانی هـەواڵ ٩ ملیـۆن و ٥٠٠ هەزار واژۆ لـە فەرمانگەی دادنووسـی پەسـەند کـراوە و لەسـاڵی ٢٠١٢ەشـەوە خەریکـی کۆکردنـەوەی ئـەو واژۆیانـەن، جگـە لـە خەڵکـی ئاسایی چەندیـن کەسـایەنی سیاسـی لەئەوروپـا ئیمزایـان بـۆ ئازادکردنـی ئۆجـالان کـردوە، بـەڵام ئاوەکـو ئێسـنا حکومەنـی نورکیـا لەسـەر ئـەو ١٠ ملیـۆن واژۆیـە هیـچ لێدوانێکـی نـەداوە، هەڵبەنـە ئـەو دە ملیۆن واژۆیـە لـە بارودۆخێکـی ئاسایی کۆنەکراوەنـەوە، ئاسـنەنگی زۆر بـۆ چالاکوانانـی کەمپینـەکان دروسـنکراوە، بێگومـان لـە دۆخێکـی ئـازاد دا ئـەو کەمینـە بەڕێـوە بچێـت زۆر لـەو ژمارەیـە زیاتـر ئـازادی ئۆجالانـی دەوێـت و بـە ڕێبـەری خـۆی پەسـەندی دەکات.

- **سی پی تی سەردانی دەکات:**

ڕێکخـراوی نەهێشـنی ئەشـکەنجەی ئەوروپـا ڕۆژانـی ٢٨ و ٢٩ی نیسـان، لـە ژێـر فشـاری چالاکـی مەدەنـی کـوردان سـەردانی زیندانـی ئیمرالییـان کـردوە لـە نورکیـاو چاویـان بـە عەبدوڵـڵا

ئۆجـالان کەوتـوە، لـە راگەیەندراوێکـدا، رێکخـراوی نەهێشـتنی ئەشـکەنجەی ئەوروپـا (CPT) ئاشـکرایکردوە کـە شـاندێکیان سـەردانی زینـدانی ئیمرالـی کـردوەو چـاوی بـە ڕێبـەر عەبدوڵڵا ئۆجالان کەوتووە، وەک لـە راگەیەندراوەکـەدا هاتـووە، ئامانجی سـەردانەکە، لێکۆڵینـەوە بـووە لـە دۆخـی ژیانـی زیندانیـان‌و چۆنێتـی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کەسـوکارەکانیان لـە زینـدانی ئیمرالـی، سـی پـی تـی سـەردانی وەزارەتـی دادی تورکیـای کـردوەو راپۆرتـی خـۆی لەبـارەی رەوشـی زیندانیانـی ئیمرالـی پێشکەشـی بەرپرسانی وەزارەتـی داد کردوە، شاندەکە ئامەژەیان بەوەکـردووە کـە ڕێـزدار ئۆجـالان داوای کـردووە حکومەتـی تورکیـا رێگـە بـە هاتنـی پارێـزەرو کەسـوکارەکەی بـدات بـۆ زیندانەکـەی، ئەمـە لەکاتێکدایـە لـە ٢٠١٥/٤/٧ وە حکومەتـی تورکیا رێگـەی بـە هیـچ کەسێـک لـە خانەوادەکەشـی نـەداوە سـەردانی ئیمرالـی بـکات.

- **ئەنجام:**

